وەرزنامەی
# ئێرانناسی
ژمارە (١) تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، ساڵی یەکەم

CFS
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
وەرزانە دەریدەکات

# کابینەی ئیبراهیم ڕەئیسی، گەڕانەوە بۆ حکومەتی یەکدەست




- هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و کابینەی نوێی حکومەتەکەی ئیبراهیم ڕەئیسی
- عێراقی ئایندە لە دیدی ئێرانەوە، چاوپێکەوتن لەتەک "د. رەزا واعیزی"
- شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران و پرۆسەی دەوڵەت-نەتەوە لە ڕوانگەی داریوشی ئاشوورییەوە
- لیبراڵیزمی سیاسی و لێکدانەوەی لیبراڵیستی لە ئایین: ڕووناکبیرانی ئایینی لە ئێران
- مەرجەعیەتی شیعە و کاریگەرییان لەسەر کایەی سیاسی
- نزیکبوونەوەی ئێرانییەکان لە تاڵیبان: تێگەیشتن و بەردەوامیی گۆڕانکارییەکان

# وەرزنامەی ئێرانناسی


Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (١) تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، ساڵی یەکەم

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی



سەرنوسەر: بارام مەجیدخان

بەڕێوەبەری نووسین:
هەورامان فەریق کەریم

بۆردی ڕاوێژکاران:

د. یوسف گۆران
د. ئومێد رفیق فتاح
د. عابد خالد رسول
د. هەردی مەهدی میکە

دیزاین: شێرکۆ خانزادی

هەڵەبڕ: باخان ئەحمەد



شوێن:
عێراق: هەرێمی کوردستان. سلێمانی
Address: Iraq, Kurdistan, Slemani
Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Email: info@centerfs.org

وەرزنامەی

# ئێرانناسی

گۆڤاری ئێرانناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی سراتیجی و ئایندەیی سەبارەت بە ئێران دەدات و سێ مانگ جارێک سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاوی دەکاتەوە. ئامانجی گرنگیدانە بە لێکۆڵینەوە ستراتیجی و سیاسییەکانی ئێران و کارلێکە هەرێمایەتی و جیهانییەکان و کاریگەرییان لەسەر هەرێمی کوردستان و ناوچەکە. مەودای کاری گۆڤاری ئێرانناسی بریتی دەبێت لە توێژینەوە لە سیاسەتی کورتمەودا و دوورمەودای ئێران و شرۆڤەی سیاسی و ستراتیجیی ئێران و ناوچەکە و توانای ئابووری، سەربازی، سیاسی و کولتووریی پەیوەست بە ئێران. مەرجە بابەتەکانی لەخۆگری دیدگای ئایندەی و ستراتیژی بن و سیناریۆکان و ئەگەرەکان بخەنە ڕوو، لە پێناو سیاسەتڕێژیکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران. هەوڵێکە لە پێناو هاوکاریکردنی پڕۆسەی سیاسەتڕێژی و سیاسەتی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران.



گۆڤاری ئێرانناسی، بۆچی؟
...07-06



کابینەی ئیبراهیم ڕەئیسی، گەڕانەوە بۆ حکومەتی یەکدەست
...25-10



لیبراڵیزمی سیاسی و لێکدانەوەی لیبراڵیستی لە ئایین: ڕووناکبیرانی ئایینی لە ئێران
...39-26



مەرجەعیەتی شیعە و کاریگەرییان لەسەر کایەی سیاسی
...53-40



شۆڕشی 1979ی ئێران و پرۆسەی دەوڵەت-نەتەوە لە ڕوانگەی داریوشی ئاشوورییەوە
...67-56



عێراقی ئایندە لە دیدی ئێرانەوە چاوپێکەوتن لەتەک "د. ڕەزا واعیزی"
...81-70



هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتو کابینەی نوێی حکومەتەکەی ئیبراهیم ڕەئیسی
...93-84



نزیکبوونەوەی ئێرانییەکان لە تاڵیبان: تێگەیشتن و بەردەوامیی گۆڕانکارییەکان
...101-96



ئێران و سعودیە، ململانێ لەسەر باڵادەستی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا
...113-102

سەروتار

# گۆڤاری ئێراننـاسی، بۆچی؟



**د. یوسف گۆران**

**سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی..................................

گۆڤاری ئێراننـاسی سێیەمین گۆڤاری تایبەتمەندی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەییمانە، کە لە بواری ئەکادیمیی جیاجیادا دەریدەکەین، بەڵام دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەت بە ئێران؛ دیارە بڕیارێکی هەڕەمەکی یان تەنانەت تەنها ئەکادیمی بۆ دیراسەکردنی دراوسێیەکی گرنگی هەرێم و عێراق نەبووە، بەڵکوو بەلامانەوە پێداویستییەکی نیشتمانییشە، بە هۆی ڕۆڵ و کاریگەری دیاری ئێران لەسەر ڕووداو و چارەنووسی ئێستا و ئایندەی ناوچەکە بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی.

دەرکردنی گۆڤاری تایبەتمەند (تخصصی) لە کولتووری لێکۆڵینەوە ستراتیجی و ئایندەییەکاندا دیاردەیەکی باوە و نوێ نییە، وڵاتان و دامەزراوە ئەکادیمی و لێکۆڵیارەکان لە سۆنگەی خوێندنەوە و دیدی تایبەتیان بۆ ئاسایش و بەرژەوەندیی نیشتمانیی خۆیان گرنگی بە وڵاتانی کاریگەر (چ هەرێمی و چ نێودەوڵەتی) و هاوسێکانیان دەدەن، بەم شێوەیە لێکۆڵینەوە و گۆڤاری تایبەت و تەنانەت دامەزراندنی سەنتەری لێکۆڵینەوەی تایبەتی بۆ تەرخان دەکەن.

شاراوە نییە ئێران، چ وەك دەوڵەت و چ وەك کایەیەکی جیۆپۆلەتیکی و کولتووری، بەردەوام کاریگەریی لەسەر دراوسێکانی، بەتایبەت کوردستان و عێراق هەبووە. هەزاران ساڵە و سەردەمێکی درێژخایەنە گەلانی دانیشتووی ڕۆژهەڵات و بەوانەی ئێستای ئێرانیشەوە کاریگەریی بەهێزیان لە ناوچەکەدا، بەتایبەت لە کوردستان و عێراقدا هەبووە و هەیە. لەم ماوە مێژووییە درێژەدا وەك نووسەری ئەمەریکی گراهام فولەر دەڵێت، ئێران وەك چۆن چینییەکان داینەمۆی سەرەکیی شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بوون، نەتەوەکانی ئێرانیش بە هەمان شێوە بۆ باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا، لە هەندێ وێستگەی مێژوویيدا هەمان ڕۆڵی هەبووە.

پێکهاتەی جیۆپۆلەتیکیی ئێران و دابەشبوونی قورسایی دانیشتووان و نەتەوەکانی ئێران بەلای ڕۆژئاوا و باشووری وڵاتەکەوە لە لایەك و بوونی بیابانی گەورە لە ناوەڕاست و ڕۆژهەڵات لە لایەکی ترەوە، هۆکاری سەرەکی بوون بۆ ڕووکردن و ئاڕاستەکردنی دەسەڵات و گەلانی ئێران بەرەو دراوسێیە ڕۆژئاواییەکانی، بەمەش کوردستان و عێراق هەر لە سەرەتاوە پشکی شێریان تێیدا هەبووە. بەم شێوەیە کولتوور و سیاسەت و ئایین و ئایینزا، ڕۆڵی سەرەکییان لە داڕشتنی مێژووی ناوچەکەماندا بینیوە.

هەر چەندە ئێستا بە بەراورد بە ڕۆژگارە کۆنەکان و ئەو دەوڵەتانەی کە لەو جوگرافیایەدا حوکمڕان بوون، ئێرانی ئێستا شارستانیەت و زلهێزێکی جیهانی نییە، بەڵام هێشتا وەك دەوڵەت و وەك کولتوور هەژموونی بەسەر زۆر لە وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکەدا هەیە و دەکرێت وەك هێزێکی کاریگەری ناوچەیی هەم پێناسە بکرێت و هەم ببێتە بابەتی لێکۆڵینەوە ستراتیژی و ئایندەییەکان.

نەتەوەی کورد، چ لە هەرێمی کوردستانی عێراق و زۆر نێوچەی دیکەی کوردستان، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لەژێر هەژموون و کاریگەریی ئەم دراوسێیەدا بووە، جگە لەوەی هەنووکە کورستانی ڕۆژهەڵات لەژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی ناوەندگەرای دەوڵەتی ئێراندایە، بەڵام ڕاستییەکەی لە سەردەمی دروستبوونی دەوڵەتی سەفەوییەوە ئەم جوگرافیا سیاسییە نوێیە کاریگەریی زۆری لەسەر ڕووداوە سیاسییەکان و دابەشبوونی کوردستان و چارەنووسی میرنشین و پاشان شۆڕشەکانی کورددا هەبووە.

لەگەڵ ئەوەی وەك ئاماژەمان پێ دا، بۆ نەتەوەی کورد بەگشتی، ئێران و نەتەوەی فارس کە لە هاوسێ کۆنەکانیەتی، مێژوی پەیوەندییەکانی هەوراز و نشێویی زۆری بەخۆوە بینیوە، بەڵام تا ئێستا لێکۆڵیارانی کورد وەك پێویست نەپەرژاونەتە سەر لێکۆڵینەوە و توێژینەواندنی سەرجەم بوارەکانی تایبەت بە ئێرانناسی.

گرنگە ئەم گۆڤارە هەوڵ بدات نەك تەنها گرنگی بە لایەنی سیاسیی توێژینەوەکان بدات کە ئێستا بەشی هەرە زۆری لێکۆڵینەوە کوردییەکانمان بۆ ئێران پێك دەهێنێت، بەڵکوو ئەرکی سەرەکیی ئەم گۆڤارە ناساندنی ئێرانە بەدەر لە سۆنگەی پەیوەندییەکانی بە جیهانی دەرەوە و بە کوردستان، بەڵکوو ناساندنی لە ئاستی نێوخۆیی و لە سەرجەم بوارە ئابووری و دامەزراوەیی و ڕۆشنبیری و کولتوورییەکاندا، دەستکەوت و کێشە نێوخۆییەکان، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئیتنی، تێڕوانین و خوێندنەوەی ناوخۆییان بۆ خود و بۆ "ئەوی تر" لە دیدی خۆیانەوە، دەستخستنە سەر ئەو هۆکارە نێوخۆییە هەمەچەشنانەی کە وای کردووە بەردەوام جووڵە و توانا و هێزی جیاواز لە هەناوی ئەم کۆمەڵگەیە بێتە دەرەوە و فۆرمی جیاواز بۆ تەعبیرکردن لەخۆ بگرێت.

لە لایەکی دیکەشەوە بۆ خوێنەر و لێکۆڵەر و تەنانەت سیاسەتمەداری کوردستانیش گرنگە بابەتیبانە بەئاگای ئەو بوار و لایەنانە بن کە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە و قەوارەی هەرێم جێ دەهێڵێت، واتە گرنگە بۆ ئێمەی کوردستانی لەسەر بنەمای ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆمان، زیاتر بایەخ بەو بوار و بابەتانە بدەین کە کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە و هەرێمی کوردستان لە سەرجەم بوارەکاندا هەیە، چونکە ئێرانناسی یان دیراسەکردنی "جیهانی ئێرانی" فراوانە و ڕەهەند و بەرژەوەندیی جیاجیا لەخۆ دەگرێت. بۆیە ئەگەر وریا نەبن، وەك ناوەند و لێکۆڵیاری ستراتیجی و ئایندەناسیی کوردی، دوور نییە تووشی ونبوون یان دوورکەوتنەوە لە ئامانجی بەرهەمدار ببین، بە واتایەکی تر: دروستکردنی هاوسەنگییەك لەنێوان دیراسەکردنی بابەتیبانەی کۆمەڵگە و کۆی ئێران لە سەرجەم بوارەکاندا و دەستنیشان و هەڵبژاردنی ئەو بوار و بابەتانەی کە کاریگەریی لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و نیشتمانیی هەرێمیمان ئەرکێکی قورس و ئاڵۆزە، بەڵام ئەستەم نییە و پێویستە هەڵسووڕاوان و هاوکارانی ئەم گۆڤارە هەوڵی پێویست بۆ بەدیهێنانی بدەن.

بەو هیوایەی ئەم گۆڤارە ببێتە ناوەندێکی کوردستانی بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم قەڵەمی ئەو کەسانەی کە گرنگی بە لێکۆڵینەوە یان بوارێکی تایبەت بە ئێرانناسی دەدەن و خەمی ئەوەیان لایە کە لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی نیشتمانی و هەرێمییەوە خوێندنەوە و دیدی کوردستانیانە گەڵاڵە بکەن و هاوکاریی ناوەند و بڕیاردەرە کولتووری و ئابووری و دامەزراوەیی و سیاسییەکانمان بن بۆ ناسینی باشتری ئەم بوارە و سەرەنجام بەهێزکردنی پەیوەندیی دوولانەیەی بەرهەمدار لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی نیشتمانیی هەردوو لاش بێتە کایەوە.

وەرزنامەی

# ئێڕانناسی

# توێژینەوەکان

# کابینەی ئیبراهیم ڕەئیسی، گەڕانەوە بۆ حکومەتی یەکدەست



توێژەر: ئەژی ئازاد ئەبوبەکر

**بەرایی**

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دەیەی چوارەمی خوێدا بە ئاڕاستەی هاوتەریبکردنی تەواوەتیی سەرجەم دامەزراوەکانی هاوشێوەی ساڵانی (٢٠٠٥-٢٠١٣) هەنگاو دەنێت و بە هاتنەسەردەسەڵاتی سەرۆککۆمارێکی ئوسوڵگەرای ڕاستڕەو، پڕۆژەی یەکدەستبوونی حکومەت کە بەر لە دوو ساڵ بە بردنەوەی ئوسوڵگەراکان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان دەستی پێ کردبوو و دواتر ئەنجوومەنی شار و لادێیەکان و ئەنجوومەنی شارەزایانی ڕابەریيان یەکلایی کردەوە، بەئەنجام گەیشت و قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسیی ئێران هاتووەتە کایەوە. ئیبراهیم ڕەئیسی لە کاتێکدا دەسەڵاتی گرتووەتە دەست کە ئێران بە سەختترین و قەیراناویترین قۆناغی مێژوویی خۆی لەپاش



شۆڕشی ١٩٧٩ هەنگاو دەنێت و دۆخی داتەپیوی ئابووری، ئاستی نزمیی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و کێشمەکێش لەگەڵ وڵاتانی هەرێمی، دۆسێی وزەی ناوەکی و چارەنووسی ڕێککەوتننامەی پەیوەست بەم پرسە، قەیرانی پەتای کۆرۆنا و هاوکات ناڕەزایەتیی گشتیی چینوتوێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران، گرنگترینی ئەو بابەتانەن کە کابینەی نوێ ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ناساندنی پێکهاتە گرنگەکانی کابینەی ڕەئیسی و پشکی لایەنە جیاوازەکانی حکومەت لەم کابینەیەدا.

### گوتاری ڕەئیسی، عەدالەتخوازی و ئەولەویەتی دراوسێ هەرێمییەکان

گوتاری ئیبراهیم ڕەئیسی بۆ هەڵبژاردنی ٢٠٢١، درێژەدەری هەمان گوتاری بانگەشەکانی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری ٢٠١٧ بوو بە جەختکردنەوەی زیاتر لە "بەگژداچوونەوەی گەندەڵی" و هێنانەکایەی "عەدالەتی کۆمەڵایەتی". ڕەئیسی لە بەیاننامەی هاتنەناو ڕکابەری هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار بە درووشمی "دەوڵەتی خەڵك بۆ ئێرانێکی بەهێز"؛ جەختی لەسەر دژایەتی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، گرنگیدان بە چینی هەژاران و توێژە خوارەکانی کۆمەڵگە، دیپلۆماسیی هۆشمەندانە لەبریی چاوەتێبڕین بە چارەسەری دەرەکی، ئازادیی ڕادەربڕین و قەڵەم و مافی هاونیشتمانیان و عەدالەت لە کۆمەڵگە، شەفافییەت لە کارکردن، دابینکردنی هەلی کار کردەوە[١].

ڕەئیسی بە دووپاتکردنەوەی گوتارەکانی عەدالەتخوازی و پشتیوانی لە مافخوراوان و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، ڕەخنەی لە سیاسەتەکانی کابینەی حەسەن ڕۆحانی گرت و هۆکارەکانی دۆخی خراپیی ئابووری و دابەشبوونی هەژاری، زیاتر لە هەموو شتێك بۆ ناعەدالەتی لە دامودەزگاکانی حکومەت و دابەشبوونی ناعادیلانەی سەروەت گەڕاندەوە، بە جۆرێك کە جیاوازییەکی زۆر لە ئاستی مووچە و ئیمتیازاتی بەشێك لە بەرپرسان و پۆستە حکومییەکان بە بەراورد بە کارمەندانی تری حکومەت دەبینرێت[٢].
ئیبراهیم ڕەئیسی نەخشەڕێگەی خۆی بۆ گۆڕینی دۆخی ئێران لە سێ تەوەری سەرەکیدا کۆ کردەوە؛ تەوەری یەکەم: چاکسازی لە دەوڵەت، ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، ناکارامەیی و جیاکاری. تەوەری دووەم: پشتگیریکردنی خێزان و توێژە هەژار و مافخوراوەکان. تەوەری سێیەم: پشتیوانی لە کار و بەرهەمهێنان و هەروەها پێدانی کۆمەڵێك بەڵێنی وەك دابینکردنی چوار ملیۆن هەلی کار لە ماوەی چوار ساڵدا[٣].

سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە، ڕەئیسی لە وتاری ڕۆژی سوێندخواردنی وەك سەرۆککۆماری نوێی ئێران و بەرامبەر بە میوانە دەرەکییەکان، بۆ یەکەم جار ڕاشکاوانە تێڕوانینی خۆی خستە ڕوو. سەبارەت بە قەیرانە هەرێمییەکان، ڕەئیسی هاوشێوەی

گوتاری زاڵی ئوسوڵگەراکان ڕایگەیاند کە کێشەکان پێویستە لە ڕێگەی گفتوگۆکانی "نێو هەرێمی" چارەسەر بکرێت و بۆ ئەم مەبەستە ئامادەیە "دەستی برایەتی" بۆ لای هەموو وڵاتانی ناوچەکە و بەتایبەتی "دراوسێکان" درێژ بکات. ڕەئیسی بە جەختکردنەوەی بەردەوام بە گرنگیی وڵاتانی هەرێمی و دراوسێکانی ئێران، ئەولەویەتی سیاسەتی دەرەکیی خۆی بۆ "پەرەپێدان بە پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ" گەڕاندەوە کە پێویستە برەو بە لایەنە هاوبەشەکانی نێوانیان وەك ئابووری، کولتوور، زانست و وەرزش بدرێت[٤].

سەبارەت بە گرنگترین پرسی دەرەکیی ئێران کە چارەنووسی ڕێککەوتننامەی وزەی ناوەکییە (کە لە ئێران بە "بەرجام" ناسراوە)[٥]، ڕەئیسی لە دیبەیتێکدا ڕایگەیاند کە ئەو بە شێوەیەکی "ڕاشکاوانە" لە چوارچێوەی ئەو نۆ خاڵەی[٦] کە ڕابەری ئێران وەك مەرج دیاریی کردووە، لە بەرجام دەڕوانێت و وەك گرێبەستێك پێوەی "پابەندە"، بەڵام ئەوەشی وت کە کابینەی ڕۆحانی ناتوانێت ئەم گرێبەستە جێبەجێ بکات، چونکە جێبەجێکردنی پێویستی بە "دەوڵەتێکی بەهێز" هەیە و "بەهێزیی دەرەکی درێژەکراوەی بەهێزیی ناوخۆییە". ڕەئیسی سەبارەت بە سزاکانی سەر ئێران، ئاماژەی بەوە دا کە سیاسەتی فشار و سزا نابێتە هۆی پاشگەزبوونی گەلی ئێران لە بەدواداچوونی مافە یاساییەکانی خۆیان و پێویستە سزاکانی سەر ئێران هەڵبوەشێتەوە و "هەر پرۆژەیەکی دیپلۆماتیك کە ئەم ئامانجە بهێنێتە دی، لەلایەن ئێمەوە پشتگیری دەکرێت"[٧].

## پشکی سوپا، ئاسایشی ناوخۆ و سیاسەتی دەرەوە

وەزارەتی ناوخۆ بە یەکێك لە هەستیارترین وەزارەتەکانی کابینە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران دادەنرێت، دابینکردن و پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی وڵات وەك ئەرکێکی سەرەکیی وەزیری ناوخۆ دیاری کراوە کە بۆ ئەم مەبەستە پێویستی بە دروستکردنی هەماهەنگی لەنێوان دەزگاکانی هەواڵگری، سەربازی و پۆلیس هەیە. سەروبەرکردنی هێزەکانی سەر بە پۆلیس، چاودێریکردنی ئیدارەی ناوچەکان لە ڕێگەی پارێزگار، قایمقام و شارەوانییەکان، هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجوومەنی شار و لادێ و پارێزگاکان، بەڕێوەبردنی سیستمی دابەشکاریی ئیداری (تقسیمات کشوری)، چاودێری و سیاسەتڕێژی بۆ کەرتی کۆچبەران و دانیشتووانی بیانی، بەڕێوەبردنی وڵات لە کاتی قەیرانە سروشتییەکان، بەرنامەڕێژی و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان و...؛ بەشێکی دەسەڵات و بەرپرسیارێتییەکانی وەزارەتی ناوخۆ پێك دەهێنن[٨]. بوونی تۆڕێکی وەها گەورە لە پەیوەندییەکانی نێوان دامودەزگاکانی دەوڵەت لە چوارچێوەی وەزارەتی ناوخۆ، بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەم پۆستە بەردەوام لە پێکهێنانی

کابینەکاندا چاوی لایەنەکانی خاوەن پشکی لەسەر بێت، بۆ نموونە لە دوو کابینەی حەسەن ڕۆحانی، وەزارەتی ناوخۆ و وەزیرەکەی، ڕەحمان فەزڵی، پشکی سەرەکیی عەلی لاریجانی (سەرۆکی پێشووی پەرلەمان) بوو، بەو پێیەی کە یەکێك لە پشتیوانە بەهێزەکانی کابینەی ڕۆحانی بوو. لە ئێستادا گرنگیی ئەم پۆستە بۆ دۆخی هەستیاری هەنووکەیی ئێران دەگەڕێتەوە، کە بە هۆی زیادبوونی نارەزایەتییەکانی خەڵك لە ئاستی حوکمڕانی و بەڕێوەچوونی چەندین خۆپیشاندانی نارەزایەتی لە چوار ساڵی ڕابردوودا، پێدەچێت سوپای پاسداران و ڕەئیسی گەیاندبێتە ئەو بڕوایەی کە ئەم جارەیان سوود لە کەسایەتییەکی سەربازی-ئەمنی بۆ ئەم پۆستە وەربگرن.

ئەحمەد وەحیدی؛ وەزیری ناوخۆ، ساڵی ١٩٥٨ لە شیراز لەدایك بووە و هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری بەڕێوەبردنی ستراتیژی و بە یەکەمین فەرماندەی هێزەکانی قودس دادەنرێت لەنێوان ساڵانی (١٩٩٠-١٩٩٧). لە کابینەی یەکەمی ئەحمەدی نەژاد، جێگری وەزیری بەرگری و لە کابینەی دووەمدا وەزیری بەرگری بووە. وەحیدی لە ئێستادا ئەندامی ئەنجوومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕژێمە و سەرۆکی زانکۆی باڵای بەرگریی نیشتمانییە (دانشگاه عالی دفاع ملی)[9]. سەبارەت بە وەحیدی، گرنگترین بابەت لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە؛ تۆمەتباربوونیەتی بە بەشداری لە نانەوەی بۆمب و تەقینەوەی ساڵی ١٩٩٤ لە ناوەندی یەهوودییەکانی بوێنس ئایرس (Buenos Aires) لە وڵاتی ئەرژەنتین کە بووە هۆی گیانلەدەستدانی (٨٥) کەس[10]. دادگای تایبەت بەم ڕووداوە وەحیدییان بە ڕۆڵبینینی سەرەکی لە تەقینەوەکەوە تاوانبار کرد و ساڵی ٢٠٠٩ پۆلیسی نێودەوڵەتی (Interpol) ئاگادارکردنەوەیان (Red Notice) بۆ وەحیدی و پێنج گومانلێکراوی تر دەرکرد، بەو مانایەی کە لەلایەن دادگایەکی نیشتمانییەوە (لێرەدا مەبەست وڵاتی ئەرژەنتینە) داوا کراوە[11]. ئەمە لە کاتێکدایە بە درێژایی ساڵانی دوای تەقینەوەکە، دەوڵەتی ئێران هەر جۆرە پەیوەندییەکی ئێران و وەحیدیی بە ڕووداوەکە بەدرۆ خستووەتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا هەڵبژاردنی ئەحمەد وەحیدی کاردانەوەی توندی دەوڵەتەکانی ئەرژەنتین و ئیسرائیلی لێ کەوتەوە. وەزارەتی دەرەوەی ئەرژەنتین لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە هەڵبژاردنی وەحیدی بۆ وەرگرتنی پۆست لە دەوڵەتی ئێران، سووکایەتیکردنە بە دەزگای دادوەریی ئەرژەنتین و قوربانییانی هێرش بۆ سەر ناوەندی یەهوودییانی بوێنس ئایرس. وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل لە بەیاننامەیەکی توندا سەرکۆنەی دانانی وەحیدییان کرد و ئەم هەنگاوەیان بە "شەرمەزارانە" ناو بردووە و داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد کە سەرکۆنەی وەحیدی وەك "تاوانبار" بکەن[12].

حوسێن ئەمیر عەبدوڵاهیان؛ وەزیری

دەرەوەی ئێران، خاوەن ئەزموونێکی درێژ لە وەرگرتنی پۆست و بەرپرسیارێتییە دیپلۆماسییەکانە، بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٩٧ بۆ ماوەی چوار ساڵ وەك یاریدەدەری باڵوێزی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەغداد دەستبەکار بووە. یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتیی کەنداو (خلیج فارس)، یاریدەدەری نوێنەری تایبەتیی وەزارەتی دەرەوە بۆ کاروباری عێراق، سەرۆکایەتیی لیژنەی تایبەتیی وەزارەتی دەرەوە بۆ عێراق، باڵوێزی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەحرەین، یاریدەدەری کاروباری وڵاتانی عەرەبی و ئەفەریقایی وەزارەتی دەرەوە، ڕاوێژکاری وەزارەتی دەرەوە (محەمەد جەواد زەریف) و هەروەها یاریدەدەری تایبەتیی سەرۆکی پەرلەمان و بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری نێودەوڵەتیی پەرلەمانی ئێران (٢٠١٦-٢٠٢١)[١٣] بووە. بەهاری ١٣٩٥، محەمەد جەواد زەریف، عەبدوڵاهیانی لە پۆستی یاریدەدەری عەرەبی و ئەفەریقایی وەزارەتی دەرەوە دوور خستەوە و هەر چەندە وەك ڕاوێژکاری خۆی دەستنیشانی کرد، بەڵام ئەم هەنگاوە نارەزایەتیی لایەنەکانی ئوسوڵگەرای لێ کەوتەوە[١٤]. عەبدوڵاهیان بە کەسایەتییەکی نزیك لە سوپای قودس ناسراوە[١٥] و بەپێی وتەکانی خۆی نزیکایەتیی زۆری لەگەڵ قاسم سولەیمانی هەبووە[١٦].

ئەولەویەتی سیاسەتی دەرەکیی ڕەئیسی بەو شێوەیەی کە لە وتاری پەرلەمان دەرکەوت، باشکردنی پەیوەندییەکانە لەگەڵ وڵاتانی هەرێمی و سووڕانەوەی دیپلۆماسیەتە بۆ ڕۆژهەڵات لەبری ڕۆژئاوا. هەڵبژاردنی عەبدوڵاهیان بە هۆی ئەزموونی کارکردن و ئاشنایەتیی لەگەڵ وڵاتانی هەرێمی و نزیکیی لە سوپای قودس دەچێتە ئەم چوارچێوەیەوە، بەتایبەتی کە لە سەردەمی ئەحمەدی نەژادەوە سیاسەتی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی لەلایەن سوپای قودسەوە ئاڕاستە دەکرێت. عەبدوڵاهیان دەچێتە بازنەی ئەو دیپلۆماتکارانەی کە بڕوایان بە دانوستانی ڕەها لەگەڵ ڕۆژئاوا و ئەمەریکا و تێڕوانین بەرەو ڕۆژئاوا نییە و شکستی ڕێککەوتننامەی وزەی ناوەکیی (٢٠١٥) بە بەڵگەی شکستی ئەم تێڕوانینە دەهێننەوە و لە بەرامبەردا بڕوایان بە بەردەوامیی پاڵپشتی و یارمەتیدانی بەرەی خۆڕاگری (محور مقاومت) هەیە بۆ دابینکردن و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئێران لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی کە لە بەیاننامەی هەنگاوی دووەمی ڕابەری ئێران بە بۆنەی چلەمین ساڵی شۆڕش (انقلاب اسلامی) جەخت لە گرنگیی بەرەی خۆڕاگری بەرامبەر بە نەیارانی ئێران کراوە[١٧].

لەگەڵ ئەمەشدا پشکی سوپا بەم دوو پۆستە گرنگەوە نەوەستاوە و بەشێکی بەرچاوی وەزیرانی کابینە پێشینەی بەشداریکردنیان لە سوپای پاسداران هەیە. ڕۆستەم قاسمی؛ وەزیری ڕێگاوبان و شارسازی، محەمەد عەلی زوڵفی گوڵ؛ وەزیری خوێندنی باڵا، ئیسماعیل

خەتیب؛ وەزیری ئیتلاعات، محەمەد ڕەزا قەرایی ئاشتیانی؛ وەزیری بەرگری، بەهرام عەینولاهی؛ وەزیری تەندروستی و عیزەتولا زەرغامی؛ وەزیری میراتی کولتووری؛ یان لە ئێستادا ئەندامی سوپای پاسدارانن یان پێشتر کاریان بۆ ئەم دامەزراوەیە کردووە[18]. لەنێو ئەم ناوانەدا ڕۆستەم قاسمی و زەرغامی؛ ناوبانگ و پێشینەی کارکردنی زۆرتریان لە ڕیزەکانی سوپای پاسداران هەیە، قاسمی لە ساڵی (١٩٨٠)ەوە چووەتە ڕیزی سوپای پاسداران و لەپاش کۆتاییهاتنی جەنگی ئێران و عێراق دەچێتە قەرارگای خاتەم (خاتم الانبیاء) و ساڵی ٢٠٠٧ دەبێتە فەرماندەی ئەم دامەزراوە ئابوورییەی سەر بە سوپا و دواتر لە دوو ساڵی کۆتایی کابینەی دووەمی ئەحمەدی نەژاد وەزارەتی نەوتی گرتە دەست[19]. زەرغامی ساڵی ١٩٨١ بووە ئەندامی سوپای پاسداران و لە ڕادیۆی تایبەت بەم دامەزراوەیە دامەزراوە و دواتر چووەتە بەشی تەکنەلۆجیای مووشەك و تەنانەت لەم بوارەدا گەیشتووەتە پلەی سەردار. زیاتر لەم پێشینەیە، ناوبانگی زەرغامی بۆ وەرگرتنی سەرۆکایەتیی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی ئێران بۆ ماوەی ١٠ ساڵ (٢٠٠٤-٢٠١٤) دەگەڕێتەوە[20].

## یاریدەدەری یەکەم: متمانەپێکراوی ڕابەر

لە دەستووری بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە مادەی (١٢٤)دا باس لە ئەرك و دەسەڵاتەکانی یاریدەدەری یەکەمی سەرۆككۆمار کراوە و تێیدا هاتووە کە یاریدەدەری یەکەم دەتوانێت بە ڕەزامەندیی سەرۆككۆمار دانیشتنی ئەنجوومەنی وەزیران بەڕێوە ببات و هەروەها هەماهەنگی لەنێوان یاریدەرێتییەکان (معاونت) دروست بکات[21]. هەروەها بەپێی مادەی (١٣١)، ئەگەر بە هۆی ئەو هۆکارانەی کە لەم مادەیەدا باسی لێوە کرا؛ کابینە لە سەرۆككۆمار بێبەش بوو، ئەوا یاریدەدەری یەکەم بە ڕەزامەندیی ڕابەری ئێران دەسەڵاتەکانی سەرۆككۆماری پێ دەدرێت تا ئەو کاتەی سەرۆككۆماری نوێ هەڵدەبژێردرێت[22]. یاریدەدەری یەکەم لەلایەن سەرۆككۆمارەوە و بەبێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت و تەنیا لەبەرامبەر ئەودا بەرپرسیارە.

لەگەڵ ئەمەشدا یاریدەدەری یەکەم لە کابینەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو پۆستانەیە کە سنووری دەسەڵات و توانای بڕیاردانان و سیاسەتڕێژییەکەی؛ زیاتر لە هەموو شتێك پەیوەندیی بە کەسایەتی و پێگەی سیاسیی ئەو کەسەوە هەیە کە پۆستەکە وەردەگرێت و هەروەها ئاستی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەرۆككۆمار و ئەو دەسەڵاتانەی کە سەرۆككۆمار پێی دەبەخشێت. بۆیە پۆستێکە کە دەشێت دوو پێگەی تایبەتی هەبێت؛ یان بەتەواوی لەژێر ڕکێفی سەرۆككۆمارە و تەنیا ڕۆڵی جێبەجێکاری بڕیار و فەرمانەکان دەبینێت، یان بە هۆی کۆمەڵێك دەسەڵاتەوە، لە دانان و پێشنیارکردنی سیاسەتە

گشتییەکانی کابینە و بەتایبەتی لایەنی ئابووری، ڕۆڵی بەرچاو دەبینێت. کابینەکانی حەسەن ڕۆحانی بەڕوونی هەردوو پێگەی یاریدەدەری یەکەمی پێوە دیار بوو؛ لە کابینەی یەکەمدا، ئیسحاق جەهانگیری وەك یاریدەدەری یەکەم، ڕۆڵێکی ئاشکرای لە سیاسەتە ئابوورییەکانی وڵات و بەتایبەت سیاسەتی دراو گێڕا، بەڵام لە کابینەی دووەمدا ئەم ڕۆڵە بە ڕادەیەك کەم بوویەوە کە جەهانگیری بەئاشکرا ناڕەزایەتی خۆی لە سنووردارکردنی دەسەڵاتەکانی و دەستتێوەردانی کەسانی تر لە سنووری ئەرکەکانی دەربڕی. سەرەڕای ئەمانە، ئەم پۆستە بایەخی تایبەت بە خۆی لەدەست نەداوە و مشتومڕێکی زۆر لەنێو لایەنەکانی ئوسوڵگەرا سەبارەت بە کاندیدی ئەم پۆستە هاتە ئاراوە کە دواجار محەمەد مۆخبێر بۆ ئەم پۆستە دەستنیشان کرا.

محەمەد مۆخبێر ساڵی ١٩٦٤ لە شاری دێزفوڵی سەر بە پارێزگای خوزستان لەدایك بووە و خاوەنی بڕوانامەی یاسای نێودەوڵەتییە. بەپێی بەشێك لە سەرچاوەکان، مۆخبێر ئەزموونی کارکردنی لەگەڵ سوپای پاسدارانی هەبووە و لە ماوەی جەنگی ئێران و عێراق بەرپرسی کەرتی تەندروستیی سوپای پاسدارانی شاری دێزفول بووە[٢٣]. بەڕێوەبەری گشتیی گواستنەوە و گەیاندنی (مخابرات) خوزستان، یاریدەدەری پارێزگاری خوزستان و یاریدەدەری "بنیاد مستضعفان" لە کارنامەیدا دەبینرێت.

هەروەها لە هاوینی (٢٠٢٠)ەوە، مۆخبێر وەك ئەندامی ئەنجوومەنی ستراتیژیی مەوقوفاتی ئاستانی قودسی ڕەزەوی (مەزارگەی ئیمام ڕەزا لە مەشهەد)، ڕاوێژکاری زانستی و کولتووریی سەرپەرشتیاری ئاستان و ئەندامی ئەنجوومەنی زانستی و کولتووریی ئاستان و هەروەها سەرۆکی ئەنجوومەنی ئومەنای بونیادی بەهرەوەی موقوفات، دیاری کرا[٢٤]. دەرکەوتنی ناوی مۆخبێر لە میدیاکانی ناوخۆی ئێران بۆ پاش بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا دەگەڕێتەوە، کاتێك لە پاییزی ٢٠٢٠ هەواڵی دروستکردنی ڤاکسینێکی ناوخۆیی بە ناوی "بەرەکەت"ی ڕاگەیاند و دواتر بەڵێنی دا کە لە ئایندەیەکی نزیکدا لە ئاستێکی فراوان بەرهەم بهێنرێت و بە چەند قۆناغێك ڤاکسینکردنی گشتیی ئەنجام بدرێت، هەر چەندە کە ئەم بەڵێنە تاوەکوو ئێستا جێبەجێ نەکراوە[٢٥].

دیارترین بەرپرسیارێتیی مۆخبێر بۆ سەرۆکایەتیی کۆمیتەی جێبەجێکاری فەرمانی ئیمام (ستاد اجرایی فرمان امام)، بۆ ساڵی ٢٠٠٧ دەگەڕێتەوە کە بە فەرمانی ڕاستەوخۆی ڕابەری ئێران پێی سپێردرا[٢٦]. کۆمیتەی فەرمانی ئیمام، دامەزراوەیەکی گەورەی ئابوورییە کە لەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی ڕابەری ئێرانە و بە یەکێك لە دەسەڵاتە بەهێزە ئابووری-سیاسییەکانی ئایەتوڵا خامنەیی دادەنرێت. کۆمیتەی ئیمام بە فەرمانی ئایەتوڵا خومەینی لە ساڵی ١٩٨٩ بۆ چارەسەرکردنی ئەو زەوی و

مۆڵك و سامانانەی كە لەلایەن حكومەتەوە دەستی بەسەردا گیرابوو و خاوەنەكانیان دیار نەبوو، یان بەبێ خاوەن مابوونەوە، یان سەر بە كەسانی ڕژێمی پێشوو (پەهلەوی) بوون و بە ڕێگەی ناشەرعی (لە دیدی حكومەتی نوێی ئیسلامی) بەدەست هاتبوون، دامەزرا و بڕیار بوو كە داهاتی بەدەستهاتوو لە كاروباری خێرخوازی و یارمەتیی هەژاران خەرج بكرێت، بنەمای ئەم فەرمانەش بۆ مادەی (٤٩)ی دەستووری بنەڕەتیی كۆماری ئیسلامی دەگەڕایەوە[٢٧]. لەگەڵ ئەمەشدا لە ساڵانی دواتردا دەسەڵات و پانتایی چالاكییە ئابوورییەكانی كۆمیتەی ئیمام بەردەوام لە زیادبووندا بوو و لە چەندین پرۆژەی ئاوەدانكردنەوە، پیشەسازی، نەوت، پزیشكی و...؛ وەبەرهێنانی ئەنجام دا. كۆمیتە لە ئێستادا خاوەنی چەندین كۆمپانیا، دامەزراوە و بانكی جۆراوجۆرە و لە بەدەستهێنانی پشكی پرۆژە گەورەكاندا بەشداریی كردووە، بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٩ كۆمیتە بووە براوەی یەكەمی گەورەترین مامەڵەی فرۆشی داراییەكانی دەوڵەتی ئێران لە بەئەهلیكردنی كۆمپانیای گواستنەوە و گەیاندن (مخابرات) و توانیی (٣٨٪)ی پشكەكانی بۆ خۆی مسۆگەر بكات[٢٨]. وەزارەتی خەزێنەی ئەمەریكا لە ساڵی ٢٠١٣، كۆمیتەی ئیمام و ٣٧ كۆمپانیای وابەستە بە كۆمیتەی بە هۆكاری بەشدارییان لە یارمەتیی دەوڵەتی ئێران بۆ تێپەڕاندنی سزاكانی سەر ئەم وڵاتە خستە ناو لیستی سزاكانەوە كە بەشێكیان لە وڵاتەكانی ئەڵمانیا، كرواتیا و ئەفەریقای باشوور دامەزرابوون[٢٩]، هەروەها ساڵی ٢٠٢٠، وەزارەتی خەزێنەی ئەمریكا محەمەد مۆخبێر سەرۆكی كۆمیتەی ئیمامی خستە لیستی سزاكانەوە[٣٠].

دیاریكردنی مۆخبێر وەك یاریدەدەری یەكەم كە پێشینەی سەرۆكایەتیی یەكێك لە گەورەترین دامەزراوە ئابوورییەكانی ئێرانی هەیە و بە فەرمانی ڕاستەوخۆی ڕابەری ئێران دیاری كراوە، بە مانای ئەوە دێت كە هاوشێوەی كابینەی یەكەمی ڕۆحانی، یاریدەدەری یەكەم دەبێتە پۆستێكی كاریگەر لە دارشتنی سیاسەتی ئابووریی ئێران، بەتایبەتی كە ئیسحاق جەهانگیری سەرەڕای ئەوەی كە بە پشكی ڕیفۆرمخوازەكان لە كابینەی ڕۆحانی دادەنرا، بەڵام پەیوەندییەكی باشی لەگەڵ ئایەتوڵا خامنەیی هەبوو. بۆیە پێشبینی دەكرێت كە سنووری دەسەڵات و توانای بڕیاردانی مۆخبێر زیاتر لە هەر یاریدەدەرێكی تری كابینەكانی پێشووی ئێران بێت.

### تیمی ئابووری؛
### لایەنگرانی ئابووریی خۆڕاگرانە

چاوەڕێ دەكرێت بە پێچەوانەی كابینەی ڕۆحانی كە ڕێككەوتننامەی وزەی ناوەكییان لە چوارچێوەی تێڕوانینی بەرەو ڕۆژئاوا بە تاكە چارەسەری سەرەكی بۆ دەربازبوونی ئێران لە قەیرانی ئابووری و پەیوەندییە ئابوورییەكانی

ئێران لەگەڵ جیهان دەزانی، سیاسەتی ئابووریی ڕەئیسی بادانەوە بەرەو ڕۆژهەڵات، ئاڵوگۆڕ لەگەڵ دراوسێ هەرێمییەکان و هاوکاریی هاوپەیمانە سیاسییەکان (چین و ڕووسیا) بێت و لە چوارچێوەی بەرنامەی ئابووریی خۆڕاگرانە، چاویان لە توانا ناوخۆییەکانی ئێران بێت. لەم چوارچێوەیەدا بەشێك لە بەیاننامەی هەنگاوی دووەمی شۆڕش (گام دوم انقلاب)، جەختکردنەوەیە لە "ئابووریی سەربەخۆ" لە ڕێگەی گرنگیدان بە گەشەپێدانی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی، دابەشکردنی عادیلانەی سەروەت و بەڕێوەبردنی هۆشمەندانەی وڵات. کەموکورتییەکانی ئابووریی ئێران لە دیدی ڕابەری ئێران، خۆی لە وابەستەبوونی ئابووریی ئێران بە نەوت، دەوڵەتیبوونی ئەو کەرتە ئابوورییانەی کە لە دەرەوەی ئەرکی دەوڵەتە، دانانی بودجەی کێشەدار و ناهاوسەنگ، چاوتێبڕین بۆ چارەسەری دەرەکی نەك توانا ناوخۆییەکان و سیاسەتە ئابوورییە ناجێگرەکان دەبینێتەوە کە چارەسەری یەکلاییەکەرەوە، سیاسەتەکانی ئابووریی خۆڕاگرانەیە[31].

تیمی ئابووریی کابینەی ڕەئیسی هەر لە سەرەتای دەنگوباسی ناوە پێشنیارکراوەکان، مشتومڕی زۆری لەسەر بوو و باس لەوە دەکرا کە هۆکاری سەرەکی لە دواکەوتنی ناردنی لیستی وەزیرەکان بۆ پەرلەمان، بۆ جیاوازیی نێوان ڕەئیسی و مۆخبێر لە کاندیدەکان دەگەڕایەوە[32] و دواتر کە ئەندامانی کابینە و وەزارەتەکانی کاریگەر لە بواری ئابووری ڕاگەیەنران، پێدەچوو ئەو کەسانە بن کە لە بۆچوونی مۆخبێرەوە نزیك بوون، کە ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ دەسەڵاتی مۆخبێر لە کابینەی ڕەئیسی، لانی کەم لە کەرتی ئابووریدا. بەو پێیەی کە ڕەئیسی شارەزاییەکی ئەوتۆی لە بواری ئابووریدا نییە، مۆخبێر هاوشێوەی جەهانگیری لە کابینەی یەکەمی ڕۆحانی، سەرۆکایەتیی تیمی ئابووری دەکات و چاوەڕوان دەکرێت سیاسەتە ئابوورییەکانی هاوتەریب لەگەڵ تێڕوانینی ڕابەر جێبەجێ بکات.

سەید ئیحسان خاندوزی؛ وەزیری ئابووری، دەرچووی زانکۆی ئیمام سادق و خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە. خاندوزی ئەزموونی کارکردن لە بەشی توێژینەوەکانی پەرلەمانی هەیە و چەند کتێبی لە بوارە جیاوازەکانی ئابووری و بەتایبەتی لەسەر چەمکی عەدالەت نووسیوە و لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێران، وەك نوێنەری تاران گەیشتە پەرلەمان[33]. خاندوزی لە بەرنامەکانی خۆی بۆ ئابووریی ئێران، جەختی لەسەر ئابووریی خۆڕاگرانە کردووە وەك ئەوەی ڕابەری ئێران باسی لێ کردبوو و ڕەخنەی لە بەستنەوەی ئابووریی وڵات بە پەیوەندیی سیاسی لەگەڵ ڕۆژئاوا و ئەمەریکا گرتووە. خاندوزی پێی وایە وەك چۆن جێگیری، ئاسایشی سیاسی و بەرگریی وڵات لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە هۆی پشتبەستن بە توانا ناوخۆییەکان بەدەست هاتووە، بە هەمان

شێوە لە بواری ئابوورییشدا پێویستە پشت بە زانست و تەکنەلۆجیا و نوخبەی ناوخۆی ئێران ببەسترێت[٣٤].

حوجەت عەبدوملەلەکی؛ وەزیری کار (تعاون، کار و رفاه اجتماعی)، گەنجترین وەزیری کابینەیە، خاوەن بڕوانامەی دکتۆرایە و ئەندامی لیژنەی زانستیی زانکۆی ئیمام سادقە. عەبدوملەلەکی ئەزموونی کارکردنی لە کۆمیتەی "امداد امام خمینی" وەك یەکێك لە دامەزراوە بەهێزەکانی ئابووری و پەیوەست بە بەیتی ڕابەری ئێران هەیە. عەبدوملەلەکی زیاتر بە دژایەتیکردنی سیاسەتەکانی کابینەی ڕۆحانی ناسراوە و یەکێك لە ڕەخنەگرە سەرسەختەکانی چوونی ئێرانە بۆ ناو ڕێکخراوی "FATF"[٣٥] و هەروەها بە نەیارێکی ڕێککەوتننامەی وزەی ناوەکی دادەنرێت[٣٦].

بەڕێوەبەرایەتیی بەرنامە و بودجەی کابینە، دامەزراوەیەکی گرنگی کابینەیە کە بە هۆی تایبەتمەندییەکانی دەتوانێت لە ئاڕاستەکردنی سیاسەتی ئابووری ڕۆڵی هەبێت، سەید مەسعوود کازمی وەك سەرۆکی نوێی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لە کەسایەتییە ناسراوەکانی کابینەی ڕەئیسییە کە ئەزموونی کارکردنی لە بەشە جیاوازەکانی سوپای پاسداران هەیە و بەرپرسیارێتیی دوو وەزارەتی بازرگانی و نەوتی لە کابینەکانی ئەحمەدی نەژاد وەرگرتووە، دوو جار لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە لێپرسینەوەی لێ کرا، بەڵام لە پۆستەکەی مایەوە[٣٧]. میرکازمی لە ئێستادا بە یەکێك لە ئەندامانی "هیئت امنای بنیاد بهروری موقوفات" ئاستانی قودسی ڕەزەوی دادەنرێت[٣٨]. میرکازمی هاوشێوەی هاوکارانی تری لە تیمی ئابووریی کابینەی ڕەئیسی، ئابووریی خۆڕاگرانە بە چارەسەری دۆخی هەنووکەیی ئابووریی ئێران دەزانێت[٣٩].

لە دوایین پێشهاتەکانی کابینە، موحسێن ڕەزایی لە سوپاییە ناودار و کلاسیکەکانی ئێران، لەلایەن ڕەئیسییەوە وەك یاریدەدەری ئابووری، سکرتێری ئەنجوومەنی باڵای هەماهەنگیی سەرۆکی سێ دەسەڵاتەکە (پەرلەمان، سەرۆککۆمار، دادوەری) و سکرتێری لیژنەی ئابووریی کابینە دیاری کرا[٤٠]. ڕەزایی ئەزموونی ١٦ ساڵ فەرماندەیی سوپای پاسدارانی هەیە و ماوەی ١٤ ساڵە سکرتێری ئەنجوومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕژێمە و هەروەها بەشداریی لە سێ خولی هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری کردووە. ڕەزایی خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە ئابووری، ڕەخنەگرێکی بەردەوامی سیاسەتە ئابوورییەکانی کابینەی ڕۆحانی بووە. هەروەها لە فەرمانێکی تردا فەرهاد ڕەهبەر وەك یاریدەدەری ئابووریی سەرۆککۆماری دەستنیشان کرا، ڕەهبەر کە بە کەسایەتییەکی نزیك لە ئەحمەدی نەژاد دادەنرا، یەکێك لە کاندیدەکانی پۆستی یاریدەدەری یەکەمی ئیبراهیم ڕەئیسی بوو. ڕەهبەر لە ساڵی (٢٠١٦)ەوە پۆستی ڕاوێژکاری ئابووری و سکرتێری گرووپی ئابووریی ئاستانی قودسی پێ سپێردراوە[٤١].

## پێشینەی وەزیرەکان:
## ئەحمەدی نەژادییەکان و یارانی ڕەئیسی

به چاوخشاندنێك بۆ پێشینەی وەزیرەکانی کابینەی ڕەئیسی، جیا له ئەندامبوون و نزیکایەتیی بەشێکیان له سوپای پاسداران و ئەزموونی کارکردنیان لەگەڵ ڕەئیسی، ئەزموونی کارکردنی بەشێکی بەرچاویان لەگەڵ دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد دێته بەرچاو. ئەم ڕێژەیه تا ئەو ڕادەیەیه که ناوی "کابینەی سێیەمی ئەحمەدی نەژاد"یان له دەوڵەتی ڕەئیسی ناوه. له هەردوو کابینەی ئەحمەدی نەژاد، بەشێکی بەرچاو له وەزیرەکان و بەرپرسانی تری کابینه له سوپای پاسداران و کەرته ئەمنییەکان هەڵبژێردرا[٤٢]. له کابینەی ئێستای ڕەئیسی پشکی سوپای پاسداران زیاتر بووه و جیا لەمه بەشێکی تر له وەزیرەکان ئەزموونی کارکردنیان له دەزگای دادوەری و ئاستانی قودس هەیه و به یارانی نزیکی ڕەئیسی دادەنرێن.

له کابینەی ڕەئیسی، سەید ڕەزا فاتمی ئەمین وەك وەزیری پیشەسازی، عیسا زارع پور؛ وەزیری پەیوەندییەکان و تەکنەلۆجیای زانیاری، حوسێن ئەمیر عەبدوڵاهیان؛ وەزیری دەرەوە، ڕۆستەم قاسمی؛ وەزیری ڕێگاوبان و شارسازی، له دوو ساڵی کۆتایی کابینەی دووەمی ئەحمەدی نەژاد بووە وەزیری نەوت، محەمەد مەهدی ئیسماعیلی؛ وەزیری کولتوور و ڕێنموویی ئیسلامی (ڕۆشنبیری)، ئەحمەد وەحیدی؛ وەزیری ناوخۆ، جەواد ئوجی؛ وەزیری نەوت، عەلی ئەکبەر مێحرابی؛ وەزیری وزە، سەید حەمید سەجادی هەزاوە؛ وەزیری وەرزش و لاوان، مەسعوود میرکازمی سەرۆکی سازمانی بەرنامە و بودجە[٤٣].

> **ئاڵنگارییەکی تری کابینەی ڕەئیسی ئەوەیە کە ناوی بەشێك لە وەزیران لە لیستی سزادراوانی خەزێنەی ئەمەریکا و یەکێتیی ئەورووپا دەبینرێن و ئەم بابەتە دەتوانێت کاریگەریی نەرێنیی لەسەر هاوکاری و پەیوەندیی بەشێك لە وەزیرەکان لەگەڵ ڕۆژئاوادا بەجێ بهێڵێت**

جیا لە پێشینەی کارکردن لەگەڵ دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد، بەشێك لە ئەندامانی کابینە لە دەزگای دادوەری و ئاستانی قودسی ڕەزەوی هەڵبژێردراون و ڕەئیسی بۆ دانانی بەشێك لە وەزیرەکان بۆ ئەو کەسانە گەڕاوەتەوە کە ئەزموونی کارکردنی لەگەڵیان هەبووە: عیسا زارع پور؛ وەزیری گواستنەوە و پەیوەندییەکان (ارتباطات)، سەید ئیسماعیل خەتیب؛ وەزیری ئیتڵاعات، حوجەت عەبدولمەلەکی؛ وەزیری هاوکاری، کار و خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی،

ئەمیر حوسێن ڕەحیمی؛ وەزیری داد و محەمەد مەهدی ئیسماعیلی؛ پێشینەی کارکردنیان لە وەزارەتی دادوەری هەبووە. هەروەها چەند وەزیرێکی تر پێشنیەی کارکردنیان لە دامەزراوەی ئاستانی قودسی ڕەزەوی هەیە: سەید ئیسماعیل خەتیب، محەمەد مەهدی ئیسماعیلی، حوسێن باغگولی وەزیری پەروەردە و سەید ڕەزا فاتمی ئەمین وەزیری پیشەسازی ئەزموونی کارکردنیان لەم دامەزراوە گرنگە هەبووە[٤٤].

لەنێو ئەم کەسانەدا وەزیری ئیتلاعات مشتومرێکی زیاتری بە بەراورد بە وەزیرەکانی تر نایەوە و دژایەتی بەشێك لە ئوسوڵگەرا ڕاستڕەوەکان کە بە "جبهە پایداری" ناسراون، لێ کەوتەوە. ئیسماعیل خەتیب کە بە کەسایەتییەکی نزیك لە ڕەئیسی دادەنرێت و هاوشێوەی وەزیرەکانی پێشووی ئیتلاعات پیاوێکی ئاینییە، لە ساڵی (١٩٨١)ەوە لە بەشی ئیتلاعاتی ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای پاسداران کاری کردووە و ئەزموونی کارکردنی لە نووسینگەی ئایەتوڵا خامنەیی؛ سەرۆکایەتیی ناوەندی پاراستن و ئیتلاعاتی دەزگای دادوەری و هەروەها سەرۆکایەتیی پاراستنی ئاستانی قودسی ڕەزەوی (مەزارگەی ئیمام ڕەزا لە شاری مەشهەد) لە کارنامەدا هەیە[٤٥].

لەم نێوەندەدا ئاڵنگارییەکی تری کابینەی ڕەئیسی ئەوەیە کە ناوی بەشێك لە وەزیران لە لیستی سزادراوانی خەزێنەی ئەمەریکا و یەکێتیی ئەورووپا دەبینرێن و ئەم بابەتە دەتوانێت کاریگەریی نەرێنیی لەسەر هاوکاری و پەیوەندیی بەشێك لە وەزیرەکان لەگەڵ ڕۆژئاوادا بەجێ بهێڵێت، هەر چەندە هەڵبژاردنی ئەم کەسانە ئاماژەیەکی ترە بۆ ئەولەویەتی دەوڵەتی ڕەئیسی بۆ پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵات و وڵاتانی هەرێمی و گوێنەدان بە سزا نێودەوڵەتییەکان. ئەحمەد وەحیدی، ڕۆستەم قاسمی، عیزەتوڵا زەرغامی، محەمەد ڕەزا ئاشتیانی، جەواد ئوجی، موحسین ڕەزایی، محەمەد ئیسلامی (یاریدەدەری سەرۆککۆمار و سەرۆکی دامەزراوەی وزەی ناوەکی)؛ ناویان لە لیستی سزادراوانی خەزێنەی ئەمەریکادایە. محەمەد مۆخبێر، ئیسماعیل خەتیب، غولامحوسێن ئیسماعیلی (سەرۆکی نووسینگەی ڕەئیسی)، سەید محەمەد حوسێنی (یاریدەدەری سەرۆککۆمار بۆ کاروباری پەرلەمان) و سەید سەولەت مورتەزەوی (یاریدەدەری سەرۆککۆماری لە کاروباری جێبەجێکاری) لەنێو لیستی سزادراوەکانی ئەورووپا ناویان هەیە[٤٦]. هەروەها مۆخبێر، وەحیدی، ئاشتیانی، زەرغامی و ئیسلامی ناویان لە هەردوو لیستی سزادراوانی ئەمەریکا و یەکێتیی ئەورووپا دەبینرێت.

## ئەنجام

ئەزموونی هەشت ساڵ ناکۆکیی نێوان کابینەی حەسەن ڕۆحانی و دامەزراوە و لایەنەکانی دەرەوەی کابینە وەك سوپای

پاسداران، بەشێك لە پیاوانی ئایینی و تەنانەت ڕابەری ئێران، بڕیاردەرانی سەرەکیی ڕژێمی گەیاندووەتە ئەو بڕوایەی کە جارێکی تر بۆ ئەزموونی سالانی بالادەستیی ئوسوڵگەراکان و یەکدەستبوونی دەسەلات لە کابینە و حکومەت بگەڕێنەوە و کۆتایی بە ناکۆکی و ئاراستە جیاوازەکانی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەکی بهێنن، بەو جیاوازییەی کە ئەم جارەیان بەشێك لە کەسایەتی و لایەنەکانی ئوسوڵگەراش لە بازنەی متمانەی ڕژێم خراونەتە دەرەوە. لەم نێوەندەدا دەرچوونی ئەمەریکا لە ڕێککەوتننامەی وزەی ناوەکی لە ساڵی ٢٠١٧ و سەپاندنی سزا هەمەلایەنەکان بەسەر ئێراندا کە ئەنجامەکەی قەیرانێکی گەورەی ئابووریی بوو کە تاوەکوو ئێستا دەرهاویشتەکانی بەردەوامە، هەروەها جیاوازیی تێڕوانینەکان بۆ سیاسەتی هەرێمی و نێودەوڵەتی و چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخی ناوخۆیی ئێران و ناڕەزایەتییەکان؛ سەرەکیترینی ئەو هۆکارانە بوون کە وای کرد هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆماریی ٢٠٢١ بە جۆرێك بەرنامەڕێژی بکرێت کە زەمینە بۆ هاتنەوە سەر دەسەلاتی ئوسوڵگەراکان ئامادە بێت. لە کابینەی ئێستادا، سوپای پاسداران لە چوارچێوەی بابەتە هەستیارییەکانیدا، وەزارەتەکانی پەیوەست بە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە ئاراستە دەکات، سیاسەتی ئابووری سپێردراوە بەو کەسانەی کە لە دامەزراوە ئابوورییەکانی نزیك لە ڕابەری ئێرانن و بڕوایان بە ئابووریی خۆڕاگرانە بۆ چارەسەری کێشەکان هەیە و وەزارەتەکانی تریش بە هەمان شێوە بە کەسانی نزیك لەم دوو دامەزراوەیە و هەروەها دەزگای دادوەری سپێردراون. بۆیە لە دەیەی چوارەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دەسەلاتی جێبەجێکار بەو کەسانە سپێردراوە کە ئەزموونی خزمەتگوزارییان بە ڕژێم هەبووبێت و هاوبیری هێڵە گشتییەکانی شۆڕش و دواجار جێگەی متمانەی ڕژێم بن.

## سەرچاوەکان:

١. اقتصادنیوز (16/3/1400)، "تاکتیک رئیسی برای حمله به رقبا در اولین مناظره"، قابل مشاهده در: https://www.eghtesadnews.com/%D8%A8%D8%AE%D8%B4-%D8%A7%D8%AE%D8%.

٢. مشرق نیوز (25/2/1400)، "بیانیه حضور سید ابراهیم رئیسی در انتخابات ریاست جمهوری ١۴٠٠/آمده‌ام تا 'دولتی مردمی برای ایرانی قوی' تشکیل دهم"، قابل مشاهده در: https://www.mashreghnews.ir/news/1217425/.

٣. الف (22/3/1400)، "مشروح سومین مناظره انتخاباتی نامزدهای انتخابات ریاست جمهوری؛ از نامه ای که زاکانی رو کرد تا لیست بدهکاران بانکی و وعده ها"، قابل مشاهده در: https://www.alef.ir/news/4000322083.html.

٤. جهت پرس (14/5/1400)، " نطق هوشمندانه رئیسی در مراسم تحلیف + متن کامل سخنرانی"، قابل مشاهده در: https://jahatpress.ir/fa/news/38764.

٥. بەرجام (برجام): کورتکراوەی "برنامه جامع اقدام مشترک"، لەلایەن میدیا و ڕۆژنامەکانی ئێران لەبری ڕێککەوتننامەی وزەی ناوەکی بەکار دێت. ڕێککەوتننامەی ئێران و وڵاتانی ٥+١ (کە ئەمەریکا لە ساڵی 2017 لێی کشایەوە) سەبارەت بە پرسی وزەی ناوەکیی ئێران، لە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٦/١٤ لە شاری ڤیەننا واژوو کرا.

٦. بریتییە لەو (9) خاڵەی کە ئایەتوڵا خامنەیی لە

نامەیەکی تایبەت بۆ حەسەن ڕۆحانی پاش چەند ڕۆژ لە واژووکردنی ڕێککەوتننامەی وزەی ناوەکی لەنێوان ئێران و وڵاتانی 1+5، تێبینی و سەرنجەکانی خۆی خستە ڕوو. بڕوانە: خامنەای (29/7/1394)، "نامه رهبر انقلاب به رئیس‌جمهور درباره الزامات اجرای برجام"، قابل مشاهده در: https://farsi.khamenei.ir/message-content?id=31168.

٧. الف، همان.

٨. بۆ زانیاری سەبارەت بە دەسەڵات و بەرپرسیارێتییەکانی وەزارەتی ناوخۆ، بڕوانە: معاونت توسعه مدیریت وسرمایه انسانی رئیس جمهور (1392)، مجموعه اهداف، وظایف و پست های سازمانی وزارت کشور، تهران: معاونت توسعه مدیریت و سرمایه انسانی رییس جمهور، معاونت نوسازی اداری.

٩. ایسنا (20/5/2021)، "سوابق و تحصیلات وزیر پیشنهادی کشور"، قابل مشاهده در: https://www.isna.ir/news/1400052014706/.

١٠. بی بی سی فارسی (12/8/2021)، "اعتراض آرژانتین به انتخاب احمد وحیدی برای کابینه رئیسی"، قابل مشاهده در: https://www.bbc.com/persian/iran-58187428.

11 . Interpol (4/9/2009), "INTERPOL statement clarifying its role in case involving Iranian minister wanted by Argentina", available on: https://www.interpol.int/en/News-and-Events/News/2009/INTERPOL-statement-clarifying-its-role-in-case-involving-Iranian-minister-wanted-by-Argentina.

١٢. رادیو فرانسه (13/8/2021)، "آرژانتین و اسرائیل معرفی احمد وحیدی برای تصدی وزارت کشور ایران را محکوم کردند"، قابل مشاهده در: https://www.rfi.fr/fa/%D8%A7%DB%8C%D8%B1%D8%A7%D9%86/20210813-%D8%A2%D8%B1%DA%98%DA%A9%D8%B1%D8%AF%D9%86%D8%AF؛ بی بی سی فارسی (12/8/2021)، "اعتراض آرژانتین به انتخاب احمد وحیدی برای کابینه رئیسی"، قابل مشاهده در: https://www.bbc.com/persian/iran-58187428.

١٣. فرارو (20/5/221)، "حسین امیرعبداللهیان؛ وزیر پیشنهادی وزارت امور خارجه کیست؟"، قابل مشاهده در: https://fararu.com/fa/news/500493/%D8%AD%D8%B3%DB%8C%D9%86-%D8%A7%D9%85%DB%8C%D8%B1%D8%B9%D8%A8%D8%AF%D8%A7%D9%84%D9%84%D9%87%DB%8C%D8%A7%D9%86%D9%87%D9%87%.

١٤. خبرآنلاین (30/3/1395)، "جابری انصاری معاون عربی و آفریقا وزارت امور خارجه شد"، قابل مشاهده در: https://www.khabaronline.ir/news/547955/ ؛ مشرق نیوز (6/4/1395)، "ماجرای کنار گذاشتن امیرعبداللهیان از معاونت وزارت خارجه"، قابل مشاهده در: https://www.mashreghnews.ir/news/594897/.

١٥. ایران وایر (11/8/2021)، "کابینه رئیسی تکرار کابینه احمدی‌نژاد؛ از وزاری اقتصادی سابق تا جوانان گمنام"، قابل مشاهده در: https://iranwire.com/fa/features/51691.

١٦. جماران (4/4/1399)، "ناگفته‌هایی در مورد سپهبد شهید سلیمانی از زبان حسین امیرعبداللهیان"، قابل مشاهده در: https://www.jamaran.news/%D8%A8%D8%AE%D8%B4-%D8%A8%D8%A7%D8%B2%D9%86%D8%B4%D8%B1-59/1451507.

١٧. بڕوانە: خامنەای (2021)، "بیانیه‌ی گام دوم رهبرانقلاب به مناسب 40 سالگی انقلاب اسلامی"، قابل مشاهده در: https://farsi.khamenei.ir/gaam2/.

١٨. قاضی، فرشته (14/5/1400)، "کابینه نظامی و مردانهٔ ابراهیم رئیسی؛ دولت سوم احمدی‌نژاد"، قابل مشاهده در: https://www.radiofarda.com/a/feature-on-raisi-proposed-cabinet/31411623.html.

١٩. تابناك (2021)، "در مورد رستم قاسمی در ویکی تابناک بیشتر بخوانید"، قابل مشاهده در: https://www.tabnak.ir/fa/tags/6502/1/%D8%B1%D8%B3%D8%AA%D9%85-%D9%82%D8%A7%D8%B3%D9%85%DB%8C-.

٢٠. فرارو (2021)، "در مورد عزت الله ضرغامی در فرارو بیشتر بخوانید"، قابل مشاهده در: https://fararu.com/fa/tags/33382/1/%D8%B9%D8%B2%D8%AA-%D8%A7%D9%84%D9%84%D9%87-%D8%B6%D8%B1%D8%BA%D8%A7%D9%85%DB%8C.

٢١. قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، اصل 124.

٢٢. همان، اصل 131.

٢٣. تسنیم نیوز (17/5/1400)، "محمد مخبر معاول اول رئیس‌جمهور شد"، قابل مشاهده در: https://www.tasnimnews.com/fa/news/1400/05/17/2551071/%D9%85%D8%AD%D9%85%D8%AF-%D9%85%D8%AE%D8%A8%D8%B1-%D9%85%D8%B9%D8%A7%D9%88%D9%84-%D8%A7%D9%88%D9%84-%D8%B1%D8%A6%DB%8C%D8%B3-%D8%AC%D9%85%D9%87%D9%88%D8%B1-%D8%B4%D8%AF.

٢٤. قدس آنلاین (13/4/1400)، "انتصابات و احکام جدید در آستان قدس رضوی"، قابل مشاهده در: http://www.qudsonline.ir/news/710425/%D8%A7%D9%86%D8%AA%D8%B5%D8%A7%D8%A8%D8%A7%D8%AA-%D9%88-%D8%A7%D8%AD%DA%A9%D8%A7%D9%85-%D8%AC%D8%AF%DB%8C%D8%AF-%D8%AF%D8%B1-%D8%A2%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86-%D9%82%D8%AF%D8%B3-%D8%B1%D8%B6%D9%88%DB%8C.

٢٥. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ایسنا (26/5/1400)، "«واکسن برکت»؛ از وعده تا عمل"، قابل مشاهده در: https://www.isna.ir/news/1400052518119/.

٢٦. بی بی سی فارسی (8/8/2021)، "محمد مخبر؛ از دزفول تا پاستور"، قابل مشاهده در: https://www.bbc.com/persian/58092745؛ تابناک (2021)، "در مورد محمد مخبر در ویکی تابناک بیشتر بخوانید"، قابل مشاهده در: https://www.tabnak.ir/fa/tags/32726/1/%D9%85%D8%AD%D9%85%D8%AF-%D9%85%D8%AE%D8%A8%D8%B1.

٢٧. بڕوانە: قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، اصل 49.

28. Yeganeh Torbati, Steve Stecklow, Babak Dehghanpisheh (13\11\2013), "Special Report: To expand Khamenei's grip on the economy, Iran stretched its laws", available on: https://www.reuters.com/article/us-iran-setad-legal-specialreport-idUSBRE9AC0JS20131113.

٢٩. دویچه‌وله (4/6/2013)، "۳۷ شرکت وابسته به 'ستاد اجرایی فرمان امام' تحریم شدند"، قابل مشاهده در: https://www.dw.com/fa-ir/%DB%B3%DB%B7-%D8%B4%D8%B1%DA%A9%D8%AA-%D9%88%D8%A7%D8%A8%D8%B3%D8%AA%D9%87-

٣٠. رادیو فردا (24/10/1399)، "آمریکا رؤسای «ستاد اجرایی فرمان امام» و «آستان قدس رضوی» را تحریم کرد"، قابل مشاهده در: https://www.radiofarda.com/a/us-sanctions-iran-marvi-mokhber/31045240.html.

٣١. خامنه‌ایی، همان.

٣٢. ایمنا (20/5/1400)، "دلیل تاخیر در معرفی کابینه رئیسی چیست؟"، قابل مشاهده در: https://www.imna.ir/news/513823/%D8%AF%D9%84%DB%8C%D9%84-%D8%AA%D8%A7%D8%AE%DB%8C%D8%B1-%D8%AF%D8%B1-%D9%85%D8%B9%D8%B1%D9%81%DB%8C-؛ تجارت نیوز (17/5/1400)، "اختلاف میان اطرافیان رئیسی/چرا فهرست کابینه ارسال نشد؟"، قابل مشاهده در: https://tejaratnews.com/%D9%81%D9%87%D8%B1%D8%B3%D8%AA-%DA%A9%D8%A7%D8%A8%DB%8C%D9%86%D9%87-%D8%B1%D8%A6%DB%8C%D8%B3%DB%8C.

٣٣. خاندوزی (2021)، "زندگی‌نامه"، قابل مشاهده در: https://www.khandoozi.ir/%d8%b2%d9%86%d8%af%da%af%db%8c%e2%80%8c%d9%86%d8%a7%d9%85%d9

٣٤. خاندوزی (2021)، "برنامه‌های اولویت‌دار در وزارت امور اقتصادی و دارایی"، قابل مشاهده در: https://www.khandoozi.ir/%d8%a8%d8%b1%d9%86%d8%a7%d9%85%d9%87%e2%80%8c%d9%87%d8%a7%db%8c-%d8%a7%d9%88%d9%84%d9%88%db%8c%d8%aa%e2%80%8c%d8%af%d8%a7%d8%b1-%d8%af%d8%b1-%d9%88%d8%b2%d8%a7%d8%b1%d8%aa-%d8%a7%d9%85%d9%88%d8%b1/.

٣٥. کورتکراوەی "Financial Action Task Force": ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە کە لە ١٩٨٩ لەلایەن وەزیرانی دادی وڵاتانی ئەندامەوە دامەزراوە و لە بنەڕەتدا هەڕەشەکانی "پارەسپیکردنەوە" هۆکاری سەرەکیی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە بووە. لەم پێناوەدا لە ساڵی ١٩٨٩ لە شاری پاریس کۆبوونەوەی لوتکە لەنێوان سەرۆکایەتیی وڵاتانی "G7" و سەرۆکی کۆمسیۆنی ئەورووپا و هەشت وڵاتی تر بەڕێوە چوو. ئامانجی ئەم ڕێکخراوە؛ بەرەنگاربوونەوەی پارەسپیکردنەوە، ڕێگری لە پاڵپشتیی دارایی هێزە تیرۆریستییەکان و هەر هەڕەشەیەکی ترە کە ببێتە هۆی مەترسی بۆ سەر سیستمی دارایی نێودەوڵەتی. ئەم ڕێکخراوە چالاکییەکانی لە ساڵی ٢٠١٢ بەملاوە فراوانتر کردووە و لە ئێستادا بەپێی زانیارییەکانی ماڵپەری تایبەت بەم ڕێکخراوە، زیاتر لە 200 وڵات ئەندامن. سەبارەت بە کۆماری ئیسلامیی ئێران، سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی کابینەی ڕۆحانی بۆ ئەندامبوون لەم ڕێکخراوە و پاش مشتومڕێکی زۆری ناوخۆیی، لە ئێستادا بابەتی چوونەناوەوەی ئێران بۆ ئەم ڕێکخراوە لە ئەنجوومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕژێم بەهەڵواسراوی ماوەتەوە.

٣٦. ایمنا (20/5/1400)، "مسعود میرکاظمی؛ رئیس سازمان برنامه و بودجه کیست؟ + بیوگرافی"، قابل مشاهده در: https://www.imna.ir/news/513886/%D9%85%D8%B3%D8%B9%D9%88%D8%AF-%D9%85%DB%8C%D8%B1%DA%A9%D8%A7%D8%B8%D9%85%DB%8C-%D8%B1%D8%A6%DB%8C%D8%B3-%D8%B3%D8%A7%D8%B2%D9%85%D8%A7%D9%86-%D8%A8%D8%B1%D9%86%D8%A7%D9%85%D9%87-.

٣٧. همانجا.

٣٨. قدس آنلاین، همان.

٣٩. دنیای اقتصاد (21/5/1400)، "رونمایی از تیم اقتصادی رئیسی"، قابل مشاهده در: https://donya-e-eqtesad.com/%D8%A8%D8%AE%D8%B4-%D8%B3%DB%8C%D8%A7%D8%B3%D8%AA-%DA%AF%D8%B0%D8%A7%D8%B1%DB%8C-100/3789200-.

٤٠. تابناك (2021)، "در مورد محسن رضایی در ویکی تابناک بیشتر بخوانید"، قابل مشاهده در: https://www.tabnak.ir/fa/tags/603/1/%D9%85%D8%AD%D8%B3%D9%86-%D8%B1%D8%B6%D8%A7%DB%8C%DB%8C.

٤١. تسنیم نیوز (3/3/1395)، "نگاهی به سوابق اجرایی 'فرهاد رهبر' دبیر کارگروه اقتصادی آستان قدس رضوی"، قابل مشاهده در: https://www.tasnimnews.com/fa/news/1395/03/03/1082419/.

٤٢. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: رادیو فردا (27/5/1384)، "فهرست سوابق نظامی - امنیتی وزرای پیشنهادی کابینه احمدی نژاد براساس گزارش رسانه های جمهوری اسلامی"، قابل مشاهده در: https://www.radiofarda.com/a/307391.html.

٤٣. اقتصاد نیوز (20/5/1400)، "احمدی‌نژادی‌هایِ کابینه رئیسی"، قابل مشاهده در: https://www.eghtesadnews.com/%D8%A8%D8%AE%.

٤٤. دنیای اقتصاد (22/5/1400)، "سهم قوه قضاییه و آستان قدس در تیم رئیسی"، قابل مشاهده در: https://donya-e-eqtesad.com/%D8%A8%D8%AE%D8%B4-%D8%B3%D8%A7%DB%8C%D8%AA-%D8%AE%D9%88%D8%A7%D9%86-.

٤٥. قدس آنلاین (20/5/1400)، "سوابق و تحصیلات اسماعیل خطیب وزیر پیشنهادی اطلاعات"، قابل مشاهده در: http://www.qudsonline.ir/news/764373/%D8%B3%D9%88%D8%A7%D8%A8%D9%82-%D9%88-%D8%AA%D8%AD%D8%B5%DB%8C%D9%84%D8%A7%D8%AA-.

٤٦. قاضی، همان؛ بروجردی، مهرزاد (23/9/2021)، "مردان تحریمی کابینه ابراهیم رئیسی"، قابل مشاهده در: https://twitter.com/M_Boroujerdi/status/1441135687122636800؛ خبرآنلاین (2/9/1390)، " چند مقام ایرانی در تحریم آمریکا و اروپا هستند؟+ جدول اسامی و علل تحریم"، قابل مشاهده در: https://www.khabaronline.ir/news/185963؛ المشارق (19/8/2021)، " نامزدهای کابینه رئیسی نشانه‌ای از افزایش نفوذ سیاسی سپاه پاسداران"، قابل مشاهده در: https://almashareq.com/fa/articles/cnmi_am/features/2021/08/19/feature-02.

# لیبراڵیزمی سیاسی و لێکدانەوەی لیبراڵیستی لە ئایین: ڕووناکبیرانی ئایینی لە ئێران



توێژەر: د. ئازاد حاجی ئاقایی

**بەرایی**

شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی ئێران لە ئاکامی ڕەوتی سیاسی-کۆمەڵایەتی و هاوکێشەکانی هێز، سەقامگیربوونی دەسەڵاتێکی ئایینیی لێ کەوتەوە. دەسەڵاتی نوێ خۆی وەک دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ڕاگەیاند و هەوڵی ئەوەی دا دەستوور لەسەر بنەمای شەریعەت بنووسرێتەوە و لەناو ژیانی ڕۆژانەی خەڵکیشدا شەریعەت پەیڕەو بکرێت. ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگای ئێرانی، دوای شەڕی ئێران-عێراق،



وەدیارکەوتنی چینی ناوەندی و ویستی گونجان لەگەڵ نۆرمە جیهانییەکان، وای کرد دیسکۆرسی ئیسلامی سیاسیی دەسەڵاتدار لە زۆر لاوە تووشی ئاڵوگۆڕ بێت و هەر لە ناوخۆی ئێرانەوە خوێندنەوە و تەفسیری نوێ لە ئیسلام و چەشنی پەیوەندیی ئایین لەگەڵ سیاسەت؛ مشتومڕی لەسەر بکرێت. لە دووتوێی ئەم ئاڵوگۆڕانەدا دیسکۆرسێک لەژێر ناوی ڕووناکبیری دینی سەری‌هەڵدا، بە بڕوای ئەم ڕووناکبیرە ئایینییانە ئیسلام وەک ئایین بەپێی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، هەروەک کڵێسای کاسۆلیکی، توانای ڕیفۆرمی لەناو خۆیدا هەیە و دەکرێ نۆژەن بکرێتەوە. هەوڵدانەکان بە گۆشەنیگایەکی دەرەوەی ئایین خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز و نەریتی ئیسلامیان دەست پێ کرد و لەم ڕەوتەدا هەوڵ درا بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی مامەڵەی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئایین، چەشنە ڕیفۆرمێک لەناو ئایین لە پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی پێک بهێنرێت. ئەم وتارە بە گرینگیپێدانی گۆشەنیگای لیبراڵیزمی سیاسی بۆ ئایین لە پانتایی فکریی ئێراندا، هەوڵ دەدات بە نیشاندانی ڕەهەندەکانی خوێندنەوەی لیبراڵیزمی سیاسی لە ئایین لە ڕوانگەی جۆن ڕۆڵزەوە ئەم پرسیارە بورووژێنێت ئاخۆ لیبڕالیزمی سیاسی لە پانتایی سیاسیی ئێراندا دەتوانێت بە گرینگیپێدانی عەقڵی گشتی، سیکۆلاریزم و ئایین لەگەڵ یەک بگونجێنێت؟

## کرانەوەی باس

نزیکەی چل ساڵ بەر لە شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی ئێران، "ئایەتوڵڵا مودەریس"، یەکێک لە دژبەرانی ڕەزا شا، لە وتەیەکی بەناوبانگی خۆیدا وتبووی سیاسەتی ئێمە وەک دینداریی ئێمە وایە، دینداریی ئێمەش وەک سیاسەتی ئێمە وایە، دوای ئەم ماوە دوورودرێژە ئەم دەربڕینە هێشتاکەش ئاسۆی سیاسەتەکانی ئێرانی دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی نەخشاندووە. لەسەر بنەمای جۆرە تێڕوانینێکی لەم چەشنە، دەسەڵاتی دوای شۆڕش لە پێناو بەشەرعیکردنی یاسا و ڕێساکان، سەپاندنی بنەماکانی شەریعەت لە ژیانی ڕۆژانە و جێبەجێکردنی ئایین تەنانەت لەناو پانتایی ژیانی تاکەکانیشەوە، هەوڵەکانی خۆی خستە گەڕ. بەڵام ڕەوتی گۆڕانی نۆرم و بایەخە جیهانییەکان و ئاڵوگۆڕەکانی ناوخۆی ئێران لەدوای شەڕی ئێران-عێراق و لاوازبوونی بزاڤە چەپەکان، دەرفەت بۆ خوێندنەوەیەکی نوێی ڕیفۆرمخوازانە



لە ئایین، بە چاولێکەری لە کڵێسای کاسۆلیک ڕەخسا. بەشێکی زۆری ئەم دەرفەتە لە پانتای هزریی زانکۆکانەوە هەلی بۆ ڕەخسابوو. بە بڕوای شەهیبزادە، شکستی کۆماری ئیسلامی لە سەپاندنی ئایدۆلۆژیای فەرمی لەسەر پانتایی کولتووری بەگشتی و لە زانکۆکان بەتایبەت نیشاندەری هێزی دیسکۆرسێکی فکریی نوێ بوو و لەم ناوەشدا بەکارهێنانی ڕەخنەی بەردەوام لە دژی ئایدیۆلۆژیای تۆتالیتاری دەسەڵات تایبەتمەندیی ئەم دیسکۆرسە بوو[1]. ڕووناکبیرە ئایینییەکانی ئێرانی بە پێچەوانەی لایەنگرانی خوێندنەوەی فەرمی لە ئایین، داهاتوویان وەک شتێک سەیر دەکرد کە پێویستە لە ئێستاکەدا بخوڵقێت. ئەم ڕووناکبیرانە لەسەر ئەم بڕوایە بوون هەنگاوە کۆتاییەکانیان بە مەبەستی تێگەیشتن لە ئایین و گونجاندنی ئایین لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی جیهانی هاوچەرخدایە. هەر بۆیە سیکۆلاریزم، مافەکانی مرۆڤ و ئازادی لە چوارچێوەی ڕیفۆرماسیۆنی ئایین؛ بەهایەکی زۆری پێ درا و لە ڕێگای بەسیکۆلارکردنی ئایین، بەسیاسیکردنی ئیسلامیش کەوتە بەر ڕەخنەی ئەم توێژە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئاڵوگۆڕەکان و هەڵکشانی ویستی ڕووناکبیرانی ئایینی ئێرانی بەرەو لیبراڵیزمێکی سیاسی، کە سیکۆلاریزم و ئازادییەکان لە ناویدا دەکەونە ناو چەقی پێداگریکردن، ئەم پرسیارە دەورووژێت ئاخۆ لیبراڵیزمی سیاسی لە پانتایی سیاسیی ئێراندا دەتوانێت بە گرینگیپێدانی عەقڵی گشتی، سیکۆلاریزم و ئایین لەگەڵ یەک بگونجێنێت؟ لەوانەیە ئەم پرسیارە تەنیا لایەنێکی پرسی پڕ کێشەی سیاسەت لە ئێراندا بخوێنێتەوە و هەر لەسەر ئەم بنەمایەش تووشی ئاستەنگی شیکاری بێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەی ڕەنگە بەڵگاندنە سەرەکییەکانی لیبراڵیزمی سیاسی لە ڕوانگەی "جۆن ڕۆلز"ەوە توانستی وەڵامدانەوەی بەشێک لە کێشە تێکترنجاوەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی لە پەیوەندیی لەگەڵ ئاییندا هەبێت، ئەم وتارە ئەم ئەگەرەش لەبەرچاو دەگرێت کە پشتگوێخستنی خاڵی یەکلاکەرەوەی ویستی هێز یان دەسەڵات لەلایەن گرووپە سیاسییەکانی ناوەوە و دەرەوەی ئێران، یەکێک لە ئاستەنگەکانی ئەم شیکردنەوەیە دەبێت.

## لیبراڵیزمی سیاسی و پرسی سیکۆلاریزم

لە دیمانەیەکیدا جۆن ڕۆڵز لە وەڵامی پرسیاری مانگنامەی کامۆنوێل سەبارەت بەوەی کە بۆ پرسی ئایین بووە بە یەکێک لە خاڵە جێگا سەرنجەکانی، دەڵێت: لە ڕوانگەیەکی دیرۆکییەوە پەرۆشی بەردەوامیی دیموکراسی لەسەر بنەمای دەستوورم... پرسیاری سەرەکیی من ئەوەیە چۆن لەناو دیموکراسییەک لەسەر بنەمای دەستوور، بیرۆکە ئایینییەکان، توێژە جیاوازەکان دەتوانن پێکەوە و لەلای یەکتر، بەشداریی لە بەڕێوەبردنی حکومەتێکی خاوەن عەقڵانیەت و خاوەن دەستکەوتی زۆر بکەن[2].

بە ڕوانین لە بەرهەمەکانی ڕۆڵز، لە کتێبی

"تیۆرێک لەمەڕ دادپەروەری"یەوە بگرە تاکوو "لیبراڵیزمی سیاسی و یاسای خەڵکەکان"، ئەم ڕاستییە دەردەکەوێت ڕۆڵز ئەرکی سەرشانی فەلسەفەی سیاسی وەک بەرگریکردن لە بڕوای مەعقول بۆ گەیشتن بە سیستمێکی سیاسیی دادپەروەرانە لەسەر بنەمای دەستوور دادەنێت[٣]. بەپێی ڕۆڵز، بڕوای ئایینی هاوڵاتیان لەسەر ئیمکانی بەدیهێنان و بەردەوامیی دەستوورخوازییەکی دیموکراتیک لە کۆمەڵگاکەیان و لەسەر هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیان و لەویش گرینگتر بەرەوڕووبوونەوەیان لەگەڵ هێزە نادیموکراتیکەکان کاریگەری دادەنێت[٤]. دیارە ئەم لایەنە هزرییەی ڕۆڵز داکۆکیی لەسەر دەکات؛ لیبراڵیزمی سیاسییە نەوەک لیبراڵیزمی هەمەلایەنە[٥]، لەسەر ئەم بنەمایەش ڕۆڵز خۆی و ڕاڤەکارانی لایەنگریشی لەسەر ئەم بڕوایەن بیرۆکەی لیبراڵیزمی سیاسی بە بەراورد لەگەڵ لیبراڵیزمی هەمەلایەنە، توانای گونجانێکی زۆرتری لەگەڵ جیاوازیی جیهانبینییە ئایینییەکان و سیکۆلارەکانی هاوڵاتیانەوە هەیە، چونکە خوێندنەوە نوێیە "نیوکانتی"یەکان لە لیبراڵیزمی هاوچەرخ و تەنانەت تێڕوانینی ڕۆڵز بۆ عەقڵی گشتی لە دەقی ساڵی ١٩٩٣ی کتێبی لیبراڵیزمی سیاسی لەسەر ئەم پێشگریمانەیە دامەزراوە کە لیبراڵیزمی سیاسی واتە ڕوونکردنەوەی ئەو دۆخەی کە وەدیارکەوتن و بەردەوامیی کۆمەڵگایەکی بریتی لە هاوڵاتیانێکی پلوراڵ کە ئازاد و هاوسان و بەرابەرن، دەرفەتی بۆ دەڕەخسێت[٦]. ڕۆڵز لەسەر بنەمای لیبراڵیزمی سیاسی پێی وایە ئەو دەستوورەی دەنووسرێتەوە، پێویستە دوو مەرجی تیا بێت: لە ئازادییە بنەڕەتییەکانی گشت هاوڵاتیان بەرگری بکات و بە جۆرێک نووسرابێتەوە سیستمێکی دادپەروەرانە و کاریگەری بۆ یاسادانان لە پەرلەمان لێ بێتەوە[٧]. هەر لەسەر ئەم بنەمایە، گشت هاوڵاتیان بە شێوازێکی هاوسان و بەرابەر مافی ئەوەیان هەیە لە پرۆسەی نووسینەوەی دەستوور و یەکلاکردنەوەی دەرەنجامەکانیدا بەشدار بن[٨]. ئەم تێگەیشتنەی ڕۆڵز لە لیبراڵیزمی سیاسی -کە خۆی ڕیشەی لەناو مشتومڕەکانی سەدەی ١٦-١٧ی دوای شەڕەکانی ئایینی ئەورووپاوە هەیە- تا شوێنێک پەرەی پێ دەدرێت کە پێی وایە دەکرێ گشت ئازادییە بنەڕەتییەکانی ناو لیبراڵیزمی سیاسی بگەڕێننەوە بۆ خەیاڵکردی ئازادی لە ئایین و بڕوا و ویژدان[٩].

بە بڕوای محەمەد فازڵ، ئەم ڕوانگەیەی ڕۆڵز نیشاندەری خاڵی دەستپێک و جێگا متمانەیە بۆ توێژینەوەی بەیاساوڕێسای پەیوەندییە بنەڕەتییەکانی تیۆلۆژیک، ئەخلاقی و زاگوونی ئیسلامی لەگەڵ ئەم چەمکانە لەناو لیبراڵیزمی مۆدێرن[١٠]. لەسەر ئەم بنەمایە، فازڵ پێی وایە لەژێر سێبەری لیبراڵیزمی سیاسی لە جۆرە ڕۆڵزییەکەیدا، ئەو موسوڵمانەی بەپێی شەریعەت هەڵسوکەوت دەکات، دەتوانێ لەوە دڵنیا بێتەوە پێویست ناکات پێداچوونەوەیەک بەسەر پێشگریمانە تیۆلۆژیکەکانی خۆیدا بکات،

هەڵبەت تا ئەو کاتەی بڕوا و هەڵسوکەوت بەپێی ئەم پێشگریمانە تیۆلۆژیک-ئەخلاقیانە نەیخاتە دەرەوەی بازنەی هاوڵاتیی مەعقول[11]. بۆ ئەم مەبەستە، جۆن ڕۆڵز لەسەر چەمکی عەقڵی گشتی داکۆکی دەکات.

ڕۆڵز عەقڵی گشتی وەک ویستی ئەخلاقیانەی هاوڵاتیبوون لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتیک دەناسێنێ و پێی وایە هەمیشە تێگەیشتنە ئایینی یان نائایینییەکان لە چەمکی خێر بۆیان هەیە بێنە ناو پانتایی گشتی و گفتۆگۆ سیاسییەکانەوە، تەنیا بەو مەرجەی توانای ئەوەیان هەبێت وەربگێڕدرێن[12]. لەسەر ئەم بنەمایە، بیرۆکەی عەقڵی گشتی لە قووڵترین ئاستدا بنەمای بایەخە سیاسی و ئەخلاقییەکان دەستنیشان دەکات کە پێویستە پەیوەندییەکانی حکومەتی دیموکراتیکی دەستووری بۆ هاوڵاتیانی خۆی و پەیوەندییەکانی ئەوان لەگەڵ کەسانی تر دەستنیشان بکات. لەسەر ئەم بنەمایە، عەقڵی گشتی؛ عەقڵی ئەو هاوڵاتییانەیە کە بە شێوازێکی ئازادانە و هاوسان لە پانتایی گشتی و باسوخواسەکانی کۆمەڵگای خۆیاندا بەشداری دەکەن. هەر بۆیە بە بڕوای ڕۆڵز، پێویستە ئەو زمانەی هاوڵاتییان لە پانتایی گشتیی سیاسیدا چالاکیی پێ دەکەن، بە دوور لە بنەمای میتافیزیکی بێت، ئەم زمانە زمانی عەقڵی گشتییە. لەسەر ئەم بنەمایە، ڕۆڵز پێی وایە ئەم تێڕوانینە لە بەردەوامیی شەرعیەتی ئازادیخوازیی لیبراڵەوە سەرچاوەی گرتووە کە بەپێی ئەو، بەکارهێنانی هێزی سیاسی تەنیا ئەو کاتە خاوەن شەرعیەتە کە بەپێی دەستوور بێت و بە شێوازێکی مەعقول چاوەڕوانی ئەو بکرێت گشت هاوڵاتییان بتوانن پێداویستییەکانی ئەمە لەژێر تیشکی پرەنسیپ و ئارمانجەکانیان وەک کەسانی مەعقول و ئاوەزمەند بپەژرێنن[13].

ڕۆڵز بۆ پەرەپێدانی بیرۆکەی لیبراڵیزمی سیاسیی خۆی، لەنێوان مەودای گۆڕەپانی عەقڵی گشتی و ئەو شتەی ناوی پێشینەی کولتووری کۆمەڵگای مەدەنیی لێ دەنێت و بریتییە لە ئەنجوومەن و دامەزراوەی وەک کڵێسە، زانکۆ و...؛ جیاوازی دادەنێت. لە ڕوانگەی ڕۆڵزەوە، پانتایی باش و شیاوی عەقڵی گشتی؛ "فۆرمی سیاسیی گشتییە" کە سێ دیسکۆرسی جیاوازی بۆ دەسنیشان دەکات: دیسکۆرسی دادوەرەکان لە بڕیاردان و بەتایبەت دادوەرانی دادگا باڵیندەکان، دیسکۆرسی بەرپرسانی حکوومی، بەتایبەت بەرپرسانی کارگێڕی و یاسادانەرەکان و لە کۆتاییدا دیسکۆرسی بەرئەندامانی کاروباری گشتی و بەڕێوەبەرانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، بەتایبەت لە هونەری وتاربێژیی گشتی، پلاتفۆرمی حیزبی و لێدوانە سیاسییەکان. لەم سێ گۆڕەپانەدا، جێبەجێکردنی عەقڵی گشتی ڕوخسارێکی تایبەت و دیاریکراو بەخۆیەوە دەگرێ. ئەگەرچی لەم سێ گۆڕەپانەدا پێداویستییەکانی پاساوهێنانەوە و بەڵگەهێنانەوەی گشتی بۆ بەڵگاندنی بەردەوام وەک یەکن، بەڵام ئەمانە بۆ دادوەرەکان و بەتایبەت لە ئاستی دادگا باڵاکاندا زۆر وردتر جێبەجێ دەکرێن.

ڕوانینی ڕۆڵز لە عەقڵی گشتی بەپێی لیبراڵیزمی سیاسی، لەسەر بنەمای دیموکراسیەکی دەستووریی پاڵپشتیکراو لەلایەن دەسەڵاتی یاساییەوەیە. هاوڵاتیان مافی ئەوەیان هەیە تێڕوانینەکانی خۆیان سەبارەت بەو شتەی ڕێبازە گشتگیرەکان[١٤] یان جیهانبینییە بەرفرەکانی وەک ئایین، ئەخلاق یان فەلسەفە دادەمەزرێنن؛ دەربڕن. بەڵام ئەم ڕێبازگەلە نابێ وەک عەقڵی گشتی پێشکەش بکرێن. لە کاتێکدا عەقڵە گشتییەکان نابێ هێرش بکەنە سەر هیچ کام لەم ڕێبازە گشتگیرانە یان ڕەخنەیان لێ بگرن، جا ئایینی بن یان نائایینی، ئەوە پێویستە بەپێی چەمک یان بایەخە سیاسییە بنەڕەتییەکان جومگەبەندی بکرێن. پێداویستیی سەرەکی ئەوەیە بیرۆکەیەکی عەقڵانی ڕەزامەندیی خۆی لەسەر ڕژێمێکی دیموکراتیکی دەستووری و ئایدیای یاوەری، واتە یاسای ڕەوا دەربڕێ.

بەم حاڵەشەوە وا دەردەکەوێت ڕۆڵز ڕەزامەندیی خۆی لەسەر ئیمکانی داخوازی لە ڕێبازە گشتگیرەکان لە عەقڵی گشتی بە مەبەستی تایبەت نیشان داوە و ئەمەش گرێدراوی ئەوەیە کەسێک سەبارەت بە پرسێک لە دژایەتی لەگەڵ تێڕوانینێکی تایبەت، وەشوێن تێڕوانینێکی گشتگیر بکەوێت. لە تێڕوانینی تایبەتدا هەر چەشنە ڕێبازێکی گشتگیر (وەک ئایین)، تەنانەت ئەو کاتەی ئەم ڕێبازە پاڵپشتی عەقڵی گشتییش بکات، هەرگیز بۆی نییە لەناو عەقڵی گشتیدا خۆی دەربخات. لەم ناوەدا دوو پرسیاری هاوتەریب دەورووژێن: ئەگەر دەوڵەت وەشوێن ڕێبازێکی گشتگیر بۆ سەپاندنی یاساکانی خۆی بکەوێت، چی ڕوو دەدات؟ یان ئەو پرسیارە کە دەوڵەت لە ئاست بیرۆکە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا ئەرکی چییە و چۆن دەتوانێ لەنێوان بیرۆکەی دژبەیەکی گشتگیر سەبارەت بە سیکۆلاریزم و باوەڕە ئایینییەکان؛ گونجاندن پێک بێنێت؟

ئەوەی پێویستە؛ ڕاوەستەکردن لەسەر چەمکە سیاسییەکانە، بۆ وێنە زۆر جار دوو چەمکی سیاسەت و دەوڵەت بێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازییەکانیان ئاوێتەی یەک دەکرێن، لە کاتێکدا دەوڵەت تۆڕێکی لێکهاڵاوی دامەزراوەکانە یان دامەزراوەیەکی سیاسییە، سیاسەت خۆی پرۆسەیەکی پڕ لە جموجۆڵی هەڵبژاردن لەناو بژاردە سیاسییە هاودژەکانە. دەوڵەت پێویستی بە مۆنۆپۆلی شەرعیەتی دەکارهێنانی هێز، واتە ویستی سەپاندنی ئیرادەی خۆی هەیە، بێ ئەوەی ئیمکانی مەترسیی ئەوە لەئارادا بێ ئەم خەڵکە لە ئاست لێوەشاوەیی دادپەروەریی دەوڵەت ناڕەزایەتی دەربڕن. هەر بۆیە جیایی نێوان دەوڵەت و سیاسەت لە لایەک لەسەر بنەمای هاوپەیوەندیی بەردەوام لەنێوان ڕێکخراوە و دامەزراوە حکومییەکان ڕاوەستاوە و لە لایەکی ترەوە لەسەر بنەمای ئەکتەرەکانی ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و تێڕوانینە ڕکەبەرەکانیان داکۆکی دەکات کە لەسەر بنەمای خێری گشتی[١٥] سەقامگیر بووە[١٦]. دەوڵەت قەوارەیەک نییە بتوانێ خۆی هەست و وشیاریی هەبێ، باوەڕ بکات

یان کردەوە لە خۆی نیشان بدات، ئەوە بەردەوام مرۆڤەکانن لەژێر ناوی دەوڵەتەوە کردەوەیان ئەنجام داوە، دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست یان بە هۆی ڕێکخراوەکان کردەوەیان ئەنجام داوە.

لەسەر بنەمای ئەم ڕوانینەیە "النعیم" پێی وایە تێگەیشتن لە جیهانی ئیسلام لە دەوڵەتێکی ئیسلامی، خۆی داهێنانێکی پۆستکۆڵۆنیالییە و ئەم دەوڵەتە لەسەر بنەمای مۆدێلێکی ئەورووپی لە دەوڵەت و ڕوانگەیەکی توتالیتاریانەوە بە نیسبەت یاسا و سیاسەتی گشتی، وەک ئامرازی ئەندازیاری کۆمەڵایەتی لەلایەن هەڵبژاردەی دەسەڵاتدارەوە دامەزراوە. لەسەر بنەمای ئەم تێڕوانینە، "النعیم" پێی وایە لایەنگرانی بە ناو دەوڵەتی ئیسلامی لە چوارچێوەی مۆدێرن بەشوێن کەڵکوەرگرتن لە دامەزراوەکان و هێزی دەوڵەتەوەن.

"النعیم" وەک کەسێک کە ڕۆڵز ڕوانگەکانی لەمەڕ چۆنیەتیی بەکارهێنانی لیبراڵیزمی سیاسی پەسەند کردووە[17]، پێی وایە جیایی ئیسلام و دەوڵەت ڕێگای ئەوە ناگرێ موسوڵمانەکان داوای ئەوە بکەن سیاسەت یان یاسادانان بەپێی ئایین یان باوەڕەکانی ئەوانەوە بێت. گشت هاوڵاتیان مافی ئەوەیان هەیە و دەبێ لەم پێشنیارانە، بەو دەستەواژەیەی ناوی عەقڵی گشتیی[18] لەسەر ناوە، پشتیوانی بکەن. دەستەواژەی گشتی ئاماژەیەکە بۆ پێویستیی سیاسەت و یاسادانانێک کە دەبێ لەلایەن جەماوەرەوە ڕەزامەندیی لەسەر درابێ و پرۆسەی بەڵگەهێنانەوە و تێڕامان

> **هاوڵاتیان دەبێ بتوانن بێ ئەوەی لەخواترسیی ئایینییان تووشی خەوشێک بێت، لە ڕێگای مشتومڕی گشتییەوە پلانی دژبەرانەش بەرهەم بێنن. بەڵگەهێنانەوەی گشتی و بەڵگاندن، نەوەک باوەڕە تاکەکان و هاندەرەکان، پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرن، جا موسوڵمانەکان زۆرینە یان کەمینەی دەوڵەت پێک بێنن**

بۆ گشت هاوڵاتیان کراوە و لەبەردەست بێ. "النعیم"یش هەروەک ڕۆڵز پێی وایە عەقڵی گشتی ئەوەیە هۆکار یان لۆژیک و ئامانجی سیاسەتی گشتی یان یاسادانان پێویستە لەسەر بنەمایەک یان چەشنە بەڵگەهێنانەوەیەک دامەزرابێت کە زۆرینەی هاوڵاتیان بتوانن ڕەزامەندیی خۆیانی لەسەر دەرببڕن یان ڕەتی بکەنەوە. هاوڵاتیان دەبێ بتوانن بێ ئەوەی لەخواترسیی ئایینییان تووشی خەوشێک بێت، لە ڕێگای مشتومڕی گشتییەوە پلانی دژبەرانەش بەرهەم بێنن. بەڵگەهێنانەوەی گشتی و بەڵگاندن[19]، نەوەک باوەڕە تاکەکان و هاندەرەکان، پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرن، جا

موسوڵمانەکان زۆرینە یان کەمینەی دەوڵەت پێک بێنن، ئەمە جیاوازییەک بەدی ناهێنێت. تەنانەت گەر موسوڵمانەکان زۆرینەش بن، ئەوە لەگەڵ هەموو چەشنە سیاسەتێک یان یاسادانانێکی هەڵقوڵاوی باوەڕە ئیسلامییەکان هاوڕاییان نەبووەوە و نابێ[٢٠].

وا دێتە بەرچاو پێویستیی بەڵگەهێنانەوەی گشتی و بەڵگاندنی ئەو کەسانەی دەوڵەت کۆنترۆڵ دەکەن، بێلایەنانە نییە. هۆکارەکەشی ئەوەیە خەڵکی لەسەر بنەمای باوەڕ و پاساوهێنانەوەی تاکەکەسیی خۆیان ئامادەن بەردەوام کار و چالاکییەکانی خۆیان بەڕێوە ببەن. پێویستی بەو پاساوهێنانەوە گشتی و ڕاشکاوانەیەی ڕاوەستاو لەسەر ئەو بەڵگانە -جەماوەر دەتوانێ بەئازادی ڕەزامەندیی لەسەریان هەبێ یان ڕەتیان بکەنەوە-، بە درێژایی زەمەن دەتوانێ کۆدەنگییەکی سەرووتر لە باوەڕە بەرتەسکە ئایینییەکان یان هەر باوەڕێکی تری تاک و گرووپەکان هەبێ[٢١].

## ئەزموونی ڕووناکبیرە ئایینییەکانی ئێران و لیبراڵیزمی سیاسی

سەرەڕای ئەوەی ناکرێ گشت ڕووناکبیرە ئایینییە ئێرانییەکان لەناو نەریتێکی فکری هاوبەشدا پۆلێنبەندی بکرێن، بەڵام دەکرێ سیکۆلاریزم و لایەنگری لە چەشنە لیبراڵیزمێکی سیاسی -بە خوێندنەوەیەکی بەهێزتر یان نزمتر- وەک خاڵی هاوبەشی ڕەوتێکی هزری ڕەچاو بکرێت کە بریتییە لە چەند ڕووناکبیری هاودژ کە بەرە بەرە لە ئیسلامیزم و بنەما هزرییەکانی دەوڵەتی ئیسلامی پاشگەز بوونەتەوە[٢٢]. "کەریم سرووش" و " موجتەهید شەبستەری" و "مستەفا مەلەکیان" وەک سێ کەسایەتیی گرینگی ئەم ڕەوتە فکرییە بنەماکانی لیبراڵیزمی سیاسییان لە ئاستی جیاوازەوە پەرە پێ داوە. سرووش لە خوێندنەوەکانیدا لە ڕوانگەیەکی لیبراڵ-فەلسەفییەوە ڕەخنەکانی خۆی ئاڕاستەی خوێندنەوەی فەرمی لە ئایین کردووە و پێی وایە خوێندنەوەی فەرمی لە ئایین کێشەی بۆ کۆمەڵگا و سیاسەت خوڵقاندووە. سەرەڕای ئەوەی سرووش تا ساڵانی ٢٠٠٠ ڕاشکاوانە دژایەتی لەگەڵ لیبراڵیزم دەکرد، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٦ بەدواوە ڕاشکاوانە وتی ئێمە لیبراڵین[٢٣]. دیارە ئەم دەربڕینە ڕاشکاوانەیەی سرووش دەگەڕایەوە سەر فەلسەفەی ڕیفۆرمیستی کڵێسەی مەسیحی و نەریتی لیبراڵی، چونکە بەردەوام لە نووسراوەکانیدا داکۆکیی لەسەر عەقڵ، ئازادی و دیموکراسی و سیکۆلاریزم دەکردەوە و ئەم چەند مژارە بەتەواوی کێشەیان لەگەڵ خوێندەوەی فەرمیی دەسەڵات لە ئاییندا هەبوو. لە ڕوانگەی سرووشەوە، بەپێی ڕوانگەی مەعریفەناسانەی دیموکراتیک هەندێک پانتایی هەن کە ئایین لە ناویاندا قسەیەکی بۆ وتن نییە، یان ئەم پانتاییانە بەتەواوی نائایینین یان ناتوانن هەڵگری مەعریفەی ئایینی لەناو خۆیاندا بن. سرووش لێرە مەبەستی پانتایی سیاسەتە و پێی

وایە سیکۆلاریزم لەسەر بنەمای عەقڵانیەت دامەزراوە، کەچی بەشێکی بەرفرەی ئایین خۆی لە ڕەوتی مێژوودا بیچمی گرتووە و بەم پێیە مێژووییە. سرووش وەک بەشێک لە پرۆژەی پۆستئیسلامیزم بیرۆکەی حکومەتی ئایینی ڕەت دەکاتەوە و بەڕوونی باس لەوە دەکات ناکرێ ئایین تەنیا لەلایەن ئەو کەسانەی ئەرکی تەفسیری ئایینیان لە ئەستۆیە بکرێت، ئایین گەورەتر لە ئیسلامی مەلاکان و زەنگینتر لە شەریعەتە.

بیرۆکەکانی "محەمەد موجتەهید شەبستەری"یش لەژێر کاریگەریی قەیرانی ئیسلامیزم دەخوێنرێنەوە، بۆ دەربازبوون لە قەیرانی ئیمان و بڕوا، دەسەڵات، ئایدۆلۆژیا و مافەکانی مرۆڤ. "شەبستەری" لەژێر کاریگەریی فەلسەفەی هێرمۆنۆتیک لە هەوڵی سەرلەنوێ خوڵقاندنەوەی ئیمان -نەک ئایین- وەک بابەتێکی تاکەکەسییانەیە. لەسەر ئەم بنەمایە، "شەبستەری" لە ڕێگای لێکدانەوەی زماننااسانەی دەقی پیرۆز لەناو بەستێنی کۆمەڵایەتی-سیاسیی سەردەمی دەرکەوتنی ئیسلام، لە ئایدۆلۆژیای فەرمیی دەسەڵات ڕەخنە دەگرێت و پێی وایە دەقی پیرۆز وتەی مرۆڤە، چونکە لەناو بەستێنێکی کۆمەڵایەتی-سیاسی و زمانیی تایبەتدا خوڵقاوە. هەر بۆیە پێی وایە لێکدانەوەی باو لە ئایین و کتێبی پیرۆز ڕێگای هەر چەشنە خوێندنەوەیەکی عەقڵانی و ئەمرۆیی لە ئایین گرتووە و بە لێکدانەوەی نوێ و ڕەچاوکردنی هێرمۆنۆتیک تێگەیشتنی چەن لایەنە لە ئیسلام و بەعەقڵانیکردنی دیسکۆرسی ئایینی کارێکی کردەیە. شەبستەری ڕەوایی و بەسوودبوونی خوێندنەوەی ئیسلام لە ڕوانگەی شەریعەتەوە دەخاتە ژێر پرسیار و لەسەر ئەم بڕوایەیە: ئەم بیرۆکەیە کە کتێبی پیرۆز و " نەریتی ئیسلامی-سووننەت" ژێدەری تەواوی سیستمە یاسایی-سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لەناو موسوڵمانەکاندان، لەگەڵ ڕاستینەی مێژوویی ناگونجێن، چونکە هەر کام لەم سیستمانە بەبەردەوامی بەستێن و دۆخی تایبەتیی کۆمەڵایەتی-دیرۆکی کۆمەڵگایەکی تایبەتی ئیسلامی دەنوێننەوە[٢٤]. لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنەیە شەبستەری پێی وایە سەرەڕای ئەوەی لەنێوان ئایین و سیاسەتدا پەیوەندی هەیە، ئەم دووە پێویستە لێک جیا بن، چونکە ئایین پەیوەندییەکی نێوان مرۆڤ و خوایە. ئایین ناتوانێ ببێتە پرۆگرامێکی سیاسی. شەبستەری لە بەرهەمەکانی خۆیدا بە گرینگیپێدانی ڕەهەندی زمانناسیی کۆمەڵایەتی، لەسەر خوێندنەوەیەکی کراوە لە ئایین، داکۆکی لە ئایینی تاکەکەسییانە و سیکۆلاریزم و مافەکانی مرۆڤ دەکات و پێی وایە ئەوە دەسەڵاتێکی دیموکراتە کە دەتوانێ ئایین بپارێزی.

مستەفا مەلەکیان وەک کەسایەتییەکی دیکە لەم ڕەوتە، بە ڕوانگەیەکی تاکەکەسییانەوە هەوڵی ئەوە دەدات خوێندنەوەیەکی عەقڵانی لە کردەی ئایینی و بڕوای ئایینی، بەپێی پێداویستییەکانی هاوچەرخ بۆ دەربازبوون لە قەیرانی تاکەکەس

و هاوکات کۆمەڵگای ئێرانی دەستەبەر بکات. هەر بۆیە بە پێچەوانەی شەبستەری کە زۆرتر سەر بە نەریتی فکری فەلسەفیی ئەڵمانییە، باسەکانی مەلەکیان زۆرتر لەگەڵ نەریتی فەلسەفەی شیکاری و لیبراڵی دەگونجێن. لەسەر ئەم بنەمایە مەلەکیان هیومانیزم و مرۆڤی مۆدێرن وەک بەشێکی گرینگ لە فەلسەفەی خۆیدا دەناسێنێ. پرۆژەی مەلەکیان لەژێر ناونیشانی عەقڵانیەت و مەعنەویەت؛ ڕەنگدەرەوەی ویستی تاکەکەسخوازی، سێکیولاریزم و کولتوورخوازییە و لە ئاکامدا گرینگیپێدانی فەلسەفەیەکی تاکەکەسی ڕەوشتبەرز-تەوەری لێ دەکەوێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە مەلەکیان پێی وایە بەرزکردنەوەی خۆشی و کەمکردنەوەی ئێش و ئازارەکان، یەکێک لە ئەرکەکانی هەر پڕۆژەیەکی گرینگ بۆ دەربازبوون لە قەیرانە.

ئەم هەوڵدانە بە لەبەرچاوگرتنی بیرۆکەی کانت سەبارەت بە مۆدێرنیتی، پوختەبوون و سەربەخۆیی مرۆڤ، شکاندنی بونیاتەکانی بابەتی پیرۆزی لە ناخی خۆیدا حەشار داوە و لەسەر ئەم بنەمایە ڕەخنەی قورس ئاڕاستەی ئایینی مێژوویی دەکات و بە لەناوبردنی نێونجەکانی نێوان خوا و مرۆڤ، پێی وایە مرۆڤی مەعنەوی تەنیا لە ئاست حەق -نەک شتێکی ترا- سەر دادەنەوێنێت، ئەمەش دەرکەوتەی سیکۆلاری لێ دەکەوێتەوە. چونکە لەسەر ئەم بڕوایەیە زانستی ئایینی لقێکە لە زانستی مرۆڤ، لە باری کولتووری و مێژووییەوە سنووردارە و هەروەک فۆڕمەکانی دیکەی زانستی مرۆڤە. ئایین و شەریعەت بێدەنگن، ئەوە سوبژێکتی کۆمەڵایەتی و بەستێنی کۆمەڵگایە دەقە ئایینییەکان وەدەنگ دێنێ. پێویستە تاکەکەس بە کاکڵەی ئایینەوە پابەند بێت نەوەک لایەنە مێژووییەکانی ئایین. بە بڕوای ئەم، ئەم ڕەوتە فکرییە، ئیسلام ئایدیۆلۆژی نییە و فۆرمێکی تایبەت لە سیستمێکی سیاسی پێشکەش ناکات. ئایین ئەزموونێکی ڕۆحانیی تاکەکەسیانەیە، ئەگەر بەتەواویش وا نەبێت، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە پانتایی تاکەکەسییەوە. سیکۆلاریزمی ئایینی ناو هزری ئەم مەعریفەیە وا دەکات دەوڵەت ئایین بە ئایدۆلۆژیای تایبەتەوە بەسەر هاوڵاتیاندا نەسەپێنێت و ئەم بڕوایەش گەشە پێ دەدات کە ئایینی ئیسلام لەگەڵ دەوڵەتێکی سیکۆلاری دیموکرات بگونجێت.

ئەوەی گرینگە ئەم سێ کەسە وەک نموونەی بەرچاو لە هزری پۆست ئیسلامیزم و داکۆکیکار لە لیبراڵیزمی سیاسی لە ئێران، خۆیان بەتوندی لەژێر کاریگەرییەکانی تیۆلۆژیای مەسیحیەت، بەتایبەت تۆماس ئاکویناس و سەنت ئاگۆستین دابوون و چاکسازی کڵێسای مەسیحی وەک ئامانجی سەرەکی و پەرەپێدانی چەشنە ئایینێکی دەروونی-تاکەکەسییش وەک گرینگترین ئامانجی ئەم کەسانە لەناو کۆمەڵگای ئێرانی ڕەچاو کراوە[٢٥]. ئەگەر نەریتی ئیسلامی-شیعە و عیرفانی ئیسلامی بۆ کەسێکی وەک سرووش هۆکارێک بۆ نزیکبوونەوە لە ئایینی

مەسیحیەت بووبێ، شەبستەری بەبەردەوامی لە بەرهەمی کەسانێکی وەک شلایرماخێر، پۆل تیلیش و تیۆلۆژیای نیوئۆرتدۆکسی باریس کەڵکی وەرگرتووە[٢٦] و مەلەکیانیش زۆرتر لە ڕێگای خوێندنەوەی تۆماس ئاکویناس و قوتابخانەی هزریی ئێگزیستانسیالیزم، پۆست-ئیسلامیزمی لە ڕێگای هیوا، برِوا، تەنیایی و گرینگیپێدانی تاکەکەس و ئەڤین زەق کردووەتەوە. ڕادەی ئەم کاریگەرییە ئەوەندە بەرفراوانە کە مەلەکیان وەک بیرمەندێکی ئیسلامی، بنەمای سیستمی فکریی خۆی لەژێر کاریگەریی تیۆلۆژیای مەسیحیەتدا دامەزراندووە[٢٧]. هەر بۆیە لە ڕوانگەی ئەودا شەریعەت پێگەیەکی ئەوتۆی نییە و هەر ئەوەش بووەتە هۆکاری لەدایکبوونی تاکەکەسێکی عیرفانی کە خۆی نەوەک لەناو پانتایی کۆمەڵایەتیی سیاسی، بەڵکوو لە پانتایی چاکە و ئەڤینی مەعنەویدا دەدۆزێتەوە.

لە ماوەی ١٠ ساڵ، لەنێوان ساڵانی ١٩٩٦ تا ٢٠٠٦، ڕووناکبیری ئایینی لە ئێران توانیی وەک دیسکۆرسێکی سیاسی بەهەژموون بێت و هاوکات تا ڕادەیەک بەستێنی سیاسیی ئێران بخاتە ژێر باندۆری خۆی. بەڵام ئەم دیسکۆرسە لە کۆتاییدا لە وەدەستهێنانی هێزی سیاسی تووشی شکست بوو، بەڵام وەک ڕەهەندێکی هزری لەناو چینی ناوەندی و لاوازی کۆمەڵگای ئێرانیی بەردەوامە. بە لەبەرچاوگرتنی دیالێکتیکی ڕابردوو و ئێستاکە، گەر بە تێرمینۆلۆژیایەکی ڕۆڵزییەوە سەیری گفتوگۆی نێوان لیبراڵیزمی سیاسی و هزریی ئەم ڕووناکبیرانە بکرێت، دەکرێ لەسەر ئەم چەند خاڵە داکۆکی بکرێت. شەبستەری لە کاتێکدا لە ڕوانگەیەکی تیۆلۆژیک سەبارەت بە ئیمکانی گونجانی ئیسلام و لیبراڵ-دیموکراسی دەدوێت، شەبستەری لە پرۆژەی ڕیفۆرماسیۆنی ئایینیی خۆیدا هاوکات سێ ستراتیژی دەگرێتە بەر، یەکەم: لەسەر ئەم برِوایەیە ئەگەر ئازادیی ویژدان و هزر لە کۆمەڵگایەکی سیاسیدا گەرەنتی نەکرێت، برِوای ئایینی و ئیسلامی دەرفەتی بۆ نارەخسێت و دووەم ستراتیژیای شەبستەری پێداچوونەوە لە شەریعەت و فیقهی ئیسلامی و بەشە پەیوەندیدارەکانی لەگەڵ "سنت"ی ئیسلامییە تاکوو لەگەڵ مافی مرۆڤ بگونجێنرێت و لە سێیەم ستراتیژی خۆیدا هەرووەک "النعیم" پێی وایە ئەوەی ئەمرۆکە زانا ئایینیەکان وەک خوێندنەوەی داسەپاو لە شەریعەت پێناسەی بۆ دەکەن، تەنیا یەکێک لە شرۆڤەکانە و دەرفەتی خوێندنەوەی نوێ لە ئایین لەلایەن کەسانی دیکەش هەیە. ئەمە لەسەر بنەمای تێفکرینی ڕۆڵزی بەرەو بەفەرمی ناسینی فرەیی و پلورالیزم لەناو لیبراڵیزمێکی سیاسی هەنگاو دەنێت. تا ڕادەیەکی زۆر سرووشیش وەک شەبستەری لەسەر ئەم برِوایەیە شەریعەت و فیقهـ دەرهاویشتەی ئیسلامە و هەر بۆیە یاساکانی شەریعەت دوای تێپەڕبوونی کات پێویستیان بە پێداچوونەوە هەیە و هەر لەسەر بنەمای پلورالیزمی ئایینی بەرگری لە دیموکراسی

دەکات[٢٨] و بە میتۆدی جیاوازتر لە شەبستەری، بەڵام هەروەک ئەو، پێی وایە ئەوە تێگەیشتنە جیاوازەکان لە ئایینن نەوەک خودی ئایین، کە دادوەری و سیاسەت دەکەن و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ وەک پێوەری حکومەتی دیموکراتی و نادیموکراتی سەیر دەکات[٢٩]. پێداگرییەکانی سرووش لەسەر عەقڵی گشتی و مافی مرۆڤ، ئەم ڕووناکبیرەش دەخاتە ناو پۆلێنبەندیی لیبراڵیزمی سیاسی. مەلەکیان بە پێشنیارکردنی تیۆری مەعنەویەت، لەسەرووی ئایین و پۆستئیسلامیزمەوە هەنگاو دەنێت و بە زمانێکی ڕۆڵزییەوە پێی وایە پەژراندنی فرەیی و پلورالیزم وەک دەرەنجامی سروشتی بەکارهێنانی عەقڵی مرۆڤ لە چارەسەرکردنی کێشەکاندایە[٣٠].

## دەرەنجام: پرسیار لەسەر دەرفەتەکانی خوڵقاندنی لیبراڵیزمی سیاسی لە ئێران

لەسەر بنەمای تێگەیشتن و نارەزایەتی دەربڕینی ئەم ڕووناکبیرە ئایینییانە لەمەڕ ناکارامەیی دەوڵەتی ئایینی، چەشنە بەرگریکردنێک لە دەوڵەتێکی سیکۆلار خۆی خستووەتە ڕوو. چەشنی تێگەیشتنی ئەم کەسانە لە دەوڵەتی سێکیوڵار –کەم و زۆر هەروەک ڕۆڵز- دەوڵەتێکی بێلایەن سەبارەت بە بیرۆکەی ئایینە و لەناو ئەم ڕووناکبیرە ئایینییانەدا، بەتایبەت شەبستەری پێی وایە دەوڵەتی سیکۆلار لەبەر ئەوەی بانگەوازی چەسپاندنی ئایین ناکات یان بە درۆ و تەفرەدان هەوڵ نادات یاسای ئایینی ئیسلام بچەسپێنێ، دەتوانێ بەرگریکاری ئیمانی تاکەکانیش بێت.

لە لایەکی ترەوە کۆدەنگییەک لەناو بەشێک لە ڕووناکبیرانی ئێرانی لەئارادایە کە بنەما مەعریفییەکانی مشتومڕ لەسەر باڵادەستیی ئایین لەناو دەوڵەت و فۆرمە سیاسییە گشتییەکان لە ئێرانی ئەمڕۆکە تا ڕادەیەک پەراوێز خراوە، بەڵام ئەم مشتومڕە لە ئاستی توێژی ڕووناکبیریدا پێویستی بە بەردەوامی هەیە. وەک دەرەنجامێکی زەقتربوونەوەی هزری لیبراڵیزمی سیاسی، ڕووناکبیرانی ئایینی و سیکۆلار تا ڕادەیەک بەم دەرەنجامە گەیشتوون کۆدەنگیی سیاسی-ئەخلاقی و پێکەوەسازانی مەعریفەتناسانە نەوەک پێویست نییە، بەڵکوو ئیمکانی خوڵقانیشی بۆ نییە و تەنانەت ئەگەر لە پانتایی حەقیقەتدا ناکۆکییەکان چارەسەر نەکرێن، ئەوە دەکرێ لە پانتایی دادپەروەریدا ئەم دوو توێژە جیاوازە هاوکاریی یەک بکەن. ئەمە وەک دەرەنجامێکی لیبراڵیزمی سیاسی، بەستێنێکی دیموکراتیانەی بۆ وتوێژ و هاوکاریی کۆمەڵایەتی لە ئاستی سەرەوە خوڵقاندووە.

بەڵام ئەوەی خاوەن گرینگییە، بەپێی بەڵگاندنەکانی ڕۆڵز، هەبوونی دەستوور و دەوڵەت وەک قەوارەیەکی بێلایەن لە ئاست ئایین، بێ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییە ئایینی، کۆمەڵایەتی و ڕەگەزییەکان لەناو دەستوورە. واتە لە لایەک هاوڵاتیان -وەک کارگێڕانی

دەوڵەت- پێویستە بتوانن تێگەیشتنێکی هاوبەشیان لەمەڕ دوو چەمکی چاکەی گشتی و دادپەروەری لەلاوە بخوڵقێت و لە ئاکامدا بۆ گونجاندنی پانتایی گشتی و دەستوورێکی لیبراڵ دیموکرات چاوخشاندنەوەیەک بەسەر شەریعەتدا بکەن، چونکە نابێت پرەنسیپەکانی شەریعەت لە ڕێگای دەوڵەتەوە وەک یاسا و سیاسەتی گشتی -تەنیا بەو هۆکارەی بەشێک لە کۆمەڵگا وەک شەریعەت باوەڕیان پێی هەیە- بکرێن بە یاسا و بسەپێنرن. شەبستەری لەسەر ئەم بنەمایە و بە مەبەستی چارەسەرکردنی پرسی دەستوور وەک لەمپەرێک، پێی وایە پێویستە لەنێوان لێکدانەوەی فقهی و لێکدانەوەی یاسایی لە دەستوور جیاوازی دابنرێت و گرینگی بخرێتە سەر بەشی دووەم کە پەیوەندیدار بە بەشی فۆڕمی حکومەت، ئەرکەکانی حکومەت و بایەخە یاسایی و سیاسییەکانە. بەڵام ئەوەی ڕوونە بێگومان پێشنیارەکانی شەبستەری و ڕووناکبیرە ئایینییەکانی تریش سەبارەت بە گونجاندنی سیکۆلاریزم یان دابەزاندنی ئاستی هەژموونی شەریعەت لەناو یاساکان و پێگەی مەلاکان لە فۆرمە سیاسییە گشتییەکان ناتوانێ دەفەرتی خوڵقاندنی لیبراڵیزمێکی سیاسی بخوڵقێنن. هەر بۆیە پێویستە دەستوور وەک پێکهاتەیەک سەرلەنوێ بنووسرێتەوە، بەڵام ئەمری واقیعی سیاسی لە ئێران نیشانی داوە پاژنەی دەرگای سیاسەت بە شێوازێکی پێچەوانە دەگەڕێت.

سەرچاوەکان:


- Ferrara, Alessandro. 2014. The Democratic Horizon: Hyperpluralism and the Renewal of Political Liberalism. New York: Cambridge University Press.

- Badamchi, M., 2017. Post-Islamist Political Theory: Iranian Intellectuals and Political Liberalism in Dialogue. s.l.:Springer.

- Mojtaba Mahdavi, 2011. Post-¬Islamist¬Trends¬¬ in¬ Postrevolutionary¬Iran. Comparative Studies of South Asia, Africa and the Middle East, 31(1), pp. 94-110.

- Badamchi, M., 2017. Post-Islamist Political Theory: Iranian Intellectuals and Political Liberalism in Dialogue. s.l.:Springer.

- Mojtaba Mahdavi, 2011. Post-¬Islamist¬Trends¬¬ in¬ Postrevolutionary¬Iran. Comparative Studies of South Asia, Africa and the Middle East, 31(1), pp. 94-110.

- Shahibzadeh, Y., 2016. Islamism and Post-Islamism in Iran. New York: Palgrave Macmillan.

- Tavassoli, S., 2011. Christian Encounter with iran:Engaging Muslim Thinkers after the Revolution. london: I.B.Tauris & Co Ltd.

- Rawls, John. 1980. Kantian Constructivism in Moral Theory. The Journal of Philosophy 77 (9): 515–572

- Fadel, "Political Liberalism, Islamic Family Law and Family Law Pluralism: Lessons from New York on Family Law Arbitration", p. 6 of the pdf version available at: http://papers.ssrn.com/sol3/papers. cfm?abstract_

- Commonweal Interview with John Rawls. 1999a In Collected Papers, ed. Samuel

Freeman, 616–622. Cambridge, MA/London: Harvard University Press.

- Political Liberalism. 1996 Paperback ed. New York: Columbia University Press.

- The Idea of Public Reason Revisited. 1997 The University of Chicago Law Review 64 (3): 765–807.

- The Law of Peoples; With the Idea of Public Reason Revisited. Cambridge, 1999a MA/ London: Harvard University Press.

- The Idea of Public Reason Revisited. 1997 The University of Chicago Law Review 64 (3): 765–807

- A Theory of Justice. Revised ed. 1999b Cambridge, MA: Harvard University Press.

- عەبدوڵا ئەحمەد النعیم، ئیسلام و دەوڵەتی سیکۆلار، ئازاد حاجی ئاقایی، سلێمانی، چاودێر، ٢٠١٧.

- محمد مجتهد شبستری، راه دشوار مردم سالاری، آفتاب، ٢٠٠١، 37-30.

1. Shahibzadeh, 2016, p. 101.

2. Rawls, “Commonweal Interview with John Rawls”, p. 616.

3. Rawls, Political Liberalism, p. 172.

4. Rawls, Political Liberalism, pp. lix–lx; Rawls, The Law of Peoples, p. 128.

5. Comprehensive liberalism

6. Ferrara, The Democratic Horizon, p. 72.

7. Rawls, A Theory of Justice, Revised Edition, 194.

8. Rawls, A Theory of Justice, Revised Edition, 194.

9. Rawls, “Kantian Constructivism in Moral Theory”, pp. 539–540.

10. Fadel, “The True, the Good and the Reasonable”, p. 7.

11. Fadel, “The True, the Good and the Reasonable”, pp. 8–9.

12. Rawls, “The Idea of Public Reason Revisited”, p. 784.

13. Rawls, Political Liberalism, p. 217.

14. Comperhensive doctrines

15. Public good

16. عەبدوڵا ئەحمەد النعیم: ئیسلام و دەوڵەتی سیکۆلار، ٢٤.

17. ڕۆڵز لەسەر ئەم باوەڕە بوو خوێندەوەی ڕیفۆرمیستیانەی "النعیم" لە شەریعەی ئیسلامی نموونەیەکی باشە کە پاڵپشتی لە بایەخە سیاسییەکانی عەقڵی گشتی و دەستوورخوازی دەکات. کتێبی ئیسلام و دەوڵەتی سیکۆلار کە لەلایەن نووسەری ئەم وتارەوە کراوە بە کوردی، باشترین نموونەی بەکارهێنانی بەڵگاندنەکانی ڕۆڵزی لەلایەن "النعیم"ەوەیە.

18. Public reason .

19. Reasoning.

20. بۆ وردەکاریی زیاتر لەسەر ئەم مژارە، بڕوانە: کتێبی عەبدوڵا ئەحمەد النعیم: ئیسلام و دەوڵەتی سیکۆلار.

21. عەبدوڵا ئەحمەد النعیم: ئیسلام و دەوڵەتی سیکۆلار، ٢٩.

22. Mojtaba Mahdavi, 2011.

23. بۆ زانیاریی وردتر سەبارەت بە وردەکارییەکانی ئەم وەرچەرخانە، بڕوانە: نامەی دکتۆرای نووسەر لەژێر ناوی: مطالعه تطبیقی نقش و جایگاه روشنفکران ایرانی در حوزه عمومی.

24. شبستری ، ٢٠٠١.

25. بۆ زانیاریی زیاتر، شبستەری لە کاکڵەی هزری خۆیدا زۆر لەژێر کاریگەریی نامیلکەی خوایی-سیاسیی سپینۆزادایە و سەرەڕای ئەوەی لە نووسراوەکانی خۆیدا ئاماژەیان پێ ناکات، زۆرێک لە لێکدانەوەکانی ڕاستەوخۆ دووپاتەی هەمان لێکدانەوەکانی سپینۆزان. مەلەکیانیش لەژێر کاریگەریی کییەر کێگۆر، ڤیتگنشتاین و تامس نیگل و سایمۆن ڤێیدایە.

26. Tavassoli, 2011, p. 151.

27. Tavassoli, 2011, p. 164.

28. BadamchiPost-Islamist Political Theory: p 81.

29. BadamchiPost-Islamist Political Theory: p 82.

30. BadamchiPost-Islamist Political Theory: p 82.

# مەرجەعیەتی شیعە و کاریگەرییان لەسەر کایەی سیاسی



بارام مەجیدخان

## بەرایی

شیعە وەک کاریگەرترین مەزهەبی ئیسلام، دیاردەیەکی مێژووکردە. تابووتی پەیامهێن (محەمەد (د. خ))، ئیسلامی کردە دوو ڕەوتی دژ بە یەک؛ بەشێک لەگەڵ هەڵبژاردنی جێگرەوەی پەیامهێن بوون و بەشێکیش لەگەڵ ئەوە بوون کە لەسەر وەسێتی پەیامهێن عەلیی کوڕی ئەبو تاڵیب جێگرەوەی "محەمەد (د. خ)"ە. ڕەوتی یەکەم کە ئەبوبەکر سەرکردایەتیی دەکرد، لەگەڵ هەڵبژاردن بوون (انتخاب). ڕەوتی دووەم کە عەلی سەرکردایەتیی دەکرد، لەگەڵ دانان بوون (انتصاب). ئەوەی لەم بابەتەدا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین، ڕەوتی دووەمی ئیسلام (شیعە)یە. شیعە لەگەڵ ئەوەی کە لەناو خۆیدا بە چەندین گرووپی جیاواز دابەش دەبێت (پێنج ئیمامی، حەوت



ئیمامی، داوانزە ئیمامی...)، بەڵام لە بنەما سەرەکییەکانیدا بە ڕێژەیەکی زۆر لێکچوون. فیقهی شیعی کە لەسەر بنەمای ئیمامەت دامەزراوە، ڕابەرایەتیی دینی و دنیایی بۆ ئیمامی مەعصووم دەگێڕێتەوە کە بە ئیمامی زەمان کۆتایی دێت و جیهان پڕ دەکات لە دادپەروەری. لە غیابی ئیمامی مەهدی، مەرجەعەکانی شیعە ئەرکی ڕابەرایەتیی موسوڵمانانی شیعەیان لە ئەستۆیە. مەرجەع باڵاترین دەسەڵاتی ئایینیی شیعەیە و گەورەترین و کاریگەرترین چەکیان "فەتوایە" کە دەکرێت فەتوای سیاسی بێت یاخود ئایینی. فیقهی سیاسیی شیعە دوو ئاڕاستەی جیاوازی هەیە: بەشێکیان کە بە مەراجعی کۆنەپارێز دەناسرێن، لەگەڵ گرتنەدەستی حکومەتی ئیسلامی نین، بەڵکوو ئەو مافە بۆ ئیمامی زەمان دەگێڕنەوە وەک "ئایەتوڵا ڕوحوڵا سیستانی"، وە بەشێکی تریان لەگەڵ گرتنەدەستی حکومەتی ئیسلامین کە لەژێر کاریگەریی تێزی (ویلایەتی فەقیهـ) "ئایەتوڵا ڕوحوڵا خومەینی" و "ئایەتوڵا حوسەین حەلی مونتەزیری" دان. گرووپە سیاسی و سەربازییەکانی شیعە لە عێراق (کە بە حەشدی شەعبی ناسراون)، هەریەک لەژێر کاریگەریی ئەم دوو تێزەی فیقهی شیعەدان. لەم لێکۆڵینەوەدا باش لەسەر جیاوازیی بۆچوونی سیستمی مەرجەعیەت ئەکەین و پاشان ئەو گرووپانەی ناو حەشدی شەعبی و دابەشبوونیان بەسەر مەرجەعیەتی شیعەدا.

**١. شیعیزم**

ڕێبازێکی سیاسی، سەربازی، ئیعتقادی، ڕادیکاڵیی ئیسلامییە. لە سەدەی یەکەمی کۆچی (سەدەی حەوتەمی زایینی) سەری هەڵدا، ئیمام عەلي کوڕی ئەبو تاڵیب (٥٩٩ز/٦٦٠ز) بە دامەزرێنەری سەرەکی و باوکی ڕۆحیی ئەم ڕێبازە دادەنرێت. ئەگەرچی دوای شەهیدکردنی ئیمام عەلی، مونەزیرەکان و فەقیهەکان و موفەسیرەکان زیاتر پەرەیان بە ڕێبازەکە دا.

ئەگەرچی لە سەرەتادا ئەم ڕێبازە؛ ڕێبازێکی سیاسی بوو، مەبەست لێی دەستگرتن و پشتیوانیکردن بوو لە خەلیفەی موسوڵمانان، بەڵام پاشان بوو بە ڕێبازێکی کەلامی و فیقهی کە بە مەزهەبی پێنجەمی موسوڵمانان هەژمار دەکرێت. "شێخ شەڵتوت یەکەم موفتیی زانکۆی ئەزهەر بوو، کە لە ساڵی ١٩٥٨ بەفەرمی دانی نا بە مەزهەبی شیعەدا وەک یەکێک لە ڕێبازە فیقهییەکانی ئیسلام"

چەمکی شیعە لە ڕووی زمانەوانییەوە، لە زمانی عەرەبیدا بە مانای "موشایەعە" دێت، واتە "شوێنکەوتن"، یان "سەرخستن"، یان "لایەنگری" دێت. چەمکی شیعە لە فەرهەنگی ئیسلامی و عەرەبیدا تەنیا بە شوێنکەوتووانی ئیمام عەلییەوە نووساوە. لە فەرهەنگ و تەفسیرە کلاسیکەکاندا لێکدانەوەی زۆر بۆ چەمکی شیعە کراوە، بەڵام هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەو موسوڵمانانەی کە خۆیان بە شوێنکەوتووی ئیمام عەلی دەزانن و ئەو

به جێگرەوەی پەیامهێن دەزانن و لە پێناو ئەم باوەڕەیان جەنگیون؛ بە شیعە ناوزەد دەکرێن.

ئەو بنەما سەرەکییانەی کە شیعەی لەسەر بونیات نراوە، سێ بنەمای سەرەکین.

**یەکەم:** یەکسانخوای و داد. هەمیشە شیعە لە ڕووی ئیعتقادییەوە نەرمیی نواندووە و هیچ کات چەقبەستوو نەبووە، هەستی بە پێویستیی گۆڕانکاریی کات و شوێن و کولتوور کردووە، پێشوازیی پەرەسەندنی عەقڵانیەتی کردووە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ژیانەوەی ئەم ڕێبازە.

**دووەم:** پەیامهێنی. لەم بنەمایەدا شیعە لەگەڵ زۆربەی ڕێبازەکانی دیکە هاوڕایە، زنجیرەی پەیامهێنان بە محەمەد (د. خ) کۆتایی پێ دێت.

**سێیەم:** ئیمامەت. ئیمامەت بە سەرەکیترین بنەمای تەشەیوع دادەنرێت. بە واتا: لەدوای پەیامهێن یەکێک لە خوێنی محەمەد (د. خ) دەبێتە ڕابەری موسوڵمانان.لە دیدی شیعەدا ئیمام "معصوم"ە، واتە پارێزراوە لە هەموو گوناه و هەڵە و تاوانێک. لە دیدی ڕێبازی شیعەی دوانزە ئیمامی، ئیمامەکان بە عەلیی کوڕی ئەبو تاڵیب دەست پێ دەکات و بە ئیمامی زەمان کۆتایی پێ دێت (واتە ئیمام مەهدی). بەڵام چەند ڕێبازی تری شیعە هەن کە ڕای جیاوازیان هەیە، وەک ڕێبازی زەیدییەکان کە پێیان وایە ئیمامەت لە ئیمام زەید کوڕی عەلیی کوڕی ئیمام حسێن کۆتایی پێ دێت، کە به ئیمامی پێنجەم ناسراوە. لە دیدی ڕێبازی ئیسماعیلیە، ڕابەرایەتی (ئیمامەت) لە ئیمام ئیسماعیل موبارەک کوڕی ئیمام جەعفەری سادق؛ ئیمامی شەشەم، کۆتایی پێ دێت (ڕاوی، ٢٠٢١).

**٢. مەرجەعیەت**

مەرجەعیەت لە ڕێبازی شیعە، گرنگیی زۆری هەیە. مەرجەع باڵاترین دەسەڵاتی دینی و دنیایی شیعەیە، کە لە ڕووی زانستی فیقهی و ئیسلامی بە زاناترین کەسی ئایینی هەژمار دەکرێت. ئەم پێگەیە کەس پێی نابەخشێت، بەڵکوو لە زاتی خۆیدا وەریدەگرێت. ڕۆحانییەکانی شیعە و شوێنکەوتووان (مقلد)؛ زانای ئەعلەم دەناسنەوە و شوێنی دەکەون. مەرجەع لە ڕێگەی کتێبی "توضیح المسائل"ی تایبەت بە خۆی وەڵامی کێشە فیقهی و ئایینییەکانی شوێنکەوتووانی خۆی دەداتەوە. بۆ شوێنکەوتووانی مەزهەبی شیعە، مەرجە کە "تقلید" لە مەرجەعی زیندوو بکەن نەوەک مردوو. مەرجەع پێگەی دیاری هەیە لە شیعەدا، وەکوو:

**- پێگەی زانستی**

سەرپەرشتیکردنی کاروباری حەوزەی عیلمییە، کە ناوەندی پەروەردەکردنی زانایانی ئایینی شیعەیە. زۆر جار مەرجەعەکان وەک زانای وانەبێژ لە حەوزەی عیلمییە کورسیی تایبەتیان هەیە، کە لە ئاستە باڵاکانی فیقه و زانستە ئیسلامییەکان وانە دەڵێنەوە.

**- پێگەی ئابووری**

زەکات و خومس و ئەو داهاتانەی کە لە دینی ئیسلامدا واجب کراوە لەسەر موسوڵمان، بەپێی مەرجەکانی فیقهی کۆ دەکرێتەوە و دەچێتە ژێر دەسەڵاتی مەرجەع بۆ دووبارە بەگەڕخستنەوەی ئەو داهاتانە لەناو موسوڵماناندا. ئەم پێگە ئابوورییە لە مێژووی حەوزەکانی عیلمییەی شیعەدا هۆکاری دەسەڵات و بە سەربەخۆ مانەوەی پێگەی مەرجەعیەت بووە لەناو موسوڵمانانی شیعەدا.

**- پێگەی سیاسی**

لە مێژووی مەرجەعیەتی شیعەدا ئەم دەسەڵاتە مشتومڕی زۆری لەسەرە. زۆربەی مەرجەعەکانی شیعە کەمتر ئەم دەسەڵاتەیان بەکار هێناوە، بەڵام لە دوو سەد ساڵی ڕابردوودا، لە قۆناغە سەختەکانی ژیانی شیعەکاندا، مەرجەعەکان ڕۆڵی گەورەیان بینیوە.

دەربارەی پێگە و کارکردی مەرجەعیەتی شیعە لە مێژوودا، هەمیشە وەک ناوەندی بڕیاردەر و قسەکەری مەزهەبی شیعە ڕۆڵی بینیوە. ئەم ڕۆڵە لە قۆناغە جیاوازەکاندا گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە. چەمکی دادوەری و چەمکی پەروەردە لە دەیەکانی ڕابردوودا کەمتر بووە. بە واتایەکی تر: چەمکی پەروەردە و دادوەریکردن لە پێگەی مەرجەعیەتی تەقلیدیی شیعە لاواز بووە. مەرجەعەکان کەمتر لە پێگەی دادوەریکردندا وەستاونەتەوە و پەروەردەکردنی گشتیی کۆمەڵگا لە ناوەندی حەوزەوە گوزراوەتەوە بۆ ناوەندەکانی ئەکادیمی. زانستخوازی لە زانستە ئایینییەکاندا لە ناوەندەکانی حەوزە نییە بەتەنها، بەڵکوو ناوەندە ئەکادیمییەکان و زانکۆکانیش بەشێک لەو ئەرکەیان لەسەر شان گرتووە. سەبارەت بە ڕۆڵی سیاسیی مەرجەعیەتیش، مەرجەعیەتی تەقلیدی کەمتر خوازیارن کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان بەسەر دەوڵەتەوە هەبێت. پێیان وایە لە غیابی ئیمامی زەمان حکومەتکردن حەرامە، ئەم مافە تەنها بۆ ئیمامی غائیب دەگەڕێتەوە. بەڵام تێزی ویلایەتی فەقیهە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران پەیڕەویی دەکات، بڕوایان بە جیاکاری لەنێوان دین و دەوڵەتدا نییە.

### ٣. جیۆپۆلەتیکی شیعە

جیهانی شیعە وەک لە ڕووی ڕێکخراوەیی و ئایینی و کولتوورییەوە جیاوازیی تێدایە، ڕوخساری سیاسی و جیۆپۆلەتیکیی جیاوازی هەیە. دوو پانتایی نەتەوەیی و کولتووری زاڵە بەسەریدا: جیهانی عەرەبی و جیهانی فارسی. بەشێک لە نەتەوەی تورک و هیندیش جوگرافیای شیعەی لەخۆ گرتووە. شیعە دابەش دەبێت بەسەر چەندین فیرقەی جیاوازدا کە هەندێکیان لە مێژوودا بەجێ ماون، بەڵام دیارترینیان زەیدیە و ئیسماعیلیە و دوانزە ئیمامین.

شیعەی زەیدی بە یەکەم دابەشبوونی دنیای شیعە هەژمار دەکرێت، کە لە ساڵی ٧٦٠ی زایینی ڕووی دا. زەیدیە لە سەدەی

نۆیەمی زایینی توانیی دەسەڵاتی خۆی بەسەر تەبەرستان و مازندەرانی ئێران جێگیر بکات، بەڵام ئێستا لە ناوچە شاخاوییەکانی یەمەن یشتەجێن. ئەمان تەنها دان بە ئیمامەتیی "ئال عەلی" دا دەنێن بە ئیمامەتی موسوڵمانان، کە لە ئەولادی نەپچڕاوەی ئیمام عەلی بن. گرووپی دووەمی شیعەکان بە ئیسماعیلیە ناسراون، حەوت ئیمامییشیان پێ دەوترێت. جیابوونەوەی ئەم فیرقەیەی شیعە لە ساڵی ٧٥٥ی زایینی ڕووی دا. بەراورد بە فیرقەی زەیدیە، ئیسماعیلیەکان کاریگەرترین فیرقەی شیعە بوون کە توانییان گەورەترین جیابووەنەوە و درز لە ماڵی شیعەدا دروست بکەن، وە توانایەکی لەڕادەبەدەری ئۆپۆزسیۆنێکی چالاک لە خۆیاندا نیشان بدەن. فاتمییەکان لە میسر بەشێک بوون لە ئیسماعیلیەکان کە توانییان دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست. گرووپی سێیەم کە شیعەی دوانزە ئیمامین، ئێستا زۆرینەی ڕەهای شیعەن لە دنیای ئیسلامدا لە وڵاتانی عێراق و ئێران و لوبنان و وڵاتانی عەرەبی بوونیان هەیە.

### ئێران

وەک ناوەندی جوگرافی، شیعەی ئێران زۆرترین ژمارەی دانیشتووانی شیعەی جیهان پێک دەهێنێت. جێگیربوونی شیعە لە ئێران، لە هەلومەرجێکی تایبەت گەشەی کرد. "کاتێک پاشایەتیی سەفەوی لە ئێران ساڵی ١٥٠١دا

**ئاماژەکان پێمان دەڵێن کە زۆرینەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات شیعەمەزهەبن. بەتایبەت کە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران لە هەردوو پارێزگای خوراسانی ڕەزەوی و خۆراسانی باکوور**

مەزهەبی شیعەی سەپاند بەسەر ئێراندا، دۆخی دنیای سوننە لە گەشەسەندنێکی فراواندا بوو". کەسانی وەک دکتۆر عەلی شەریعەتی باس لە شیعەی عەلەوی و شیعەی سەفەوی دەکات. ئەو پێی وایە شیعەی عەلەوی خەنجەرێک بوو لە پشتەوە لە ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی وەشا. سەدەی شانزە وەک لە ئەورووپا بە چاخی ڕێنسانس ناسراوە، لە دنیای ئیسلامیشدا بە سەردەمی ڕێنسانسی شیعە هەژمار دەکرێت. شیعەی سەفەوی لە ئێران گرووتینی زۆری بەخشی بە شیعە لە ناوچەکانی تری دنیای ئیسلام، بەڵام بەکارهێنانی هێز بەتەواوی نەیتوانی ئێران لە سوننە پاک بکاتەوە. ڕێبازی شیعە لە ناوەندی ئێران جێگیر کرا، بەڵام سنوورەکانی ئێران لە چوار لاوە گەمارۆ دراوە بە سوننە. هەر چوار قووڵایی ستراتیجیی ئێران

کە ئێران بەسەر وڵاتانی ناوچەکە دەکاتەوە، سوننە ئامادەگییان هەیە. لە ڕۆژئاوای ئێران و بەشێک لە ناوچە کوردی و سنوورییەکان سوننەمەزهەبن. لە باکووری ئێران؛ تورکمانەکان و تاڵشییەکان، وە لە ڕۆژهەڵاتی ئێران و باشووری خۆراسان سوننەمەزهەبن. هەروەها قووڵایی باشووری ئێران؛ سیستان و بەلوچستان سوننەن. ئەمەش وەک خاڵی لاوازی ئێران هەژمار ئەکرێت. هەر چییش پەیوەستە بە دانیشتووانی کورد لە کوردستان، ئێران هەر چەندە ئاماری فەرمیی حکومەتی بەدەستەوە نییە، بەڵام ئاماژەکان پێمان دەڵێن کە زۆرینەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات شیعەمەزهەبن. بەتایبەت کە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران لە هەردوو پارێزگای خوراسانی ڕەزەوی و خۆراسانی باکوور ئامارەکە دەسەلمێنێ. ژمارەی کوردەکانی خۆراسان ئێستا بە دوو ملیۆن کورد مەزەندە دەکرێت. شیعە وەک هێزێکی بە توان کاریگەری خۆی بەسەر جوگرافیای سیاسیی ئێرانەوە بەجێ دەهێڵێت، بەتایبەت لە ساڵی ١٨٩٠دا ئەم ململانێیە لەنێوان سەڵتەنەت و مەرجەعیەت نزیکەی سەد ساڵی خایاند، کە لە سەرەتای سەدەی بیست شۆڕشی مەشرووتەی ئێرانی لێ کەوتەوە و پاشان لە ساڵی ١٩٧٩ بە شۆڕشی کۆماری ئیسلامیی ئێران کۆتایی بەم ململانێیە هات. شۆڕشی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە یەکەم سەرکەوتنی شیعە لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی هەژمار دەکرێت.

### عێراق

بە دوو هۆکار، بە ناوەندێکی پیرۆزی دنیای شیعە هەژمار دەکرێت: یەکەمیان: مەزاری بەشێکی ئیمامەکانی شیعە لە عێراقە، وەکوو: ئیمام عەلی، ئیمام حسێن و ئیمام موسای کاظم. هۆکاری دووەم: بنکەی سەرەکیی مەرجەعیەت و حەوزەی عیلمیە لە شاری نەجەف. شیعە لە عێراق زۆرینەی مەزهەبی لە عێراق پێک دەهێنن. "شیعەکان ٧٥٪ی عەرەبەکانی عێراق و ٥٥-٦٠٪ی تەواوی دانیشتووانی عێراق پێک دەهێنن، بەگشتی عەرەبە شیعەکانی عێراق لە ناوەڕاست و باشووری عێراق نیشتەجێن، بە بەغدادی پایتەختیشەوە. تا پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو سوننەکان زۆرینەی دانیشتووانی بەغدادیان پێک دەهێنا، بەڵام ئێستا شیعەکان زۆرینەن لەو شارە. بەگشتی لە عێراق تا کۆتایی سەدەی نۆزدە کەمینە بوون". شیعەکانی عێراق زۆربەیان عەرەبن، بەڵام شیعەی کورد و شیعەی تورکمان و کوردە شەبەکەکانیش هەن. "بە درێژایی مێژوو ناوەندە بەهێزەکانی شیعەگەری لە باشووری عێراقدا بنکەیان داکوتاوە. شارەکانی بەسرە، کەربەلا، نەجەف، کووفە، کازمیە (کە گەڕەکێکی شاری بەغدایە)؛ بەبەردەوامی ناوەندی خوێندن و بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی شیعەگەری بوون". ڕێژەی کوردی شیعەمەزهەب لە عێراق ئامارێکی باوەڕپێکراو بەردەست نییە. "کوردستان بە

هۆی نەرمی و لێبوردەیی گەلی کورد لەهەنبەر فرە چەشنی و فرە ئایینیدا، شوێنێکی هێمن و متمانەدار بۆ برەوپێدانی باوەڕ و ئایینە جیاجیاکان بووە و هەیە". سەرەڕای هاتوچۆ و نیشتەجێبوونی هەندێک لە کەسایەتییەکانی شیعە لە سەدەکانی سەرەتای ئیسلام لە ناوچەکانی کوردستان و ئاشنابوونی خەڵکی کورد لەگەڵ هەندێک بنەما هزرییەکانی شیعە، پەرەسەندنی بیروباوەڕی شیعە بۆ سەدەکانی حەوت و هەشتی کۆچی کە قۆناغی دەسەلاتدارێتیی ئیلخانییەکان و دواتر تورکمانەکان بەسەر بەشێک لە ناوچەکانی کوردستاندا بووە' دەگەڕێتەوە. عێراق وەک ناوەندێکی بەهێزی شیعە لە دەروازەکانی ڕۆژهەلاتی دنیای عەرەب، گرنگیی زۆری هەم بۆ جیهانی عەرەبی و هەم جیهانی شیعی هەیە. لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، دیمۆگرافیی شیعە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. مەزهەبی شیعە لە عێراقدا بە شێوەیەکی خێرا لە گشتگیری و بڵاوبوونەوەدا بووە. هەروەها لە سەرەتای سەدەی بیست کە دەوڵەتی عێراق لەسەر دەستی ئینگلیزەکان دامەزرا، دوو پێکهاتەی ئایینی و قەومی دامەزراوە کە ڕوخساری سیاسیی ئەم دەوڵەتە تازەیە هەر لە سەرەتاوە لاواز بووە، هەر ئەمەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی کە کردارە ستراتیجییەکانی دەوڵەتانی دراوسێ؛ ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر پێکهاتە قەومی و مەزهەبییەکەی عێراق هەبێت.

## لوبنان

بۆ دیراسەکردنی شوناسی شیعە لە لوبنان، پێویستە دوو فاکت لەبەرچاو بگرین: یەکەمیان: ئەوەی کە شیعەی لوبنان لە کەمینەیەکی مەزهەبییەوە بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێت کە وەک میللەت سەیریان بکەین. فاکتی دووەم: ئەوەیە کە لە بزووتنەوەیەکی بەرهەڵستیکارەوە بەرەو حکومەتکردن هەنگاو دەنێت، ئەویش بەو هۆکارەی کە دنیای شیعە و بەتایبەت ئێران پشتیوانیی زۆری کردوون و خەرجیی زۆری کردووە لەو بوارەدا.

دوو کەسایەتیی سیاسی و مەزهەبی کاریگەریی زۆریان بەسەر بزووتنەوەی شیعە لە لوبنان هەبووە: ئیمام مووسا سەدر (١٩٢٨-١٩٧٨) کە لە شاری قومی ئێران هاتووەتە دنیا، وەکوو نوێنەری ئایەتوڵا موحسین بروجەرسی و ئایەتوڵا موحسین حەکیم لە لوبنان کاری کردووە، چەندین ڕێکخراوی لە لوبنان بۆ هاوکاریکردنی شیعەکان بونیات ناوە و پاشان بزووتنەوەی "ئەمەلی ئیسلامی" دادەمەزرێنێت. لە ساڵی ١٩٧٨ بە شێوەیەکی گوماناوی دیار نامێنێت، تا ئێستا نازانرێت چۆن و لەلایەن کێوە ڕفێنراوە. مووسا سەدر وەک کەسایەتییەکی کاریزمیی شۆڕشگێڕ کاریگەریی زۆری بەسەر شیعەکانی لوبنان و ئێرانیشەوە بەجێ هێشت. کەسایەتیی دووەم: عەلی ئەکبەری موحتەشەمی پور (١٩٤٧-٢٠٢١)، کەسایەتیی رادیکاڵی ئیسلامی کە بە باوکی ڕۆحیی حزبوڵڵای لوبنان

ناوزەد دەكرێت. لە حكومەتی دووەمی "میر حسێن مووسا"، پۆستی وەزیری ناوخۆی هەبووە. بڕوای بەهێزی بە هەناردەكردنی شۆڕشی ئێرانی بۆ دەرەوەی سنوورەكانی هەبووە. موحتەشەمی ڕۆڵی سەرەكیی لە بونیاتنانی حزبوڵڵای لوبنان هەبووە. لەپاش كۆتاییهاتنی شەڕی ئێران و عێراق، لەگەڵ داگیركردنی كوێت بوو لەلایەن عێراقەوە و پێی وا بوو دەكرێت ئێران و عێراق یەک بگرن دژی ئەمەریكا. خوێندكاری ئیمام خومەینی و ئایەتوڵا خۆیی ووە. لە ساڵی (٢٠١٠)ەوە بە دوور لە چاوی میدیاكان بۆ ماوەی دە ساڵ لە نەجەف ژیانی بەسەر دەبرد تا لە ٢٠٢١/٦/٧ بەبێ ئەوەی دەنگدانەوەی میدیایی هەبێت، لە نەجەف كۆچی دوایی كرد.

پێشینەی ڕێكخراوە سیاسی و مەزهەبییەكانی شیعەی لوبنان بۆ ساڵەكانی ١٩٧٠ی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە.

- مەجلیسی باڵای شیعەكانی لوبنان: كە زیاتر ڕێكخراوێكی كولتووری و سەقافی بوو، لەلایەن ئیمام مووسا سەدر لە ساڵی ١٩٦٩دا دامەزرا. محەمەد شەمسەدین و عەبدولئەمیر قەبلان سەرۆكایەتیی ڕێكخراوەكەیان كردووە.

- بزووتنەوەی ئەمەل: كە ڕێكخراوێكی سیاسییە، لە ساڵی ١٩٧٠ لەلایەن ئیمام مووسا سەدر دامەزرا. پاشان دكتۆر مستەفا چەمران كە یەكێک لە فەرماندە سەربازییەكانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بوو، سەرۆكایەتیی بزووتنەوەكەی گرتە دەست. لە سەروبەندی هێرشی ئیسرائیل بۆ لوبنان، "نبیە بری" وەک سەرۆكی بزووتنەوەی ئەمەل پەیوەست بوو بە هێزە سیاسییەكانی لوبنان بۆ وتووێژ لەگەڵ ئیسرائیل لە چوارچێوەی پرۆژەی ڕزگاریی نیشتمانی، ئەمەش نارەزایی شیعەكان و سەرەتای دروستبوونی حزبوڵڵای لوبنانی لێ كەوتەوە.

- حزبوڵڵا: لە ساڵی ١٩٨٢ دامەزراوە، هەر لە سەرەتاوە لەژێر چاودێری و پشتیوانیی ئێران بووە. یەكەم ئۆپەراسیۆنی خۆكوژی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دژی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٨٢ لەلایەن ئەوانەوە ئەنجام درا. حزبوڵڵا وەک ڕێكخراوێكی سیاسی و سەربازی، ڕۆڵی كاریگەری هەبووە لە بەرەنگاربوونەوەی هێرشی سوپای ئیسرائیل بۆ لوبنان. لە كاتێكدا حكومەتی لوبنان توانای بەرگریی زۆر لاواز بووە، هیچ كات دژی پرچەككردنی حزبوڵڵا لەلایەن ئێرانەوە نەوەستاوەتەوە. دوو ڕووداوی مێژوویی كاریگەرییان بەسەر شیعەی لوبنان و حزبوڵڵا بەجێهێشتوە: "یەكەمیان شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ و پاشان هێرشی ئیسرائیل بۆ لوبنان لە ساڵی ١٩٨٢. حزبوڵڵای لوبنانیش ئەو دوو فاكتە كاریگەریی زۆری لەسەر داناون.

شیعەی لوبنان وەک كیانێكی سیاسی لەلایەن فەرەنسییەكانەوە لە میساقی نەتەوەی لوبناندا جێگیر كراوە، بەڵام گۆڕانكارییەكانی ناوخۆی لوبنان؛ شیعەكانی كردە دوو بەش كە بەشێكیان لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەكران، وەک حزبوڵڵای لوبنانی و بەشەكەی تریان

لەلایەن سووریاوە پشتیوانی دەکرێن، وەک بزووتنەوەی ئەمەل. کاریگەریی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان، ڕۆڵی شیعەی لوبنانی سەر ئاستی دنیای عەرەبی گرنگ خستە بەرچاو کە جیاواز لە بزووتنەوەیەکی شیعی، بەڵکوو دنیای عەرەب خەونەکانی خۆی بۆ دژایەتیکردنی ئیسرائیل خستە مەلەفی شیعەی لوبنانی و ئەمەش ڕۆڵی حزبوڵڵای گەورەتر کرد لە ناوچەکەدا. هاوسەنگیی هێز لەبەرامبەر ئیسرائیل و هەڕەشەی حزبوڵڵا بۆ سەر دانیشتووانی ئیسرائیل، کاریگەریی سیاسیی گەورەی بەسەر سیاسەتی ناوخۆی ئیسرائیلەوە بەجێ هێشت.

**یەمەن**

پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی یەمەن عەشایرییە. زۆرینەی ڕەهای دانیشتووانەکەی موسوڵمانن (٩٩٪)، کە دابەش بوون بەسەر زۆرینەی موسوڵمانی شافیعی (٧٥-٨٠٪) و موسوڵمانی شیعەی زەیدی (٢٠-٢٥٪)، کە (١.٥٪)ی کۆی موسوڵمانانی جیهان پێک دێنن، بە ژمارەی دانیشتووان نزیکەی ٢٧ ملیۆنی سەرژمێریی ساڵی ٢٠١٥.

یەمەن لە دەستەی ئەو وڵاتانەیە کە پەنابەر هەناردە دەکات بۆ ئەو وڵاتانەی کە بەرهەمهێنی نەوتن و ئارەزووی پەنابەران دەکاتەوە بۆ جێهێشتنی وڵات. لە هەمان کاتدا یەمەن لەناو وڵاتانی عەرەبی بە ناوەندی تەقینەوەی زاوزێ و هەڵکشانی دانیشتووانەکەی، لە ڕیزبەندیی یەکەمدایە. بۆ تێگەیشتن لە جیۆپۆلەتیکی شیعە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی وڵاتانی عەرەبیی خەلیج و سعودیە، پێویستە ئاوڕێک لە سیمای دیمۆگرافیی ئەو وڵاتانە بدەینەوە. بێگانەکانی ناعەرەب سێ لەسەر چواری ژمارەی دانیشتووانی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و وڵاتی قەتەر پێک دەهێنن و دوو لەسەر سێی وڵاتی کوێت و یەک لەسەر چوای وڵاتی سعودیە پێک دەهێنن. ئەم گاپە گەورەیە لەنێوان دانیشتووانی ڕەسەن و ئەو هاوڵاتییانەی کە وەک هاوڵاتیی هاوردە تەماشا دەکرێن، سیمای ناوچەکەی بە شێوەکی گشتی گۆڕیوە و کاریگەرییە سیاسی و دیمۆگرافییەکانی دەبێتە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی ناوچەکە بەگشتی.

یەمەن و حوسییەکان لە سەدەی ڕابردووەوە لە کێشمەکێشێکی قورسدا دەژین. سەرەتای قەیرانی حوکمڕانی و ئەزمەی شیعی لە یەمەن، دەگەڕێتەوە بۆ سییەکانی سەدەی ڕابردوو کە یەمەنییەکان لە جەنگ لەگەڵ برا سعودییەکانی خۆیان شکستیان خوارد. یەمەن بەناچاری پارێزگای عەسیری کە شیعەی زەیدی بوون ڕادەستی سعودیەکان کرد.

کێشەی حوسییەکانی یەمەن کە لە قەبیلەی هەمەدانین، لە ناوچەی "سەعدە"ی یەمەن دەژین، لە ساڵی ٢٠٠٤ تەقییەوە کاتێک "حسێن بەدرەدینی حوثی" لەلایەن هێزەکانی "عەلی عبدوڵا ساڵح" کوژرا. عەبدولمەلیک حوثی و یەحیا

حوثی ڕابەرایەتیی بزووتنەوەکەیان لەژێر ناوی "ئەنساروڵڵا" گرتە دەست.

ئەنساروڵڵا ناوی فەرمیی ئەو گرووپەیە کە بە ناوی حوثییەکان ناسراون. لە ماوەی بیست ساڵدا دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ناوچەیەکی فراوانی یەمەندا سەپاند، بەتایبەت پایتەختی وڵاتەکە. ئەنساروڵڵا لە ڕەحمی گرووپێک بە ناوی "شەباب ئەلموئمینین"کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٠ لە پارێزگای سەعدە بونیات نرابوو، دروست بوون.

قەیرانی یەمەن لە هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەو ڕاستییەمان دەخاتە بەردەم کە ململانێی ئێران و سعودیە لەسەر خاکی یەمەن و جەنگی بەوەکالەت؛ لە قورسترین ئاستی خۆیدا بەڕێوە دەچێت. یەمەن ناوەندی ئەو ڕێبازە لە شیعەیە کە لە دەرەوەی شیعەی دوانزە ئیمامی و لەژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئێراندایە. دوورنمای چارەسەری کێشەکان پەیوەستە بە چارەسەری کێشەکانی ئێران لەسەر ئاستی جیهانی و ناوچەکە.

### وڵاتانی تر

وڵاتانی وەک کۆماری ئازەربایجان کە زۆرینەی ڕەهای شیعەیە و دراوسێ هەرە نزیکی ئێرانە، بەڵام لە بەر رۆشنای سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران وەک ناوچەی ژێردەسەڵاتی ئێران. هەر چەندە لە ڕووی مەزهەبییەوە لەژێر کاریگەریی مەراجعی تورکی شیعەی ئێراندایە، لە قەیرانەکانی ئازەربایجان و ئەرمەنستان ڕۆڵی ئێران پشتیوانی نەبوو لە حکومەتی ئازەربایجان، بەڵکوو وەک پشتیوانێکی شاراوەی ئەرمەن دەرکەوتن. ئەفغانستان و پاکستان و هیند بە شێوەیەکی پەڕاکەندە و وەک کەمینەی مەزهەبی شیعە و هێزی کاریگەری سیاسی و کولتووری و مەزهەبی و کۆمەڵایەتی بوونیان هەیە. دابەشبوونی شیعە لە جوگرافیای دنیای ئیسلام، ئەو ڕاستییەمان بەبیر دەخاتەوە کە لە ماوەی پێنج سەد ساڵی ڕابردوودا مەزهەبی شیعە لە گەشەکردنی بەردەوام و خێرا و ژمارەی دانیشتووانی وەک مەزهەبێکی کاریگەر جێپەنجەیان بەسەر ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر بەدەردەکەوێت.

### ٤. مەرجەعیەت وکایەی سیاسی

مەرجەعیەتی شیعە لەپاش فەوتی شێخی موفید گوازرایەوە بۆ نەجەف. محەمەد حەسەن نەجەفی (١٧٨٥-١٨٤٩)؛ یەکەم مەرجەعی شیعی بوو کە حەوزەی عیلمیەی لە شاری نەجەف ڕێک خست و سیستمی مەرجەعیەت بەو شێوازەی ئێستای لەژێر کاریگەریی ئەم مەرجەعە باڵایەی شیعەدا بوو، کە کاریگەریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی زۆری بەسەر دنیای شیعە و شاری نەجەفەوە هەبوو.

مەرجەعە باڵاکانی دنیای شیعە کە لە مێژووی هاوچەرخی شیعەدا کاریگەریی سیاسیی زۆر گەورەیان بەجێ هێشتووە و ڕاستەوخۆ لە ململانێ سیاسییەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکاریی ئیستعماری و چ لەسەر ئاستی

ناوخۆیی و ستەمکاری ناوخۆ. نەجەف وەک سێیەمین شاری پیرۆزی دنیای ئیسلام لەپاش مەککە و مەدینە، ناوەندی هەرە بەهێزی دنیای شیعە و مەرجەعە باڵاکانی ناسراوە. لە سەدەی هەژدە بەدواوە کە ئایەتوڵا عەبدولکەریم حائری یەزدی (١٨٥٩-١٩٣٧) لە ساڵی ١٩٢١ حەوزەی قوم ئاوەدان دەکاتەوە، نەجەف بە قورسایی خۆی بەردەوامە لە پەروەردەکردنی زانا ئایینییەکانی شیعە. کاریگەریی مەراجعی ئێرانی لە ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکاریی بەریتانیا و فەتوای بەناوبانگی سەید محەمەد حەسەن شیرازی (ئایەتوڵا شیرازی (١٨١٥-١٨٩٦)) سەبارەت بە تەحریمکردنی تووتن و لێدان لە بەرژەوەندییەکانی کۆمپانیاکانی بەریتانی، دنیای شیعە وەک واقعێکی بەهێز ڕوخساری خۆی نیشان دەدات. لەژێر عەبای ئایەتوڵا شیرازی، سەید جەمالەدین ئەفغانی دێتە دەر کە ڕۆڵی گەورەی بینی لە وشیارکردنەوەی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات. ڕووبەڕووبوونەوەی مەرجەعیەت و سەڵتەنەت لە ئێران بوو بە ململانێیەکی ڕاستەوخۆ ، لە پاشان بە ململانێیەکی مێژوویی کە شۆڕشی مەشرووتەی ئێرانی خولقاند، کە بە یەکەمین شۆڕشی میللەتانی ئێران لە مێژووی هاوچەرخدا هەژمار دەکرێت. مەراجعی وەک سەید محەمەد کاظم یەزدی و ئایەتوڵا کاشانی ڕۆڵی کاریگەریان هەبوو. بۆ یەکەم جار جیاوازیی بیری سیاسیی شیعە لەنێوان مەرجەعیەتی شیعەدا دەرکەوت و وەک دوو بەرەی جیاواز لە ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسەتی بەریتانیا دەرکەوتن.

لەگەڵ دەرکەوتنی قوم وەک ناوەندێکی کاریگەری دنیای شیعە، مەراجعی گەورە لە ئێران سەریان هەڵدا و ململانێی سیستمی پاشایەتی و سیستمی مەرجەعیەت بە شکستی پاشایەتیی ٢٥٠٠ ساڵەی ئێران لە شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانی ١٩٧٩ کۆتایی پێ هات. ئایەتوڵا خومەینی وەک مەرجەعی باڵای شیعە، لە دنیای ئیسلام وەک بەهێزترین کەسایەتیی دینی و سیاسی توانیی سیستمی حوکمڕانیی ئێران لەسەر بنەمای تێزی ویلایەتی فەقیهـ دابمەزرێنێ.

حەوزەی نەجەف لەپاش ڕووخانی حوکمی بەعس لە عێراق، ئەستێرەی نەجەفی جارێکی تر درەوشاندەوە. نزیکەی پەنجا مەرجەعی شیعی لە دنیادا کاروبارەکانی ئەم مەزهەبە بەڕێوە دەبەن. ئایەتوڵا سەید موحسین حەکیم (١٨٨٩-١٩٧٠) وەک کەسایەتییەکی بەهێز دژی داگیرکاریی بەریتانییەکان وەستایەوە. حەکیم لەگەڵ پێکەوەژیانی هەموو پێکهاتەکانی عێراق بوو. لەگەڵ سوننەی عێراق و گەلی کورد پەیوەندیی باشی هەبوو. فەتوای مێژوویی حەکیم بە حەرامکردنی شەڕ لە دژی کورد بوو، بە بنەمای پەیوەندیی مێژوویی کورد و شیعە لە عێراق. حەکیم لەپاش ئایەتوڵا بروجەردی وەک مەرجەعی باڵای شیعە ناسرا. لەپاش ئەو، ئایەتوڵا ئەبولقاسم خۆیی (١٨٩٩ - ١٩٩٢) وەک مەرجەعی باڵای شیعە دیاری کرا. خۆیی لەژێر

گوشاری توندی بەعسییەکان لە عێراق و لە سەرەتای دەستپێکی شەڕی ئێران عێراق، داوای حکومەتی ڕەت کردەوە کە دژی حکومەتی ئێران فەتوا دەربکات، ئۆتۆمبێلەکەیان تەقاندەوە و لە ساڵی ١٩٨٠دا محەمەد باقر صەدر و خوشکەکەی و دەیان کەس لە خوێندکارەکانی لە لە زیندان کوژران. خۆیی بە دەیان کەسایەتیی ئایینیی لای خۆی پەروەردە کرد مامۆستایەکی مەزن بوو لە بواری زانستە ئایینییەکان.

ئایەتوڵا خۆیی لە سەرەمەرگیدا لە ساڵی ١٩٩٢دا، داوا لە ئایەتوڵا سیستانی (١٩٣٠- ؟) دەکات کە پێشنوێژی بکات و ئەمە وەک دەستپێکی دەرکەوتنی مەرجەعیەتی سیستانی و ڕۆڵی لە داهاتووی سیاسیی عێراق و جیهانی ئیسلامی بوو.

ئایەتوڵا سیستانی کاریگەرترین کەسایەتیی عێراقییە لەپاش ڕووخانی ڕژێم (٢٠٠٣). کەسایەتییەکی گۆشەگیر و پڕ هەیبەتی شیعەیە. شێوازی کاری سیاسیی ئەو مەرجەعە ناڕاستەوخۆ و دیاریکراوە، بەتایبەت هاوکاریکردنی دەوڵەتێکی مەدەنیی دیموکراتی سەرنجی بەشێکی زۆری سیاسییە جیهانییەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە. نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و بان کیمۆن سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە، لە نزیکەوە دیداریان لەگەڵ ئەنجام داوە لە ساڵی ٢٠١٤، لەگەڵ ئەوەی سیستانی بەوە ناسراوە کە دیدار لەگەڵ سەرکردە سیاسییەکان ئەنجام نادات، بەڵام نەتەوە یەکگرتووەکانی وەک حاڵەتێکی تایبەت هەژمار کرد. وەک ڕۆڵی ئەو مەرجەعە؛ لە سیاسەتی ناوخۆ زیاتر ڕۆشن و ئاشکرا دەبێت، بەتایبەت ڕۆڵی لە پشتیوانیکردنی دەستووری عێراق و پێداگریی لە دانانی لێژنەیەکی دەستووری. ڕۆڵی سیستانی لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی کۆمەڵایەتی، پایەیەکی ئێجگار گەورەی پێ بەخشیوە. پشتیوانیکردنی ئاشتی و دوورخستنەوەی خەڵک لە شەڕی تائیفی و مەزهەبی لە عێراقدا و بەدوورگرتنی هێزە کۆمەڵایەتییەکانی عێراق لە تۆڵەی توندوتیژ و خوێنڕشتنی پێکهاتەکانی عێراق. کاتی شەڕی داعش لە عێراق و مەترسییەکانی، فەرمانی بە بەرگریکردن لە عێراقدا بە هەموو پێکهاتەکانیەوە کە دژی ئەم پیلانگێڕییە بوەستنەوە. حەشدی شەعبی بە فەرمانی ئەو لە ٢٠١٤دا دامەزرا. وەک کاریگەرترین کەسایەتی بەسەر حەشدەوە، ڕۆڵی ڕزگارکردنی عێراقی بینی لەبەرامبەر هەڕەشەی تیرۆری داعش. لە کاتێکدا کە سوپای عێراق لە بەریەک هەڵوەشابوو و عێراقییەکان نائومێد لە یارمەتیی نێودەوڵەتی و لاوازیی حکومەتی ناوەند، ڕۆڵی سیستانیی بەرجەستەتر کرد.

لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی سیستانی، باسوخواس لەسەر خەلیفە و جێنشینی ئەو مەرجەعە بووەتە جێگای مەترسی بۆ عێراق و ناوچەکە و جیهانی ئیسلامی. لەگەڵ ئەوەی مەرجەعیەتی ئایەتوڵا خامنەیی لە ئێران وەک مەرجەعی باڵای حکومەتی و مەزهەبی دەتوانێت ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە، بەڵام زۆرێک لە لایەنگرانی سیستانی لەگەڵ تێزی ویلایەتی

فەقیهە یەک ناگرنەوە. لایەنگرانی سیستانی لە سەرتاسەری عالەمی ئیسلامی بڵاون. لە حەوزەی نەجەف، سێ ئایەتوڵا زۆر بەهێز و بێدەنگ لەدەوری سیستانی دەبینرێن کە زۆرێک لە شارەزایانی بواری مەرجەعیەتی شیعە پێیان وایە ئەو سێ کەسایەتییە کاندیدن بۆ جێگرەوەی سیستانی.

١. ئایەتوڵا ئیسحاق فەیاض کە بە ڕەچەڵەک خەڵکی ئەفغانستانە.

٢. ئایەتوڵا بەشیر نەجەفی، بە ڕەچەڵەک خەڵکی پاکستانە.

٣. ئایەتوڵا محەمەد سەعید حەکیم، ڕەچەڵەکی عێراقییە. (کە لە ڕێککەوتی ٢٠٢١/٩/٣ کۆچی دواییکرد).

جێگیربوونی مەرجەعیەتی نەجەف لەپاش سیستانی، کاتی پێویستە. وەک خودی سیستانی، دوای دە ساڵ بەسەر کۆچی ئایەتوڵا خۆیی توانیی پێگەی ڕاستەقینەی خۆی بەدەست بهێنێت. جێگرەوەی سیستانییش بە هەمان شێوە کاتی پێویستە بۆ ئەوەی بناسرێت، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر حەوزەی نەجەف لە لایەک و دنیای شیعە لە لایەکی تر. لە هەمان کاتدا لەسەر داهاتووی سیاسیی عێراق، بەتایبەتی کە بەشێکی زۆری حەشدی شەعبی لەژێر ناونیشانی حەشدی سیستانی (بەرامبەر حەشدی ویلائی کە تەقلیدی ئایەتوڵا خامنەیی دەکەن) پەیڕەوی لە سیستانی دەکەن. پەرێشانییەک لە سیستمی مەرجەعیەتدا دروست بووە و مەرجەعیەتی شیعە لە قەیرانێکی قووڵدایە، بەڵام شارەزایانی ئەو بوارە لەو بارەڕەدان کە تا مەودایەکی دوور ئەم سیستمە دەتوانێ لە پرۆسێسی ئیدارەدانی دنیای شیعە کاریگەریی خۆی لەدەست نەدات. لە هەمان کاتدا مەرجەعیەت لە نەجەفی پیرۆز وەک پایتەختی دنیای شیعە دابەش بووە بەسەر سێ چەمکی تا ڕادەیەک لێکنەچوو، لەنێوان هەویەی عەرەبی و هەویەی مەزهەبی و هەویەی ئیداری کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەڕێوە دەچێت، ئەم دۆخەش بونیادەکانی شاری نەجەف وەک پیرۆزترین شاری شیعی دەباتە دۆخێکی تا ڕادەیەک ناجێگیر.

**ئەنجام**

ناتوانین باسی دنیای ئیسلام بکەین بەبێ تێگەیشتن لە ڕێبازی شیعی کە ڕەگی لە سەرەتاکانی ئایینی ئیسلامدا داکوتاوە. کاریگەرییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەزهەبییەکانی دنیای شیعە، بەسەر پەیوەندییەکانی دنیای ئیسلام و ناوچەکە و سیاسەتی نێودەوڵەتییشەوە بەئاشکرا دەبینرێت. ژمارەی موسوڵمانی شیعە یەک لەسەر چواری دنیای ئیسلام پێک دەهێنێت، کە کاریگەریی بەسەر جیۆپۆلەتیک و دیمۆگرافیی جیهانەوە داناوە. مەرجەعیەت وەک کۆڵەکەی ئەم ڕێبازە لە سەدەی هەژدە بەدواوە ڕوخسارێکی سیاسییانەتری وەرگرتووە. مەرجەعە باڵاکانی شیعە لە سەنگەری دیفاع و پارێزگاریکردن لە خەڵک و باوەڕداراندا بوون. تەوژمی شیعی لە

سەرەتای سەدەی نۆزدە بەتایبەتی بەڕێوە بوو بۆ گۆڕینی دنیای ئیسلام، چ لە سەردەمی کۆلۆنیالیزم و داگیرکاریی بێگانەکان بۆ ناوچەکە و چ لە ململانێی قورسی بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی ڕەهای دەسەڵاتداران و پادشاکانی ناوچەکە، کە بە دوو شۆڕشی گەورەی مەشرووتەی ئێران و شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ توانیی خۆی بسەلمێنیت. شۆڕشی مەشرووتە توانیی خەڵک لە ڕەعیەتەوە بکاتە هاونیشتمانی و شۆڕشی ئێرانیش توانیی دەسەڵاتی سیاسیی مەرجەعیەت لە حوکمڕانی بسەلمێنیت. لە سەرەتای سەدەی بیست و یەک بەدواوە و پاش ئەوەی کە گەورەترین ڕابەری شیعەی دنیا ئایەتوڵا خومەینی وەفات دەکات، کەسایەتیی مەرجەعێکی گەورەی وەک سیستانی توانیی سەرنجی جیهان بەلای خۆیدا ڕابکێشێ بەوەی کە مەرجەعێکی میانڕەو و کاریگەوە. ئەم پشتیوانییەی دنیای ڕۆژئاوا لە سلوکی سیستانی، بەرپەرچدانەوەی مەرجەعیەتی ئێران بوو کە کێشەی قووڵی ئێران و وڵاتانی ناوچەکەشی خستە ژێر کاریگەریی خۆی، بەتایبەت "سواد العراق" وەک چۆن مەیدانی ململانێی سیاسیی ئێران و وڵاتانی ناوچەکە و وڵاتانی ڕۆژئاوا بوو، بە هەمان شێوە هەندێک لە بیرمەندە ڕۆژئاواییەکان بە مەیدای ململانێی مەرجەعیەتی شیعە لە ناوخۆدا وێنا دەکەن، هەر چەندە ئەم بۆچوونە لەلایەن پەیڕەوان و خودی مەرجەعەکانیش ڕەت دەکرێتەوە کە ناکۆکی لەنێوان مەرجەعە باڵاکاندا هەبێت.

سەرچاوەکان:

1. یونس ڕاوی. ئیلاهیات (٢٠٢١)چاپخانەی تاران

2. https://www.mehrnews.com/news/1518566

3. یونس ڕاوی. ئیلاهیات (٢٠٢١)چاپخانەی تاران

4. فرانسوا توال( (١٣٨٤) ژئوپولیتیک شیعه. انتشارات ویستار.تهران

5. فرانسوا توال( (١٣٨٤) ژئوپولیتیک شیعه. انتشارات ویستار.تهران

6. شێرکۆ کرمانج ( ٢٠١٧) شوناسی عێراق، ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبیەکان.چاپخانەی سەردەم. سلێمانی

7. شێرکۆ کرمانج ( ٢٠١٧) شوناسی عێراق، ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبیەکان.چاپخانەی سەردەم. سلێمانی

8. د.کیومەرس عەزیزی ( ٢٠١٧) مێژووی شیعەگەری لە کوردستاندا، لێکدانەوەی بەستینەکان و ڕەوتی پەرەسەندنی شیعەگەری لە نێو کورداندا.چاپ: ماڵی سوهرەوەردی. تاران.

9. https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/what-does-it-mean-be-shia-lebanon-today

10. https://www.britannica.com/topic/Hezbollah

11. فرانسوا توال( (١٣٨٤) ژئوپولیتیک شیعه. انتشارات ویستار.تهران

12. امانوئل تد، یوسف کورباژ ( دیدارگاه تمدنها). ترجمه: عبدالوهاب احمدی. انتشارات آگاه. تهران

13. https://www.independentarabia.com/node/88576

14. http://diplomaticmagazine.net/politics/436


15. https://www.independentarabia.com/node/88576

16. https://www.atlanticcouncil.org/wp-content/uploads/2019/12/After-Sistani-and-Khamenei-IB_AR2.pdf

17. https://www.atlanticcouncil.org/wp-content/uploads/2019/12/After-Sistani-and-Khamenei-IB_AR2.pdf

# وەرزنامەی ئێڕانناسی

# ئامادەکردن



# شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران و پڕۆسەی دەوڵەت-نەتەوە لە ڕوانگەی داریوشی ئاشوورییەوە



ئامادەکردن: هەورامان فەریق

## دەستپێك

ئاشووری ڕوانگە و دیدێکی جیاوازی بۆ مێژوو و کولتوور و دەوڵەت-نەتەوەی مۆدێرن لە جیهانی سێیەم و ئێران بەتایبەتی هەیە، بە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە سەیری پرۆژەی دەوڵەت-نەتەوەی مۆدێرن دەکات و پێی وایە کە ئەم پرۆژەیە بەرهەمی مۆدێرنیتەیە و مۆدێرنیتەش بەرهەمی ڕۆژئاوایە. مێژووی ئێران بە واتای دەوڵەت-نەتەوەی مۆدێرن هێندە کۆن نییە و ئەگەر پرۆژەیەك بە ناوی نەتەوەسازییش هەبووبێت، بە سەرهەڵدانی شۆڕشی 1979 ئەو پرۆژەیە لەبار چووە و کۆتایی پێ هاتووە. ئاشووری هەروەها پەنجە لەسەر هەندێك لەو هۆکارانە دادەنێت کە بوونەتە هۆی لەبارچوونی پرۆسەی دەوڵەت-نەتەوە لە ئێراندا بوونی ئایدۆلۆجیای ئیسلامی بە یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکان پێناسە دەکات. ئەو باوەڕی وایە کە هەتا ڕۆژئاواییەکان بە پاڵپشتیی ئەقڵ و فەلسەفە و بیرمەندەکانی ئاراستەی مرۆڤایەتی و جیهانبینییان بۆ مرۆڤ و خودا و ئەقڵ نەگۆڕی، وڵاتانی پێشمۆدێرن و خێڵەکیی وەك وڵاتانی ئەم ناوچەیە و ئێران بە هیچ جۆرێك بیریان لەو چەمکانە نەکردبوویەوە، ئەوە ڕۆژئاواییەکان بوون کە ئاراستەی بیرکردنەوەی مرۆڤیان لە شتە پیرۆزە میتافیزیکییەکانەوە بۆ بەپیرۆزکردنی مرۆڤ، نەتەوە و نیشتمان گۆڕی، هەر ئەوانیش بوون چەمکی دەوڵەت و پرۆژەی نەتەوەسازییان فێری وڵاتانی ڕۆژهەڵات کرد.

ئاشووری یەکێکە لەو توێژەرانەی فەلسەفەی سیاسی کە بە دیدێکی ڕەخنەییەوە باسی نەتەوەسازیی کردووە لە ئێراندا، هەر چەندە سەبارەت بەم بۆچوونانەی ڕووبەڕووی ڕەخنەی توندی نەیارەکانیشی بووەتەوە، بۆ نموونە: یەکێك لە سایتەکانی نەیاری تێزەکەی ئاشووری، ناوبراو بە چەواشەکار و تێنەگەیشتوو لە مێژووی ئێران ناو دەبات[1]. لەم بابەتەدا هەوڵ دەدەم زۆر بەکورتی لە ڕوانگەی ناوبراوەوە پرۆژە و پرۆسەی دەوڵەت-نەتەوەسازی، ڕەهەندەکان و هۆکارەکانی تێکچوونی پرۆسەی دەوڵەت-نەتەوە ڕوون بکەمەوە.

### پێناسەی نەتەوە و دەوڵەت . نەتەوە

پێناسە و خوێندنەوەی جۆراوجۆر بۆ چەمکی نەتەوە، پرۆژە و پرۆسەی نەتەوەسازی و دەوڵەت-نەتەوەسازی کراوە و دەکرێت. "سنووربەندیی دوو چەمکی 'ئیتنیك' و 'نەتەوە' و جیاکردنەوەیان ئەستەمە. نەتەوەکان (nations) دیاردەگەلی سەردەمی مۆدێرنی مێژووی مرۆڤایەتین و زاراوەی نەیشن لە زمانە ئەورووپییەکاندا دوو سەدە زیاتر نییە کە بە واتای ئێستای بەکار دێت"[2]. مەبەست لە نەتەوەسازی بە واتا سنووردارەکەی بریتییە لە "بەرهەمهێنانی خودهوشیاری و بڵاوکردنەوەی ئاگایی نەتەوەیی و سۆزی هەستکردن بە شوناسی نەتەوەیی"[3]، بە واتا

گشتییەکەشی پرۆسەیەکە کە دەسەڵاتێك یان دەستەبژێرێك لەناو حکومەت و دەوڵەتێکدا یان چوارچێوەی وڵاتێکدا بڕیار دەدەن جێبەجێی بکەن بۆ ئەوەی کە یەکڕیزی و گونجانی نەتەوەیی و شوناسێکی هاوبەشی نەتەوەیی بێتە دی.

بە سەرهەڵدانی مۆدێرنیتە؛ دیاردە کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتوورییەکانیش گۆڕانکارییان بەسەردا هات. یەکێك لە دەرکەوتەکانی مۆدێرنیتە، سەرهەڵدانی دەوڵەتی مۆدێرن بوو. ئەوەی ئەم گۆڕانکارییەی خێراتر کرد، بریتی بوو لە چەند هۆکارێك کە دەکرێت بەهێزبوونی کۆڵۆنیالیزم لە لایەك و هۆشیاربوونەوەی نەتەوە ژێردەستەکان لە لایەکی ترەوە زەقترینیان بن. لێرەوە ئیدی بە گەشەکردنی ناسیۆنالیزم و لاوازبوونی دەوڵەتانی عوسمانی و ڕووسیای تێزاری و لەدایکبوونی ژمارەیەکی زۆر دەوڵەتی نوێ، ئەم بابەتانە سەرنجی نەتەوە و دەوڵەتانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و هەندێك وڵاتی وەك ئەمەریکا، ئەڵمانیا، ژاپۆن و کۆریای باشوور توانییان سوود لە پرۆژەی نەتەوەسازی وەربگرن و هەندێك وڵاتی دیکەش وەك ئێران، عێراق و ئەفغانستان تیا ماون و پرسیاری جددی لەسەر بوون و ئەنجامی ئەم پرۆژەیە لەلایەن شارەزا و بیرمەندانی وەك داریوشی ئاشوورییەوە دەورووژێنرێت.

### مێژووی دەوڵەت-نەتەوە

دەوڵەت-نەتەوە و پرۆسەی نەتەوەسازی؛ دوو چەمکی فرەڕەهەندی سیاسی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی، کولتووری و سیاسەتگوزارییە کە پەیوەندییەکی قووڵی لەتەك زۆر دیاردە و بابەتی وەك ناسیۆنالیزم، دەوڵەت، مافەکانی مرۆڤ و گەلان و دیموکراسیدا هەیە، تەنیا تایبەت نییە بەو وڵات و شوێنانەی کە خاوەنی دەوڵەتن. وڵاتی خاوەن نەتەوە هەن، لەتەك وڵات و دەوڵەتی بێنەتەوە. ئاشوورییش وەك هەندێك لە توێژەرانی کوردی بواری ناسیۆنالیزم و کۆمەڵناسیی سیاسی وەك عەباس وەلی، نەتەوە و بابەتەکانی پەیوەست بە نەتەوەسازی و دەوڵەتی مۆدێرن بۆ مۆدێرنیتە دەگەڕێنێتەوە. ئەو پێی وایە کە ئەوەی کە ناوی ئێرانە، بێچمگرتنێکی سیاسی و جوگرافیی نوێیە کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە بەملاوە هاتووەتە ئاراوە. ئیمپراتۆریەتی ئێرانیش وەك ئیمپراتۆریەتەکانی دیکەی ئاسیایی لە بەریەککەوتنیدا لەتەك کۆڵۆنیالیزم و مۆدێلی دەوڵەتی مۆدێرنی ئەورووپایی، گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا هات. لە سەدەکانی شانزە و هەڤدەیەمەوە کۆڵۆنیالیزمی ئەورووپایی ڕوویان لە وڵاتانی کیشوەری ئەفەریقا و ئەمەریکا کرد، بەڵام لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژیەدەمەیەوە ڕوویان بەرەو وڵاتانی ئاسیایی وەك هیند و چین و ئێران

وەرچەرخاند. ئیمپڕاتۆریەتە گەورەکانی وەك هیند و چین هێدی هێدی لەناو چوون و تا سەرەتای سەدەی بیست تاکە ئیمپڕاتۆریەتێك کە مابوویەوە عوسمانی بوو، دواجار خۆری ئەویش ئاوا بوو. هەڵوەشانەوەی ئەم ئیمپڕاتۆریەتانە لەژێر فشاری هێزی سوپا مۆدێرنە ئەوروپییەکان و سیستمی جیهانیی نوێدا کە کۆڵۆنیالیزمی ئەوروپی بەسەر جیهان و ئاسیادا دەیسەپاند. "لە ئێران مەشرووتە و لە چین شۆڕشی سون یات سن لەژێر کاریگەریی ئایدیای جەنەراڵ و دیپلۆماتە ئەوروپییەکاندا سەریان هەڵدا. هیندستان دەبێتە ژێردەستەی کۆڵۆنیاڵی بەریتانی و بەشێك لە جیهانی ئاسیایی دەکەوێتە بندەستی فەڕەنسییەکان و بەشێکی دیکە بۆ بەریتانیا و هۆڵەندییەکانیش ئەندەنووسیا کۆنترۆڵ دەکەن. بەشەکانی ئاسیای ناوەڕاست کە پێشتر بەشێك بوون لە ئیمپڕاتۆریەتی ئێرانی، کەوتنە ژێر دەستی ئیمپڕاتۆریەتی ڕووسیا"[4].

ئاشووری لە وەڵامی پرسیارێکدا کە ئایا دەکرێت بۆ ڕەگوریشەی هەموو کێشە و ئاریشەکانی ئێران بەدوای وەڵامێکی بنەڕەتییشدا بگەڕێین، پێی وایە کە بەڵێ دەکرێت. لە ڕوانگەی ئەوەوە ڕەگوریشەی هەموو کێشەکان ڕەنگە لە دەوڵەت-نەتەوەدا خۆی ببینێتەوە. ئەو پێی وایە کە جارێ دەبێ ئەوە بزانرێت کە ئەوەی کە ئێستا ناومان لێ ناوە ئێران، بە واتا دروستەکەی بێچمگرتنێکی سیاسی و جوگرافیی نوێیە کە لە نیوەی دووەمی سەدەمی نۆزدەوە سەری هەڵداوە. هەر لێرەوە ئەو بانگەشە و درووشمە زەقانەی وڵات و ئیمپڕاتۆریەتەکانی ناوچەکە سەبارەت بە ڕابردوویان و ئاراستەکردنی مێژوو و سڕینەوەی مێژوو و کولتووری نەتەوەکانی تر دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەو نایشارێتەوە کە وەکوو ناو؛ ناوچەیەکی کۆن بە ناوی ئێران لە ڕۆژگاری ئیمپڕاتۆریەتی ساسانییەوە بوونی هەبووە، بەڵام ئەم ئیمپڕاتۆریەتە وەك شارستانیەتە کۆنە ئاسیاییەکانی دیکە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمەوە بە بەریەککەوتنیان لەتەك کۆڵۆنیالیزمی ئەوروپی و مۆدێلێك لە دەوڵەت و وڵاتی مۆدێرن گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا هاتووە.

ئەم سەردەمە، سەردەمی بێچمگرتنەوە (re-formation)ی دەوڵەت-نەتەوەیە. یەکێك لە پێویستیترین خواستەکانی جیهانی مۆدێرن ئەوەیە کە ئیمپڕاتۆریەتەکانی پێشمۆدێرن دەبێت خۆیان بڕێژنە ناو ئەو چوارچێوەیەوە کە پێی دەوترێت دەوڵەت-نەتەوە (na-tion-state). ئەم سەردەمەی کە باسی دەکەین، لە پاشایەتیی ناسرەدین شا و ئەمیر کەبیرەوە دەست پێ دەکات. ئەمیر کەبیر بوو کە لە دنیای نوێ تێگەشتبوو و دەیویست ئێران دروست بکاتەوە. هەنگاوی گرنگی بۆ نا، بەڵام بێئاکام بوو. هەر ئەو گۆڕانکارییەی کە بۆ یابان چووە سەر و لە نیوەی سەدەی

نۆزدەوە دەستی کرد بە بەپیشەسازیکردن و وەرگرتنی ئایدیا مۆدێرنەکان لە بونیادی سیاسی و لە هەمووی گرنگتر بونیادی ئابووری. سەرهەڵدانی مەشرووتە خۆی بۆخۆی بەرهەمی ئەم هەوڵ و هەنگاوانە بوو. شۆڕشێك کە دەیویست ڕیفۆرمێك بکات لە سیستمی سیاسی و دادوەریدا و بناغەی "دەوڵەت-نەتەوە" دابڕێژێت. بەڵام بنەماکان و ڕەگەزە کولتووری، تەکنەلۆجی و پیشەسازییەکانی ئەم پرۆژەیە بوونیان نەبوو، هەر بۆیە نەیتوانی سەرکەوتوو بێت. دوابەدوای ئەوە، ڕەزا شا هات کە دەیویست بناغەکانی دەوڵەت-نەتەوە دابڕێژێت. لەم قۆناغەشدا ئەو پێناسەیەی کە دەستوور بۆ سیستمی سیاسی دەیکات، سیستمی دەوڵەت-نەتەوەی مۆدێرنە، بەڵام بە شێوەی نیوەناچڵ. بۆ نموونە؛ هێشتا ناتوانرێت بەڕوونی بگوترێت کە سەرچاوەی دەسەڵاتی سیاسی خەڵکە، چونکە هێشتا سێبەری خودا و نوێنەرەکانی لەسەر زەویدا و بەسەر هەمووانداا پەرشوبڵاوە. دەستووری مەشرووتە دەڵێت: پاشایەتی بەهرەیەکی خوداییە کە لەلایەن خەڵکییەوە دراوە بە پادشا. دەی ئەمە خۆی دژیەکی دروست دەکات کە ئەگەر خوداییە، چلۆن لەلایەن خەڵکەوە دەدرێت؟ بۆیە ئاشووری پێی وایە کە ئەم دوالیزمە هەر لە سەرەتاوە بوونی هەبووە. بۆیە دەتوانین بڵێین لە پێکهاتنی دەوڵەت-نەتەوەدا

> **ئێران و تورکیا لەبەرئەوەی ڕاستەوڕاست نەکەوتنە ژێر دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیزمەوە، زووتر دەستیان بە بونیادنانەوە و چاکسازی کرد. ئەتاتورك لە تورکیا و ڕەزا شا لە ئێران و هەرووەها چین**

وێنەیەك لە یەکپارچەیی و یەکڕەنگیی (homogeneity) دەوێت کە ئەم وێنە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەموو ئەو ئێتنیکانەی کە لەنێو قەڵەمڕەوێکدا بەسەر دەبەن، لەژێر سێبەری ناسنامەیەکی نەتەوەییدا بگیرسێنەوە.

پاش مەشرووتە، دوو دەیە کەلێنی سیاسی و شڵەژانی ترسناك باڵ بەسەر ئێراندا دەکێشێت و دواتر سەردەمی ڕەزا شا دێت کە تیایدا دامەزراوەگەلێك دادەمەزرێن کە بۆ بونیادنانی دەوڵەت-نەتەوە گرنگن: وەزارەتەکانی دارایی، جەنگ، پیشەسازی و پەروەردە. ئەم هەنگاوانەش تەنیا بریتی بوون لە لاساییکردنەوەی بونیادی دەوڵەت-نەتەوەی ئەورووپای ڕۆژئاوا و پاشان بوو بە مۆدێلێك بۆ هەموو وڵاتانی دیکە. لەم سەروبەندەدا هەندێك لە وڵاتان توانییان

خۆیان بگرنەوە و لەتەك سیستمی نوێی جیهانیدا درێژە بە مانەوە بدەن. ئێران و تورکیا لەبەر ئەوەی ڕاستەوڕاست نەکەوتنە ژێر دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیزمەوە، زووتر دەستیان بە بونیادنانەوە و چاکسازی کرد. ئەتاتورك لە تورکیا و ڕەزا شا لە ئێران و هەروەها چین.

## هۆکارەکانی شکستی دەوڵەت-نەتەوە لە ئێراندا

### دەوڵەت-نەتەوە پرۆژەیەکی ڕۆژئاوا ییە

تاهەنووکە گومان و دوودڵی سەبارەت بە بوونی پرۆژەی دەوڵەت-نەتەوەسازی یان نەتەوەسازی لە ئێراندا هەیە. پێکهاتن و دامەزراندنی دامەزراوە سیاسی، ئابووری و کارگێڕییەکانی دەوڵەت-نەتەوە لە ئێراندا ڕووبەڕووی بەربەستێکی سەرەکی بوویەوە، ئەویش جەنگی جیهانیی دووەم و داگیرکردنی ئێران بوو لەلایەن هاوپەیمانانەوە. کە جەنگی جیهانیی دووەم سەری هەڵدا، چاکسازیی ڕەزا شایش وەستا و بەدوایدا ئاژاوە هات. لەم کەینوبەینەدا موسەدیق هەیە کە هاوشان لەتەك گێڕانەوەی ناسیۆنالیستیی ئێرانی کۆنی ڕەزا شادا، گێڕانەوەیەکی ناسیۆنالیستی نەرمی هەڵگرتووە. لەبەرامبەر ئەم ڕەوتەدا، کودەتای بیست و 8ی "مرداد" (١٩٥٣/٨/١٩) خۆی دەنوێنێت. هەر دوو ڕەوتەکە، سەرەڕای کێشمەکێش و دوژمنایەتییەکان، بە ئاڕاستەی بێچمگرتنی دەوڵەت-نەتەوەی مۆدێرن بوون لە ئێراندا.

دەوڵەت-نەتەوە سەرەتا لە ئەورووپاوە بە ڕێبەرایەتیی بەریتانیا و فەڕەنسا بێچمگی گرت، دواتریش ئەورووپای باکوور. لە ئێرانی سەردەمی محەمەد ڕەزا شادا خەریك بوو ڕەگوڕیشەی دادەکوتا. خەونی ئەو ئەوە بوو کە وڵاتێکی پیشەسازی و بەهێز لە ئێراندا دابمەزرێنێت، بەڵام دواجار "شۆڕشی ئیسلامی" ڕووی دا و ئەم ڕەوتەی لە ڕەگەوە وشك کرد. ئایەتوڵا خومەینی لە سەرەتاوە وتی "ئیسلام نەتەوەیی نییە". بەم قسەیە لە ڕاستیدا سەرلەبەری پرۆسەی پێکهاتنی دەوڵەت-نەتەوە لەو وڵاتە تێك چوو و تا هەنووکەش هەر ڕاست نەبووەتەوە. کاتێك پیاوانی ئایینی هاتنە سەر دەسەڵات، سەر ئۆتۆمبێلێك کەوتن کە نەیاندەزانی چییە، ئۆتۆمبێلەکەیان بە شەڕەشەق خستە کار، کە هێشتاش لارەلار دەڕوات بەڕێوە. بەڵام ئەمە ئۆتۆمبێلێکی دەوڵەت-نەتەوەی واقعی نییە، چونکە لە ڕووی ئایدیۆلۆجییەوە نەبەستراوەتەوە بەو چەمکەوە و خۆی لەژێر دەسەڵاتی نەتەوەدا نابینێتەوە". ئاشووری دەڵێت گرفتە سەرەکییەکە هەر لێرەوەیە کە ئێمە نەمانتوانی دەوڵەت-نەتەوە بەدروستی دابمەزرێنین. مەترسییە گەورەکە هەر ئەمەیە، چونکە دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوە وێنەیەك لە یەکپارچەیی و یەکڕیزی دەخوازێت کە ئامانجی دروستکردنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی هاوبەشە کە هەموو خەڵکی لەژێر سێبەریدا بحەسێنەوە[5].

ئاشووری هەڵبەت پێی وایە کە شکستی پرۆژەی دەوڵەت-نەتەوە تەنیا تایبەت نییە بە ئێران. پاش جەنگی جیهانیی دووەم، زاراوەی "جیهانی سێیەم" کەوتە سەر زمانەکان. کە مەبەست لێی ئەو بەشە لە جیهان بوو کە لەژێر دەسەڵاتی سیاسیی کۆلۆنیالیزمی ئەورووپیدا، لانی کەم بە شێوەیەکی فۆرماڵ، ئازاد بووە و دەیەوێت فۆرمی دەوڵەت-نەتەوەی مۆدێرن بەخۆوە ببینێت: هیندستان، پاکستان، ئێران، ئەفغانستان، سووریا و ئەو وڵاتانەی کە دەکەوتنە سنووری دەوڵەتی لێکهەڵوەشاوەی عوسمانییەوە، لەوانەش: عێراق، سووریا و ئەردەن. ڕۆشنبیران و ڕێبەرەکان لەژێر کاریگەریی ڕۆژئاوا و کولتووری ئەواندا هەوڵیان دا بەرگە کۆنەکەی دەسەڵاتی خێڵەکی و دیکتاتۆریەتی نەریتی جێ بهێڵن و دەیانویست دەوڵەت-نەتەوە بە مۆدێلە ئەورووپییەکەی دابمەزرێنن، هەر بۆیە زۆرێك لەو وڵاتانە لە هەندێك ڕووەوە دەستیان بە پرۆسەکە کرد. بۆ نموونە: دامەزراندنی کەرتی پەروەردە و فێرکردن و ناردنی منداڵان لە حەوت ساڵییەوە بۆ قوتابخانە، یەکێکە لە ڕەگەزەکانی دەوڵەت-نەتەوەسازی، هەر ئەوەی کە ئەتاتورك لە تورکیا، ڕەزا شا لە ئێران، قەزافی لە لیبیا کردیان. بەڵام ئەو پرۆسەیە پێویستی بە زەمینەسازی هەیە لە ڕووی زمان، کولتوور و ئایینەوە و ئەگەر ئەو زەمینەیە نەبێت؛ دەستیان پێی ناگات.

### دەوڵەت-نەتەوە سیستمی سێکۆلاری گەرەکە

ئاشووری یەکێکی تر لە بەربەستەکانی بەردەم ئایدیای دەوڵەت-نەتەوەی مۆدێرن، بۆ نەبوونی سیستمێکی سێکۆلاریزەکردنی دەوڵەت دەگەڕێنێتەوە. هەر ئەو سیستمەی کە وڵاتێکی وەك ئێران سێ سەدە لە وڵاتانی ئەورووپی لە پاشتر بوو. دوای سێ سەدە، ئەورووپییەکان خۆیان لە ڕێگەی داگیرکارییەکانی خۆیانەوە هێنایان. واتە هاوردە کراوە و بەرهەمی ئێرە نییە. ئەو دەڵێت تا ئەوکات ئێمەی ئاگامان لە هیچ شتێك نەبوو، نەماندەزانی لەوسەری دنیا چی دەگوزەرێت. بۆ نموونە: شۆڕشی فەرەنسی بوو کە وەرچەرخانی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دروست کرد و وەك ئەتۆمێك تەقییەوە و ئایدیای دەوڵەت-نەتەوەی مۆدێرن و سێکۆلاریزمی دەوڵەتی لەتەك خۆی هێنا، ئێمەی ئاسیایی و ڕۆژهەڵاتی لە دنیای داخراوی ئاسیایی خۆماندا دەسووڕاینەوە. "ڕاستە کۆمەڵێك دەستکەوتی وەك ئیبن سینا، خەیام و حافز و سەعدیمان هەبوو، بەڵام ئەمانە نابنە هۆی ئەوەی کە لە ناوجەرگەی دەستکەوتەکانیانەوە شارستانیەتی مۆدێرن بە شۆڕشی زانستی و پیشەسازی بێتە ئاراوە، چونکە شارستانیەتە ئاسیاییەکان هیچ کام خاوەنی زەمینەگەلی وەرگرتن و دانانان بە سیستمی سێکۆلاریزمدا نەبوون کە پێویستی بنەڕەتیی سەرهەڵدانی مۆدێرنیتەیە و لایەنە مرۆڤایەتییەکەی"[6]. لێرەوە دەکرێت ئەم

خاڵەی جێی سەرنجی ئاشووری لەوەدا کورت بکەینەوە کە هەموو شوێنێك بانگەشەی داواکردنی دەسەڵاتی سیاسی بە ناوی ئیسلام و "یاساکان"یەوە بەربەرستێکی گەورەیە لەبەرامبەر بێچمگرتنی دەوڵەت-نەتەوەی مۆدێرندا، چونکە بنەمای تیۆریی دەوڵەت-نەتەوە ئەوەیە لەم جۆرە سیستمەدا کە ئیسلام و خودا تێیدا سەنتەرە ئەوەیە کە سەروەری و دەسەڵات دەبێت لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی دابەزێت. ئەوەی کە شا سێبەری خوا و نوێنەری خودایە، دەبێت کاڵ ببێتەوە و بۆ ئەوەی کە خەڵکی خۆیان هەڵبژێرن و سەرچاوەی هێز و دەسەڵات دەوڵەت

> **محەمەد ڕەزا شاش بە هەمووترس و لەرزەکانیەوە کۆمەڵێك هەنگاوی نا، بەڵام سەرلەبەری ئەم پرۆسەیە ڕووبەڕووی بەربەستی شۆڕشێك بوویەوە کە دەیویست بە ناوی دەسەڵاتی 'یاسای خودایی' ئاراستەی جووڵەی مێژوو لە ڕێڕەوەی بەرەوپێشچووی مۆدێرن بەرەو سەدەکانی ناوەڕاست بگەڕێنێتەوە**

بێت. ئەم بنەمایە لە شۆڕشی فەڕەنساوە تا دواتر خراوەتە ڕوو و بەشێکی سەرەکییە لە سیستمی مۆدێرن. هەڵبەت دەبێت ئەوەش بزانین کە دەکرێت لە هەناوی ئەم سیستمەوە هەم دیموکراسی هەڵبقوڵێت، هەم نازیزم و فاشیزم و کۆمۆنیزم.

لە ئێراندا "مۆدێرنیتە بە شێوەیەکی ڕێژەیی لەتەك ڕەزا شادا هات. محەمەد ڕەزا شاش بە هەموو ترس و لەرزەکانیەوە کۆمەڵێك هەنگاوی نا، بەڵام سەرلەبەری ئەم پرۆسەیە ڕووبەڕووی بەربەستی شۆڕشێك بوویەوە کە دەیویست بە ناوی دەسەڵاتی 'یاسای خودایی' ئاراستەی جووڵەی مێژوو لە ڕێڕەوەی بەرەوپێشچووی مۆدێرن بەرەو سەدەکانی ناوەڕاست بگەڕێنێتەوە"[7] ئەمە هەر تایبەت نییە بە وڵاتی ئێران، لە هەموو وڵاتانی ئیسلامی کەم تا زۆر ئەم کێشەیە دەبینین.

### دژیەکیی فەرمانی فیقهی لەتەك نەتەوەسازیدا

ئاشووری دیدێکی نەرێنیی سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان فیقهو دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەی مۆدێرن هەیە، ئەم دژیەکییەش تەنیا تایبەت ناکات بە ئێرانەوە. فەرمانە فیقهییەکان وەك کۆمەڵێك فەرمانی خودایی دژ دەوەستنەوە لەتەك بونیادی مۆدێرنی دەوڵەتدا. ئایدیا بنەڕەتییەکانی سێکۆلاریزمی سیاسی کە بە هۆی شۆڕشی مەشرووتەوە

هاتبوویە نێو ئێرانەوە و هێدی هێدی زەمینەسازییان بۆ دروستکردنی دەوڵەت-نەتەوە کردبوو، خاوەنی حەفتا هەشتا ساڵێك بوو کە خەریك بوو ڕەگوڕیشەیان لە ئێراندا داکوتابوو. بەڵام گرفتەکە لەوەدا بوو کە ئەم فەرمانە فیقهییانە کە بەشی هەرە سەرەکییان بەرهەمی پەیوەندییە باو و نەریتییەکانی کۆمەڵگەی خێڵەکی بوون، نەیانتوانی شانبەشانی سیستمی زۆر ئاڵۆزی یاسایی و سیاسیی دەوڵەت و کۆمەڵگەی مۆدێرن بەرەو پێشەوە بڕۆن، لە ئەنجامدا دژیەکییەکی ڕوون سەر دەردەهێنێت کە بریتییە لە دژیەکیی فەرمانە فیقهییەکان لەتەك ئەوەی پێی دەوترێت "دواڕۆژ". ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە کێشەکە ئەوەیە کە ئایدۆلۆجیا سێکۆلارەکان لە لیبراڵیزمەوە تا کۆمەنیزم کە دەیانتوانی شۆڕشگێڕانە بجووڵێن و خەبات بکەن، ئەوانیش هیز و وزەیان کەم بووەتەوە.

### ئێران، وڵاتی پترۆدۆلار

ئاشووری لە درێژەی ڕوونکردنەوەی تێزەکەیدا کە باس لە چارەسەری کێشەی بنەڕەتیی ئێران دەکات، وەها دەڕوانێت کە کێشەی ئێران کێشەیەکی تەنیا خۆماڵی یان ناوخۆیی نییە، ئەو باس لە دواکەوتوویی وڵات دەکات کە چۆن لە سەدەی نۆزدەوە تازەبەتازە لە سەردەمی ترۆپکی کۆلۆنیالیزمی ئەورووپیدا، ئێرانی ئاسیایی هێدی هێدی لە بەرگە ڕۆژهەڵاتییەکەی هاتووەتە دەرەوە و لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا کەوتووەتە نێو گرووپی وڵاتانی دواکەوتوو و پاش جەنگی دووەمی جیهانییش بووەتە بەشێك لە جیهانی سێیەم، واتە وڵاتە پێشنەکەوتووەکان، ئەو وڵاتانەی کە دەیانەوێ پێش بکەون، بەڵام توانای بونیادی و داراییان نییە. لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە بەشێك لەم وڵاتانە هەموو هێزی خۆیان لە هێزی مرۆیی و بەڕێوەبردن خستە کار و لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا خۆیان لەژێر چەتری بە بچووکسەیرکراوی گوتاری "جیهانی سێیەم" ڕزگار کرد. لەسەرووی هەموویانەوە چین کە ئێستا بووەتە یەکەم ڕکابەری بلۆکی ڕۆژئاوا بە سەرکردایەتیی ئەمەریکا، هەروەها کۆریای باشوور و سەنگاپورە و مالیزیا. ئەندەنووسیا و هیندستانیش لە ڕێگەن. ئێرانیش لە خولێکی دە دوانزە ساڵەدا لە سەردەمی شادا وەها دیار بوو کە بەنیازە خۆی لەو نەگبەتییە ڕزگار بکات، بەڵام پەرەپێدانی بە پشتبەستن بە دەرامەتی پترۆدۆلار لە هیچ شوێنێکی جیهاندا نەیتوانیوە وڵاتێکی گەشەسەندوو دروست بکات. لەژێر سێبەری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیشدا ڕاستە کە پێشکەوتنی پیشەسازیی بەخۆوە بینیوە، بەڵام دیسانەوە لەبەر پشتبەستن بە پترۆدۆلار و شڵەژانی بەڕێوەبردن و ئایدۆلۆجی و دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی و هەزارپارچەیی ئەم دەسەڵاتە، ئەم پێشکەوتنانە بێئاکام ماونەتەوە.

## دەوڵەت نەتەوە و ئێرانیبوون

ئاشووری دەربارەی چەمکی ئێرانیبوون کە چەند دەیەیەکە بەبەربڵاوی بەکار دێت، ئاماژە بەوە دەکات کە "ئێرانی"بوون بەو واتایەی کە ئەمڕۆ باسی لێوە دەکرێت، وەك فەرەنسیبوون و ئەڵمانیبوون، لە بنەمادا چەمکێکی سیاسیی مۆدێرنە کە پەیوەندیی نەپساوی تاك و گرووپەکان لەتەك دەوڵەتدا ڕوون دەکاتەوە. واتە ئەوەی کە هەموو خەڵکی لە هەر ئیتنیك و خێڵ و نەژادێکن، بە هەر زمان و دینێك کە هەیانە و لە قەڵەمڕەوی فەرمانڕەوایی یەك دەوڵەتدا کە پێی دەوترێت وڵات، لە ڕووی سیستمی یاسایی ناوخۆ و نێودەوڵەتییەوە بە هاوڵاتیانی ئەو دەوڵەتە هەژمار دەکرێن. سەرەڕای شانازی بە وڵات و ڕابردووەوە، بەڵام لە ڕابردوودا شتێك بە ناوی دەوڵەت نەتەوەی ئێرانی بوونی نەبووە. ئەو تەنانەت پێی وایە کە لە ڕووی بونیادی سیاسییەوە، کۆمەڵێك ئیمپراتۆریەت و پادشا دەسەڵاتیان هەبووە بەسەر ئەو "جیهانی ئێرانڕەنگ"ەدا، کە سەردەمانێکی زۆر بنەچەیەکی تورك و مەغۆلیان هەبووە، بەڵام پاش مەشرووتە و بە هاتنی ڕەزا شایە کە دامەزراوە مۆدێرنەکانی دەوڵەت بێچم دەگرن. "ناسنامەی هاوبەش" لەو کاتە بەدواوە لە ڕووی کولتووری و مێژووییەوە بێچم دەگرێت. پێشتر خەڵکی ناسنامەی خۆیان لە ڕێگەی ئایین و زمانی خۆیانەوە دەناساند. کوردێك یان تورك و هەر ئیتنیکێك ئەگەر پێناسەی خۆی بکردایە، بە زمان و ئایین و ئایینزاکەی (سوننی و شیعە)، گوند و شارەکەیەوە پێناسەی خۆی دەکرد، لە سەردەمی مۆدێرنەدایە کە دەوڵەت دەبێتە کرۆکی ناسنامە. کە وا بوو چەمکی ئێرانیبوون یان ئێرانیەت تا نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە بوونی نەبووە. پێش ئەوە ئەگەر فیردەوسی ناوی ئێرانی دەهێنا، چەمکێکی مێژوویی-کولتوورییە کە بەدەوری چەمکی نەژاددا دەسووڕێتەوە و ئەو قورساییە سیاسییە واتاییەی ئەمڕۆی هەڵنەگرتووە. ئەگەر شانامە بکەینە پێوەر، دەبینین کە تیایدا سنووری ئێران دیار نییە. لە سەرەتاوە ئەفسانەی شانامە هەموو جیهان لەخۆ دەگرێت، هەتا فەرەیدوون پاشای گەورە لەنێوان سێ کوڕەکەی خۆیدا دابەشی دەکات، ئەنجا گێڕانەوەکانی ئیرەج و زوحاك و... هتد.

ئاشووری سەبارەت بە ئیسلام بۆچوونی وەهایە کە بە هاتنی ئیسلام و چەسپانی کولتوورەکەی، مۆدێلی یەکپارچەیی ئێران لەتەك نەژاد و دین و دەوڵەت دەشکێت. لەدەستچوونی ئەم یەکپارچەییەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە فیردەوسی بە خەم و پەژارەیەکی سەرنجڕاکێش شانامە کۆتایی پێ بهێنێت: لە جووتیار و لە تورك و تازییەکان، نەژادێك سەر هەڵبدات لە نێوانیاندا.... ئەم مۆدێلە ئیدی گۆڕانکاریی بەسەردا

دێت. جیهانبینیی ئیسلام گڵۆباڵە و وەك مەسیحیەت ئیتنێك و نەتەوە ناناسێت، بۆ هەموو مرۆڤایەتییە. ئەم ڕەوتە تا سەدەکانی شەش و حەوت درێژە دەکێشێت، لەم نێوەندەدا تەسەوفیش دێتە کایەوە، ئەویش نەیشن و ناسیۆنالیزم ناناسێت و خۆی بە گەردوونیی دەزانێت. کەواتە بە هۆی ئەو چەمکە مۆدێرنانەوەیە کە نەتەوایەتی (na-tionality)یش دێتە کایەوە کە ڕێکوڕاست پەیوەستە بە دەوڵەتەوە. ئەم دیاردەیە بۆ دوو سەد ساڵی کۆتایی دەگەڕێتەوە، پێش ئەوە هیچ کەس خۆی، بۆ نموونە، بە هاوڵاتیی دەوڵەتی سەفەوی یان ئێرانی نەناساندووە. دەوڵەتی سەفەوی شتێك جگە لە شای زیندوو و لەسەر تەخت دانیشتوو نەبوو، ئەو نوێنەری خوا لەسەر زەوی بوو و شمشێر و جەلادی هەبوو و ملی دەپەڕاند و خەڵکی کەلەپاچە دەکرد، لە سەردەمی پێشمۆدێرندا هەرگیز کەسێکی دانیشتوو یان هاوڵاتیی "دەوڵەتی ئێران" نەبووە، ئەم چەمکانەی هاوڵاتی و هاوڵاتیبوون زۆر نوێن لە زمانی فارسدا و تەمەنیان لە پەنجا ساڵ زیاتر تێپەڕ ناکات. ئاشووری نموونە دەهێنێتەوە کە یەکەم جار حەمیدی عینایەت بوو کە لەبریی وشەی "citizen" بەکاری هێنا، لە هیچ بەرهەمێکی کلاسیکدا نابینین کە کەسێك بڵێت من ئێرانیم. سەعدی و حافیز و هیچ کەسێکی تر خۆیان بە ئێرانی نەزانیوە، ئەوان خۆیان بە

**لە دنیای مۆدێرندا خەڵك و نەتەوە بوونە سەنتەر و ئەم پیرۆزییانە لە وڵاتانی ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات گوازرانەوە. ڕۆشنبیر و مونەوەرانی ڕۆژهەڵات سەردانی ئەو وڵاتانەیان کرد و کولتوور و کەلەپووری ئەوێیان بینی**

"عەجەم" ناساندووە لەبەرامبەر عەرەبدا. ئەوەتا فیردەوسی دەڵێت: "عەجەم زندە کردم بدین پارسی".

### ئەفسانە کۆنە ئێرانییەکان

ئەفسانەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە مێژووی مرۆڤایەتی و کەلەپووری مرۆڤەکاندا. "دنیای پێشمۆدێرن؛ دنیایەك بوو کە بە وێنەگەلی سەرووسروشت لەژێر سێبەری خوداکان یان خودایەکدا دەژیا و سەبارەت بە پەیوەندیی مرۆڤ لەتەك ئەواندا کۆمەڵێك گێڕانەوە و ئەفسانە دەکەوتنە سەر زارەکان کە هەڵبەت بە 'ڕاستەقینەکان' هەژمار دەکران، بەڵام دنیای مۆدێرن ئەو ئەفسانانەی شکاند و لەجیاتیی ئەوان ئەفسانەگەلی خۆیان

دروست کردووە: ئەفسانەی نەتەوە، مێژوو و هەموو ئەم چەمکانەی کە پیرۆز کراون و لە پێناویاندا خوێن دەڕێژرێت"[8]. دنیای مۆدێرن لە پێشمۆدێرن بەوە جیا دەکرێتەوە کە شتە پیرۆزەکان لە دنیای پێشمۆدێرندا شتگەلی جیا لە نەتەوە و خەڵك و خاك بوون. لە دنیای مۆدێرندا خەڵك و نەتەوە بوونە سەنتەر و ئەم پیرۆزییانە لە وڵاتانی ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات گوازرانەوە. ڕۆشنبیر و مونەوەرانی ڕۆژهەڵات سەردانی ئەو وڵاتانەیان کرد و کولتوور و کەلەپووری ئەوێیان بینی، شارەزای زمانەکانی فەڕەنسی و ئینگلیزی بوون و چەمکە گرنگەکانی سەردەمی ڕۆشنگەرییان وەرگرت و بەکاریان هێنان. مونەوەرکانی ڕووس و تورك و عەرەب و چین و شوێنەکانی تریش هەمان ڕۆڵیان هەبوو. شۆڕشی مەشرووتە لەسەر بنەمای ئەم چەمکانە سەری هەڵدا.

### نەتەوەسازی و پەروەردە

سەبارەت بە سیستمی پەروەردە و فێرکردنی مۆدێرن کە یەکێکی ترە لە ڕەگەزەکانی نەتەوەسازی و وەك پێویستییەکی دەوڵەت نەتەوەی مۆدێرن، ئاشووری باوەڕی وایە کە سیستمی ئێستا بەرهەمهێنەری وێنە و ئەفسانەی ئایینییە. دەسەڵاتدارانی ئێستا هەر چەندە ئایدۆلۆجیستن و باوەڕیان بە نەتەوەخوازی نییە، بەڵام جارجارەش سواری ئۆتۆمبێلی دەوڵەت-نەتەوە دەبن و سروودی نەتەوەیی تایبەت بە خۆیان هەیە و لە هەر شوێنێك کە پێویست بکات درووشمی ناسیۆنالیستی دەڵێنەوە. ئاشووری هەروەها دەپرسێت منداڵان کاتێك دەچنە قوتابخانە، زەینیان بە کام وێنە و ئاماژەکان پەروەردە دەکرێت؟ ئەفسانە ناسیۆنالەکان ین ئایینییەکان؟ ئێمە جاران بە ئەفسانە ناسیۆنالەکان گەورە دەبووین، بەڵام ئەم چەند دەیەیەی کۆتایی بازنەی پەروەردەی منداڵان لەسەر بنەمای ئەفسانە دینییەکان ڕاوەستاوە، هەر لەبەر ئەوەشە کە جوداییخوازییە ئیتنیکییەکانیش زۆر توندتر لە جاران سەریان دەرهێناوە.

سەرچاوەکان:

1. بولتن نیوز (1398/9/2)، "داریوش آشوری باید پاسخ دهد؛ دولت-ملت مدرن یا چشم بستن بر حقیقت جمهوری اسلامی؟!"، قابل مشاهده در: https://tinyurl.com/jdfn5ryv.

2. آشوری، داریوش (1377)، ما و مدرنیت، چاپ دوم، تهران، موسسه فرهنگ صراط. ل176.

3. کانر، واکر، (2720 کوردی) ظهور ملتها، ترجمه، غریب احمدی، گۆڤاری تیشك، ژماره (56)، ساڵی بیست و دووەم. ل3.

4. آشوری، داریوش (1398/2/22)، "با انقلاب اسلامی، فرایند تشکیل دولت-ملت مدرن در ایران به هم ریخت"، قابل مشاهده در: https://www.aasoo.org/fa/articles/2068

5. همانجا.

6. همانجا.

7. همانجا.

8. همانجا.

وەرزنامەی

# ئێرانناسی

# چاوپێکەوتن

# عێراقی ئایندە لە دیدی ئێرانەوە

## چاوپێکەوتن لەتەک "د. ڕەزا واعیزی"

وەرزنامەی ئێرانناسی



دکتۆرڕەزا ئەندامی لیژنەی زانستی زانکۆی "صدا و سیما"ی کۆماری ئیسلامی ئێرانە و خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری زانستە سیاسییەکان بەشی شۆڕشی ئیسلامی و میدیا. پێشتر بەڕێوەبەری لیژنەی زانستی و سەرۆکی کۆلێژی فەلسەفەی میدیای زانکۆی "صدا و سیما" بووە. لە بیست ساڵی ڕابردوودا چەندین پۆست و بەرپرسیارییەتی میدیایی لە ئەستۆ گرتووە. ناوبراو خاوەنی چەندین وتار و نووسەری چەند کتێبێکە بە ناونیشانەکانی " انقلاب اسلامی و چرخش تمدنی جهان به سوی شرق" ، اندیشەای ائتلافی بر محور کتاب آسمانی"، "نهضت اربعین و تاثیرات آن بر هندسه غرب آسیا"، رمز و راز موفقیت در رقابت های انتخاباتی".

**ئێر انناسی: چ گۆڕانکارییەك لە سیاسەتی ئەمەریکادا بەرامبەر بە عێراق لەدوای هاتنی جۆ بایدن هەستی پێ دەکرێت؟ جیاوازیی لەگەڵ سەردەمی دۆناڵد ترەمپ لە چیدایە؟**

د. رەزا واعیزی: دەکرێت عێراق بە وابەستە و شوێنکەوتەی سیاسەتەکانی وڵاتانی دیکە و گەمەکەرانی دیکە بزانین. سیاسەتی ترەمپ سیاسەتێکی توند بوو لە ناوچەکەدا، ئەم سیاسەتە توندە خۆی بۆخۆی بووە هۆی کۆمەڵێك شڵەژان و دەوڵەتی عێراقی تووشی کێشە و دژیەکییەکی زۆر جددی کرد، بەتایبەت بە تیرۆرکردنی فەرماندە قاسمی سولەیمانی. بەڵام هەم بە هۆی هەڵوێستەکانی ئێرانەوە و هەم گۆڕانکاری لە سیاسەتەکانی ئەمەریکا، بەتایبەت لەدوای هاتنەسەرکاری دیموکراتەکان، وەها دەردەکەوێت کە ئەمەریکییەکان لەو سیاسەتە توندەیان پاشەکشێیان کردووە و ئامانجەکانیان لە رێگەی کۆمەڵێك میکانیزمی نەرمترەوە درێژە پێ دەدەن. واتە بە سەرنجدانی سیاسەتی دەرەکییان کە زیاتر فۆکەسکردنە لەسەر بەڕێوەبردنی چین، واتە چینیان بە هەڕەشە بۆ سەر خۆیان پێناسە کردووە، کەواتە سروشتییە کە هەندێك لە ئاڵنگارییەکانیان لە کایەکانی دیکەدا کەم دەکەنەوە، بەتایبەت ئاڵنگارییە سەربازییەکان کە دەرەنجامی زۆر خراپیشی بۆ ئەوان بەدوای خۆیدا هێناوە، بەپێچەوانەوە هیچ دەستکەوتێکیان بەدەست نەهێناوە. ئەمەریکییەکان خۆیان دەزانن کە بۆ نموونە هەر لەم عێراقەدا، یەکێك لە بێزراوترین وڵاتانی دنیان لە چاوی عێراقییەکاندا. هەر بۆیە من پێم وایە کە گۆڕانێك لە ڕوانینی ئەمەریکییەکاندا بەدی دەکرێت و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەرفەتی زیاتر بۆ وڵاتانی دیکە و گەمەکەرانی دیکە لە ناوچەکەدا بڕەخسێت. جا ئەم گۆڕانی ڕوانینە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە:

یەکەم: ئەم فشارەی لەسەر ئەمەریکییەکان هەیە کە ئێران و بەرەی خۆڕاگری (محور مقاومت) کاریگەریی زۆر هەیە و بە ئەمەریکییەکان دەڵێن کە دەبێت ناوچەکە جێ بهێڵن. هۆکارێکی تر، تێگەیشتنی خۆیان بوو کە ئیدی گەیشتن بەو ئەنجامەی کە واز لە جووڵەی سەربازی بهێنن و سەرنجەکانیان بخەنە سەر ڕۆژهەڵات، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ڕۆڵی گەمەکەرەکانی تر لە ناوچەکە تۆختر ببێتەوە.

**ئێر انناسی: ڕۆڵی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەم ڕو انگەگۆڕینەدا چییە؟**

د. رەزا واعیزی: ئێران هەمیشە هەوڵی داوە کە لێ بگەڕێت گرووپە سیاسییەکانی عێراق خۆیان بڕیار بدەن، کەمتر هەوڵی دەستوەردانی داوە، هەمان هەڵوێستیشی بەرامبەر بە ئەفغانستان گرتووەتە بەر. ئێران دەڵێ هەر بڕیارێك کە خەڵکی خۆی بیدات، ئێران ڕێزی لێ دەگرێت. ئەگەر سەرنج بدەن، لە عێراق هەمان سیاسەتی گرتووەتە بەر، پشتیوانی لە کوردەکان دەکات، لە شیعەکان دەکات، لە

سوننییەکانیش. پشتیوانی لەو هێزانە دەکات کە بە ئاڕاستەی بەرجەستەکردنی درووشمەکانی خەڵکی عێراق هەنگاو دەنێن. بۆیە من پێم وایە کە ئێران زیاتر لەوەی کە گرنگ بێت بەلایەوە کە کێ جڵەوی دەسەڵات دەگرێتە دەست، زیاتر بەدوای ئەوەوەیە کە حکومەتێك بێتە سەر دەسەڵات کە ئاڵنگارییەکی کەمتر دروست بکات بۆ ئێران، چونکە دواجار هەر جۆرە ناسەقامگیری و نەبوونی ئاسایشێك؛ کاریگەریی لەسەر ئێرانیش دەبێت.

**ئێرانناسی: ئەگەر باس لەوە بکرێت کە ئەمەریکا ئێستا بووەتە یەکێك لە بێزراوترین هێزە بیانییەکان لە عێراقدا، بەڵام وەها دەردەکەوێت کە ئێرانیش ئەو هێزە خوازراوە نەبێت لەلای هاوڵاتیانی عێراق، نموونەش ئەو خۆپیشاندانانەی کە ماوە ماوە دەکرێن و خەڵکی ناڕازی پەلاماری کونسوڵگەری و سەفارەتی ئێران دەدەن ئەویش لە شارە ئایینییەکانی وەك نەجەف و کەربەلا و بەشێك لە گەنجانی عێراقی دژی ئێران درووشمی ناڕەزاییان بەرز کردووەتەوە و ناکرێت بڵێین ئەمانە هەمووی سیناریۆیە یان ئاڕاستەکراوە، بەتایبەتی کە بەشێکی سەرەکی لە ڕەخنە و ناڕەزاییەکان ئاڕاستەی هێزەکانی حەشدی شەعبی –ئەو هێزەی کە ئێران بە پشتیوانی خۆی دەزانێت- دەکرێت کە بوونەتە بارگرانی بەسەر داهات و بودجەی عێراقەوە و باس لەوە دەکرێت بە هەزاران مووچەخۆری وەهمییان هەیە.**

> **یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی عێراق بە ڕای من ئەوەیە کە تێچوون و گوژمەی لایەنی ئەمن و ئاسایش لە عێراق هێندە زۆرە کە لایەنەکانی دیکەی خستووەتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە**

د. ڕەزا واعیزی: ڕاستییەکەی من سەبارەت بە حەشدی شەعبی ناتوانم هیچ بڵێم، بەڕاستی ئەم بابەتە لەژێر کاریگەریی هێرشێکی دەروونیی دەیان وڵات و گرووپدایە، لەتەك ئەوەشدا هەر ئەم حەشدەیە کە زۆر پیلانی پووچەڵ کردەوە. ئەگەر حەشد نەبووایە، داعش لەناو نەدەچوو. هەندێك لە وڵاتانیش ڕوونە کە دژ بە حەشدی شەعبی پڕوپاگەندە دەکەن. بەڵام ئەگەر بڵێین کە ئایا حەشد پێویستییە، ئەوە دیارە کە ئەم وڵاتە بۆخۆی بونیاد و یاسای تایبەت بە خۆی هەیە، پەرلەمانی هەیە، دەتوانێت بێت بڕیار بدات کە ئایا ئەمانە پێویستن یان نا، دەتوانن شەفافانە بێن بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە. ئەوەی کە ئەمانە بندیوارن، من بە بۆنەی ئەو گەشت و سەردانانەی کە بۆ شارەکانی دیکەی عێراق

کردووومە، بۆم دەرکەوتووە کە ئەم بابەتی گەندەڵییە بەڕاستی کێشەیەکی گەورەیە و بە شەفافسازی چارەسەر دەبێت، با یاسای شەفافسازی دەربکەن. تەنانەت من یەکێك لە پێشنیازەکانم بۆ ئەم هەڵبژاردنانەی عێراق ئەوەیە کە لایەنەکان بێن بڵێن وەرن با ژووری شووشەیی دروست بکەین و هەموو شتێك شەفاف بێت. بەڵام ئەوەی کە جێی سەرنجی ئێمەیە وەك ئێران ئەوەیە کە هێزێکی جەماوەری هەبێت کە توانیبێتی هەڕەشەیەك لە وڵات دوور بخەنەوە. ئیدی لە ئایندەدا ئەو هێزە بمێنێتەوە یان نا، ئەوە عێراقییەکان خۆیان دەبێ بڕیار بدەن و پەیوەندیی بە ئێرانەوە نییە. ئەسڵەن یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی عێراق بە ڕای من ئەوەیە کە تێچوون و گوژمەی لایەنی ئەمن و ئاسایش لە عێراق هێندە زۆرە کە لایەنەکانی دیکەی خستووەتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. بەڵام لێرەدا پرسیارێکیش دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەم ناسەقامگیرییە بەرهەمی چییە؟ ئەوانەی ڕەخنە لە حەشد دەگرن، دەی خۆ ئەمە هۆکارێکی هەیە کە بووەتە هۆی دروستبوونی حەشدی شەعبی. واتە ئەگەر حەشد نەمێنێ، ئیدی ئاسایش بەرقەرار دەبێ؟ نا وا نییە، زۆر ڕوونە کە هەڕەشەکان هەر ماون. نە تورکیا، نە قەتەر، نە سعودیە و ئەردەن، ئەمانە دەستی تەماعیان لە ناوچەکەدا هەر درێژە. لە هەمووی گرنگتر، جووڵەکانی ڕژێمی زایۆنییە.

**ئێرانناسی: ڕەخنەیەکی تری جددی لەسەر هێزەکانی حەشدی شەعبی ئەوەیە کە ئەم گرووپانە هیچ کات لەژێر دەسەڵاتی حکومەت و تەنانەت سەرۆکی هەموو هێزە چەکدارەکاندا کە دەکاتە سەرۆکوەزیران؛ نەبوون و سەربەخۆیانە ڕەفتار دەکەن.**

د. ڕەزا واعیزی: ئەوەیان کە بەڕێز کازمی توانیویەتی یان نا، دەگەڕێتەوە بۆ توانا و لێهاتوویی خۆی. ئەم پرسیارە سەبارەت بە بەڕێزان عادل عەبدولمەهدی و عەبادییش هەر ڕاستە، بۆچی ئەو کێشانە ڕووبەڕووی ئەو دووانەکەی تر نەبوونەوە!

**ئێرانناسی: ئەوانی تریش هەمان کێشە و ئاریشەیان هەبوو، بەڵام بۆ موستەفا کازمی دەوترێت لەبەرئەوەیە کە شیعەیەکی سێکۆلار و نزیك لە ئەمەریکایە.**

د. ڕەزا واعیزی: بەڵێ، ئەوە ئیدی هەمان ئەو ئاڵنگارییەیە کە منیش مەبەستمە. کێشە سەرەکییەکە ئەوەیە کە عێراقییەکان نەیانتوانیوە بگەن بە پلان و ستراتیجێکی گەورە کە هەمووان ڕێزی لێ بگرن، هەمووان بەدووی بەرژەوەندیی خۆیانەوەن. ئەم ڕەخنەیە یەخەی بەرپرسانی هەرێمیشی گرتووە، هەردوو حیزبەکە بە جۆرێك ڕەفتاریان کردووە کە خەڵکی زۆر لێیان نارازین، لە کاتێکدا کە ئەو پەرەپێدان و پێشکەوتنەی کە لەم بیست ساڵەدا هاتووەتە ئاراوە؛ بێوێنەیە. هەر نموونەی سلێمانی سەیر بکەین، ناتوانیت سلێمانی بەراورد بکەیت بە بیست ساڵ لەمەوبەر. بەڵام دژایەتییەکانی

نێوان ئەم دوو حیزبە بووەتە هۆی ئەوەی کە بابەتە سەرەکییەکە کە شوناسی هەرێمە و ڕەزامەندیی گشتی فەراموش بکرێت و خەڵك لەبیری دەچێتەوە، چونکە بەڕاستی خەڵك شتی بیر دەچێ و دەبێ بەردەوام بەبیریان بهێنیتەوە، دۆکیۆمێنت بکرێت. بەڕێز کازمییش ئەگەر دەیەوێت کارێك بکات؛ دەبێت بێتە پێشەوە، خەڵك باوەڕ پێ بهێنێت و ئەو گرووپانەی کە ئەو پشتیوانییان لێ دەکات لە دەنگداندا براوە بن، ئەوجا لە ڕێگەی کوتلەی پەرلەمانییەوە هەر چییان دەوێت بیچەسپێنن. ناکرێت بە قسە کارێك بکەیت، چونکە سیستم پەرلەمانییە، چونکە هەر لە ڕێگەی پەرلەمانەوەیە کە حەشد دەکرێت سەربەخۆ بێت یان لەژێر دەسەڵاتی حکومەت و هێزە چەکدارەکان. باوەڕیش ناکەم خودی بەڕێز کازمی باوەڕی بەو قسانە هەبێت کە ئاوا گەورە دەکرێن، خۆیشی ئەگەر سەیری ڕەفتارەکانی بکەیت دەبینیت کە لە مەراسیمە گەورەکانی حەشدا بەشداری دەکات، متمانەی پێیان هەیە، کۆبوونەوەیان لەگەڵدا دەکات.

**ئێرانناسی: سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ئێران لەتەك عێراقدا، ڕەخنە لەوە دەگیرێت کە سیاسەتی دەرەکیی ئێران لەلایەن سوپای قودسەوە ئاڕاستە دەکرێت نەوەك وەزارەتی دەرەوە.**

د. ڕەزا واعیزی: هەر وڵاتێك لە پەیوەندی لەتەك ئەوانی تردا ستراتیج و ئەولەویەتی تایبەت بە خۆی هەیە. وڵاتێك کە هاوسنووری ئێرانە، سەددا شەستی شیعەن و ئێرانیش باشترین پەیوەندیی هەیە لەتەکیان، مەگەر دەکرێت لە ئەولەویەتی سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا نەبێت؟ بەتایبەت کە یەکێکە لە بەرەکانی خۆڕاگری. عێراق یەکێکە لە ناوەندەکانی ئاریشە و ئاڵنگاریی ئەمن و ئاسایش، کە ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێت؛ زیان بە ئێرانیش دەگەیەنێت. هەر ئەو ڕووداوەی کە بۆ ئەفغانستان هاتە پێشەوە. دەی بەرەی بەرگری لەلایەن سوپای قودسەوە بەڕێوە دەبرێت، خۆ ئەوە لای کەس شاراوە نییە، چونکە بابەتەکە لە دەرەوەی بابەتە سیاسییەکانە و زیاتر ئەمنیەتییە.

**ئێرانناسی: بەڵام هەندێك جار و لە هەندێك هەڵوێستدا باس لەوە دەکرێت کە حەشدی شەعبی بە پشتیوانیی ئێران؛ هەندێك ڕەفتاردەنوێنێت.**

د. ڕەزا واعیزی: نا، من لەوەشدا پێم وا نییە ئێران هێندە دەسەڵاتی هەبێت. ئەگەر حەشد هێندە لەژێر کۆنترۆڵی ئێراندایە، چۆنە کە ئێران نەیتوانی ڕێگری لەوە بکات کە عادل عەبدولمەهدی یان عەبادی لەسەرکار لا ببرێن؟ ئەگەر وا بووایە، ئەوان ڕێگەیان نەدەدا. کەواتە ئەم یارییانە یاریی ناوەوەی عێراقن. ئەگەر ئێران هێندە بەهێزە، ئەی بۆ نەیتوانی ڕێگری بکات لە سڕینەوەی عادل عەبدولمەهدی، لە کاتێکدا کە ئەو لە حەشدەوە نزیك بوو! بۆیە من هەست دەکەم کە هەندێك بابەتەکان گەورە دەکرێن. بەڕێز کازمی و ئێرانیش پەیوەندییەکی زۆر باشیان هەیە.

**ئێرانناسی: هەڵبژاردنەکانی مانگی ئایندە، لە ڕوانگەی ئێرانەوە چۆن دەبینن؟**

د. ڕەزا واعیزی: بۆ ئێران ئەوە گرنگە کە لە عێراقدا حکومەتێکی هێندە بەهێز پێك بهێنرێت کە ئەو حکومەتە دوور لە دەستی دەرەکی و ململانێکان، شیرازەیەك بۆ ئەم عێراقە بگەڕێنێتەوە. هەتا ئەم شیرازەیە زیاتر بێت، سەقامگیری و ئاسایش باشتر دەبێت و ئەمە بە قازانجی ئێرانیشە. بۆ ئێران حکومەتێکی بەهێز گرنگە، بۆ ئێران گرنگ نییە کێ دەبێتە سەرۆك و یان هەر پێگەیەك بەدەست دەهێنێت.

**ئێرانناسی: سەبارەت بە پێکهاتە و کەسایەتییەکان، ئەگەر بژاردەکانی کۆتایی بۆ پێکهێنانی حکومەت لەنێوان مستەفا کازمی و نووری مالکیدا بێت، ئێران پاڵپشتی کامیان دەکات؟**

> **ئەمەریکییەکان لەبەرچاوی کاڵی عێراقییەکان نەهاتوون، لەبەر بەرژەوەندیی خۆیانە و سوودەکەشی دەچێتە گیرفانی ئیسرائیلەوە**

د. ڕەزا واعیزی: جارێ ئەسڵەن مالکی جێگای ڕەخنەیەکی زۆری ئێران بووە، ڕەخنەی لە سیاسەتەکانی مالکی هەبوو. هەڵەی مالکی بوو کە داعش هات، گوێی بە ئاگادارکردنەوەکان نەدا. سەیر بکەن، من ئاگاداری دیدی ڕێبەری ئێرانم، دیدی ئەو بۆ سیاسەتی دەرەوەی زۆر چارەنووسسازە. بۆچوونی ئەو وایە کە لە عێراقدا حکومەتێك هەبێت کە بتوانێت شیرازە بۆ وڵات بگەڕێنێتەوە و ئەم وڵاتە لە ماڵکاولی و قەیران ڕزگار بکات. سەرۆکوەزیران هەر کەسێك بێت با ببێت. ئەوەش دەزانین کە ئەمەریکییەکان لەبەر چاوی کاڵی عێراقییەکان نەهاتوون، لەبەر بەرژەوەندیی خۆیانە و سوودەکەشی دەچێتە گیرفانی ئیسرائیلەوە.

لە لایەکی ترەوە، لەم هەڵبژاردنەدا کارتە بەهێزەکان و گەمەکەرە سەرەکییەکانی وەك مالیکی و عەبادی و...، خۆیان بەشداریی هەڵبژاردنەکان ناکەن. هەر ئەمەش یەکێکە لە کەموکورتییەکانی هەڵبژاردنی ئەم جارە، چونکە ڕەوتەکان سەری گەورەیان نییە. ئەوانەی بەشدارییان کردووە، ئەوانە نین کە خۆیان خاوەنی قورساییەکی وەها بن کە دواتر بتوانن پەرلەمان بەڕێوە ببەن، بەڵام ئێران لەتەك هەموو گرووپ و پێکهاتە و کوتلەیەك کار دەکات وەکوو یەك.

**ئێرانناسی: باس لە ڕۆڵگێڕانەی بەهێزی موقتەدا سەدر لەم هەڵبژاردنە دەکرێت،**

**بۆچوونتان سەبارەت بە موقتەدا سەدر چییە؟ ئێران چۆن لێی دەڕوانێت؟**

د. ڕەزا واعیزی: من پێم وا نییە کە سەدر ئەم جارە دەنگێکی زۆر بهێنێت و سەرکەوتوو بێت. گرووپە عێراقییەکان هیچ کامیان ناگەنە زۆرینە. بیروڕای ئێرانیش سەبارەت بە سەدر؛ نە ئەرێنییە، نە نەرێنی. وەك وتم، پەیوەندییشی لەتەك ئێران باشە. بەڵام بۆ ئێران کێ و چ کوتلەیەك؛ گرنگ نییە و ئێران لەتەك هەموو گرووپەکان وەك یەك پەیوەندیی هەیە. بوونی سەدر و ڕەوتەکەی، بە ڕای من لە هەندێك ڕووەوە ئەرێنییە. بە هۆی بوونی ڕەوتی سەدرەوە، یەکێك لە هەڕەشە گەورەکان بۆ سەر عێراق لەناو چوو. ڕەوتی ئەمەریکا، ئیسرائیل، عەرەبستان، قەتەر و تورکیا؛ بەدوای ئەوەوە بوون کە دۆخی عێراق و ململانێکانی ناوی ببەن بە ئاڕاستەی ململانێی نێوان شیعە و سوننە، بەتایبەت لەدوای داعشەوە. دوو ڕووداوی باش ڕوویان دا، یەکەم: لە سەروبەندی پێکهێنانی گرووپە شەعبییەکاندا کۆمەڵێك خەڵکی دیکەش بەشدارییان کرد کە شیعە نەبوون. سوونە و مەسیحییەکانیش هەبوون، کە ئێران زیرەکانە مامەڵەی کرد. دووەم: سەدر زۆر زیرەکانە گەمەی کرد لەتەك سعودیە، چونکە هەر ئەو کاتە و دواتریش ئەوە سەدر بوو کە سەردانی سعودیەی کرد و پەیوەندییەکانی پەرە پێ دا. ئەگەر ئەمە ڕووی نەدایە، عێراق دەکەوتە دۆخێکی زۆر خراپەوە.

> ئێران بەفەرمی داوا دەکات، پەیام دەنێرێت بۆ بەرپرسان کە ڕێگەی چالاکی بە هێزە کوردییەکان مەدەن. خەڵکی سڤیلیش ئاگادار دەکەینەوە کە وریای خۆیان بن. خۆ ناکرێت دەستەوەستان ڕاوەستین

**ئێرانناسی: سەبارەت بە پێگە و ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە دیدی سەرۆککۆماری نوێی ئێرانەوە، دەتوانن بۆمان بدوێن؟ چونکە وەها دەردەکەوێت کە فشارەکان لەسەر سنوورەکان و هەرێم زیاتر دەبێت و بابەتی ئەو هێرشە مووشەکییانەی کە جاروبار ئاڕاستەی هەولێر دەکرێن، وەها دەردەکەوێت کە دیدی ئەمنیی ئێران سەبارەت بە هەرێم توندتر دەبێت.**

د. ڕەزا واعیزی: سەبارەت بە هەرێم، ئێران هەمیشە ویستوویەتی پشتیوانی هەرێم بێت. ڕەفتارەکانی لەسەر سنوورەکان و تۆپبارانی ئەم دواییەش، پەرچەکردارن نەوەك کردار، ئەو پەرچەکردارانەی دژی ئەو هێزانەن کە کردەی چەکداری دژی ئێران ئەنجام دەدەن.

ئێمە بەم دواییە چەندین قوربانیمان داوە، ئەوان سنوورەکانیان ناسەقامگیر کردووە. ئێمە هاتووین چیمان کردووە، وتوومانە بە خەڵکی ناوچەکان ئەو ناوچانە چۆڵ بکەن ئێمە دەمانەوێ لێیان بدەین، ئێمە وەك تورکیا ناکەین کە هەڕەمەکی لە خەڵکی بدەین. ئێران بەفەرمی داوا دەکات، پەیام دەنێرێت بۆ بەرپرسان کە ڕێگەی چالاکی بەمانە مەدەن. خەڵکی سڤیلیش ئاگادار دەکەینەوە کە وریای خۆیان بن. خۆ ناکرێت دەستەوەستان ڕاوەستین. بەهەرحاڵ، ئەمانە لە هەرێمەوە ئەو هێرشانە دەکەن. ڕەفتارەکان پەرچەکردارین. کاتێك دێت بنکەکان و مەقەڕەکان دەتەقێنێتەوە، یان سنوورەکان دەشڵەژێنێت و کۆمەڵێك لە سەربازەکان دەکاتە قوربانی، خۆ ناکرێت هیچ کردەوەیەکیان بەرامبەر نەکرێت!

**ئێرانناسی: بەڵام تا چەند لۆجیکییە کە حکومەتی هەرێم یان دوو حیزبە باڵادەستەکە، ئەم گرووپە کوردییانە بکەنە دەرەوەی خاکی هەرێم؟ لە کاتێکدا ئەم هێزە کوردییانە لەناو جەماوەری کوردستان لایەنگریان هەیە و خەڵکی هەرێم دیدێکی نیشتمانییان بۆ ئەم حیزبانە هەیە. یان داوای چوونەدەرەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بکەن؟ لە کاتێکدا کە دەزانین هەرێم خۆی بۆخۆی توانایەکی سنووورداری هەیە.**

د. ڕەزا واعیزی: دەزانی ئێران هەمیشە سیاسەتێکی هەیە، هەمیشە دەڵێن پشت بە

”

**ئایا ئەمەریکا بوو هەرێمی بەرامبەر بە داعش پاراست، یان خەڵکی کوردستان بە پاڵپشتیی ئێران؟ ٣٠٠ کەس لە هێزە کوردییەکان بوون کە بە یارمەتیی قاسم سولەیمانی ڕۆیشتن و هەولێریان پاراست**

خۆت ببەستە، متمانە بە ئەمەریکا مەکە. پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا ئەمەریکا بوو هەرێمی بەرامبەر بە داعش پاراست، یان خەڵکی کوردستان بە پاڵپشتیی ئێران؟ 300 کەس لە هێزە کوردییەکان بوون کە بە یارمەتیی قاسم سولەیمانی ڕۆیشتن و هەولێریان پاراست. باشە، ئەمەریکا بۆچی لێرە بنکەی سەربازی دادەنێت!

**ئێرانناسی: هەڕەشەکانی ئێران بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە عێراق.**

د. ڕەزا واعیزی: ئایا ئەسڵەن هەرێم بەرژەوەندییەکی هەیە کە لەتەك بەرژەوەندییەکانی ئێراندا دژیەك بوەستێتەوە کە ئێمە بڵێین ئەمەریکا هاتووە بەرگریان لێ بکات؟ پەندێکی فارسی هەیە دەڵێت: ”هر کی خربزه بخوره پای لرزش هم میشینه“، کاتێك

ڕازی دەبی ئەو بنکەی سەربازی دابنێت، دەبێ باجەکەشی بدەیت.

**ئێرانناسی: لە هەمان کاتتدا هەرێم پەیوەندییەکی لەمێژینەشی لەتەك ئێران هەیە.**

د. ڕەزا واعیزی: دەی باشە، ئایا ئێران هات بنکەی سەربازیی دانا، بەوە چارەسەر دەبێت؟ ئێمە قسەمان ئەوەیە کە هەرێم ئەگەر کەمێك بیر بکاتەوە، چاك دەزانێت کە پەیوەندیی لەتەك ئەمەریکا و بوونی بنکەی سەربازی دەبێتە هەڕەشەی ئەمنی بۆ سەر هەرێم. بۆ دەبێ ئامادەیی سەربازیی هەبێت! ئەمانە دێن تا دۆخەکە زیاتر بشڵەژێنن.

**ئێرانناسی: ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕووداوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی، چەند جارێك هەرێم لەلایەن هێزەکانی عێراقەوە ڕووبەڕووی هەڕەشە و تەنانەت هێرش بووەتەوە، بودجەی هەرێم لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بڕدراوە. زۆرێك هەن پێیان وایە کە هەر ئێستاش ئەگەر پشتیوانیی ئەمەریکا نەبێت، ڕەنگە هێزە عێراقییەکان و حەشد ناوچەکە ناسەقامگیر بکەن.**

د. ڕەزا واعیزی: ئاخر ئەو کاتەی داعش هێرشی هێنا، ئەمەریکا بۆ بەرگریی لە هەرێم نەکرد؟ ئەزموون سەلماندوویەتی ئەمەریکا وەفای بۆ کەس نییە. بە ڕای من، ئەمە گەمەی هەندێك لە بەرپرسانی هەرێمە. یاری بە داشەکانی خۆیان دەکەن. لەتەك ئێران، تورکیا، عێراق، ئیسرائیل و ئەمەریکاشدا گەمەی خۆیان دەکەن، بۆ ئەوەی بتوانن لەم دۆخەدا سیاسەتی خۆیان باشتر بەرەو پێشەوە ببەن. قسەی ئێران ئەمەیە: لە هەر شوێنێك ئەمەریکای لێیە، ئەو شوێنە ناسەقامگیرە. بۆیە جەنابی هەرێم ئەگەر ئاسایشت دەوێ، پێیان بڵێن چۆڵی بکەن. ئەگەر چۆڵی نەکەن، هەندێك ڕاست دەبنەوە لێیان دەدەن و ناسەقامگیری دروست دەبێت. من سەبارەت بەم گرووپانەش دەکرێت دوو گریمانە بخەمە ڕوو.

یەکەم: ئەوەی کە هاوڕێیانمان لە هەرێم هەرگیز حەز ناکەن ئەم گرووپانە لەناو هەرێمدا هەبن، بەڵام هەن، گوێش لە کەس ناگرن. ڕەنگە ڕێك بکەوێت لە بەرامبەردا گڵۆپی سەوزیش بۆ ئێران هەڵبکەن کە وەرن لێیان بدەن. بۆیە

**من هەمیشە بە برادەرانی هەرێمیشم وتووە کە ئێوە وەك دەسەڵات دوورن لە خەڵکەوە، درووشمەکانی نەوەی نوێتان بووەتە ڕۆژئاوا و درووشمە ڕۆژئاواییەکان. هەم خۆتان دوورکەوتوونەتەوە لە خەڵك، هەم پەیوەندییەکانیشتان لەتەك ئێران پچڕاندووە**

پێم وایە ئەم گریمانەیە گریمانەیەکی بەهێزە، چونکە ئەمانە دەبنە هۆی ناسەقامگیربوونی ناوچەکانی هەرێم. ئەمان توانیویانە بە کۆمەڵە و دیموکرات بڵێن کە بۆخۆتان دابنیشن و مەبنە هەڕەشە و پەلامار مەدەن، بەڵام دەرەقەتی پژاك نایەن.

**ئێرانناسی: دەکرێت ئەو پرسیارەش بکەین کە بۆچی ئێران لەجیاتی ئەم کارانە، لەتەکیان دانانیشێت و گفتوگۆ بکات؟**

د. ڕەزا واعیزی: ئەمانە کردەی چەکدارانە دژی ئێران ئەنجام دەدەن. کاتێك ئەو کردەی چەکدارانە ئەنجام دەدات، ناکرێت قسەی لەتەك بکرێت. هەر کات ڕۆیشتن چەکەکانیان دانا و گەڕانەوە، هەڵبەت ئەگەر ئێرانی بوون، چونکە دەزانین ئەمانە باڵی سەربازیی پەکەکەن، گرووپێکیان پژاکن، واتە ڕەنگە نە ئێرانی بن، نە عێراقی. کێشەی ئێمە ئەمەیە کە لە شوێنێك ئەگەر سەقامگیری نەبێت، لەوێش سەرمایەگوزاری ناکرێت. واتە ئەگەر پەرەپێدان لە ناوچە کوردییەکان نییە، بەشێکی لەبەر ئەمەیە. هەر چەندە لەچاو شوێنەکانی دیکەی ئێران، پەرەپێدانی لەم ناوچانە زیاترە. هەر سەیری سلێمانی بکە، سەرمایە بۆ کوێ دێت، بۆ شوێنێك کە ئاسایشی تێدا بێت!

پێشتریش پرسیارت کرد کە هەرێم دواجار توانای سنووردارە بەرامبەر بە هەندێك ڕووداو، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەمە هەڵەی هەرێم خۆیەتی کە زۆر جار خۆی بچووك دەکاتەوە و خۆی بە کەم دەزانێت، تەنانەت لە گرتنەبەری هەندێك سیاسەت بەرامبەر بە ئێران و لاوازیی هەندێك پەیوەندی وەك پەیوەندیی کولتووری لە سەردان و گەشتکردنی گەنجان و خەڵکی هەرێمەوە بۆ ئێران، هەتا هەندێك بابەتی دیکە لە ڕووی ئابووری و بازرگانییەوە. من هەمیشە بە برادەرانی هەرێمیشم وتووە کە ئێوە وەك دەسەڵات دوورن لە خەڵکەوە، درووشمەکانی نەوەی نوێتان بووەتە ڕۆژئاوا و درووشمە ڕۆژئاواییەکان. هەم خۆتان دوور کەوتوونەتەوە لە خەڵك، هەم پەیوەندییەکانیشتان لەتەك ئێران پچڕاندووە. وتم کاتێك گەنجەکانتان لە ترسی مۆر و ڤیزای ئێرانی لەسەر پاسپۆرتەکانیان ناوێرن سەردانی ئێران بکەن، وتم دەی چارەسەری دیکە بدۆزنەوە، ئەم پەیوەندییانە پێویستی بە دارشتنی سیاسەتێکی گەورەیە کە ئەم سیاسەتە لە کوردستاندا ڕوو نادات. بۆچی، چونکە دوو حیزبە سەرەکییەکە خەریکی دژایەتیی یەکترن. ئەوەتان بیر نەچێت، ڕۆژئاوا فشارێکی زۆر لەسەر ئێران دادەنێت. دەبێ ڕەخنە ئاڕاستەی هەرێم بکرێت کە لە کاتێکدا ئێران لە هەموو قۆناغە سەختەکاندا پشتیوانیی لە هەرێم کردووە، هەندێك جار هەرێم بەرامبەر بە ئێران بێوەفایی دەکات، ئیدی لەبەر هەر شتێك بێت. من پێم وایە کە هەرێم نایانەوێت پەیوەندییەکانیان لەتەك ئێران پەرە پێ بدەن، ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەو دەرگایەی کە بۆ تورکیای دەکەنەوە؛ بۆ ئێرانی

ناکەنەوە. هەڵبەت تەنیا خەتای هەرێمیش نییە، سیاسەتێکی گەورەی دیکە هەیە کە کاریگەریی لەسەر ئەم پەیوەندییانە هەیە.

حیزبەکانی هەرێم تەنانەت لەبەر بەرژەوەندییە حزبییەکانیان؛ بابەتە گرنگ و چارەنووسسازەکان، ڕووداوە گرنگەکان، کارەسات و قوربانیدان و ئەنفالیان لەبیر کردووە. کاتێك کێبڕکێ دەکەن، هەموو شتێکیان لەبیر دەچێتەوە. تەنانەت گەنج و نەوەی ئەم هەرێمە، ئاگاداری هەموو ئەو خەبات و قوربانیدانانەی ڕابردوو و نەوەی پێش خۆیان نین. لەتەك ئەوەشدا، ئەو هەموو پێشکەوتن و پەرەپێدانەش لە هەرێمدا هاتووەتە دی.

**ئێرانناسی: ئەگەر لە ڕوانگەی دۆخی ئەفغانستانەوە بڕوانینە عێراق، ئایا بە کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق، ئێوە پێشبینیی دۆخێکی وەها بۆ عێراق دەکەن؟**

د. ڕەزا واعیزی: جارێ سەبارەت بە کشانەوەی ئەمەریکا، ئێوە هیچ گومانتان لە کشانەوەی ئەمەریکییەکان نەبێت. ئەگەر ئەوەش ڕوو بدات، عێراق نەك تووشی کێشەی ئاسایش نابێتەوە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، بە هیچ جۆرێك دۆخی ئەفغانستانی تووش نابێت. عێراق کۆمەڵێك بونیادی هەیە کە بەراورد ناکرێت بە ئەفغانستان، بۆ نموونە؛ عێراق مەرجەعیەتێکی هەیە کە هەر کات هەڵوێستێك بگرێتە بەر، هەمووان گوێڕایەڵی دەبن. یان شیعەکان هەر کات بیانەوێت یەك دەگرن و هەر کات پێویست بکات دەڕۆن لەتەك سوننییەکان هاوپەیمانی دەکەن. ئەقڵانیەت لە عێراق زۆر جیاوازە لە ئەفغانستان. ئەمەریکییەکان نەیانتوانی هێندە بۆ پلانەکانیان دەستیان واڵا بێت وەك لە ئەفغانستاندا واڵا بوو. لە ڕووی مێژووییشەوە لە سەردەمی سەددامیشەوە کۆمەڵێك هێز دروست بووبوون کە لە ڕووی سیاسییەوە پێگەیشتوو بوون، لە بەرێز حەکیمەوە تا ئیبراهیم جەعفەری، تا یەکێتیی نیشتیمانی و پارتی دیموکرات، ئەمانە گەمەی سیاسییان دەزانی و لێ نەگەڕان ئەمەریکا هەر چیی دەوێت؛ بیکات.

لە کۆتاییدا دەمەوێت سەبارەت بە هەڵبژاردەکان جەخت لەسەر چەند خاڵێك بکەمەوە:

یەکەم: عێراقییەکان نیگەرانن لەوەی کە خەڵك بەشداری نەکەن، جا ئەمە خۆی بۆخۆی کۆمەڵێك هۆکاری هەیە، یەکەمیان: بوونی بونیادێکی یاسایی هەڵبژاردنی بێواتا، سەپاو و بێکەڵکە، چونکە وڵاتێك کە تازە لە دەستی دیکتاتۆریەت ڕزگاری بووە، هاتوون مۆدێلێکی هەڵبژاردنی دیموکراسییانەیان بۆ هێناوە. وڵاتێك کە پێشتر دیموکراسی نەبووە و ئامادەی ئەمە نەبووە. ئەو سیستمە تیایدا حیزبەکانن کە بڕیار دەدەن. لەم نێوەندەدا خەڵکی زیان دەکەن، چونکە دەڵێن مادەم هەموو شتێك بەدەست حیزبەکانە، ئەی پەیوەندیی چییە بە ئێمەی خەڵکەوە. خەڵك

**لە عێراقدا خەڵکی شەش مانگ بە بانگەشەوە سەرقاڵ دەکرێن، هەر ئەمەش خۆی بۆخۆی دەبێتە هۆی بێزاری و وەڕەسبوونی خەڵك**

هەست بە بەرپرسیارێتی ناکەن.

دووەم: هەر ئەم بابەتە بووە هۆی ئەوەی کە خەڵك لە دەسەڵات دوور بکەونەوە و دەسەڵات بە بەشێك لە خۆیان نەزانن، چونکە خەڵك بیریان کردەوە کە ئێمە ئەگەر دەنگ بدەین و دەنگ نەدەین، حیزبەکان بۆخۆیان دێن دەسەڵاتەکان دابەش دەکەن، سەروەت و سامان دابەش دەکەن، دەخۆن و دەڕۆن.

سێیەم: هەر ئەم دوو هۆکارە خۆی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشەیەکی تر کە ئەویش بریتییە لەوەی کە کاتێك کولتەیەك بەگوێرەی ئەم سیستمە بۆ نموونە سەد کورسی دەهێنێت، خەڵکی دەنگیان بە سەرۆکی ئەو فراکسیۆنە داوە، کەچی ئەم سەرۆکفراکسیۆنە بۆ نموونە بیست نوێنەری دیکە لەتەك خۆیدا دەباتە پەرلەمان لە کاتێکدا کە خەڵك دەنگی بەوانە نەداوە، ئەمە یەکێك بوو لە مۆدێلە خراپەکانی هەڵبژاردن. بۆ؟ بە ڕای من هەڵبژاردنەکان لەتەك هەڕەشەی کۆمەڵایەتی دەستەویەخەیە کە بە بۆچوونی من بە گەڕانەوەی دەسەڵات بە دەستی خەڵك ڕاست نابێتەوە.

چوارەم خاڵ بریتییە لە درێژیی ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن. لە عێراقدا خەڵکی شەش مانگ بە بانگەشەوە سەرقاڵ دەکرێن، هەر ئەمەش خۆی بۆخۆی دەبێتە هۆی بێزاری و وەڕەسبوونی خەڵك. ئەمە جگە لەوەی کە خەڵکی عێراق دەسەڵات بە بەرهەمی ئیرادەی خۆیان نازانن، چونکە شۆڕشیان بۆ نەکردووە، بەڵکوو ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی؛ ڕژێمی پێشوویان لەناو بردووە. بۆیە دەسەڵات بە بەرهەمی دەرەکی دەزانن. ئەمە دەبێ چارەسەر ببێت، بە جۆرێك کە خەڵکی بەرامبەر بەم دەسەڵاتە هەست بە بەرپرسیارێتی بکات. لێرە ئەو خۆشەویستییە بۆ نیشتمان نابینین. تەنانەت تەلەڤزیۆنێکی نیشتمانی نییە کە خەڵك هان بدات بۆ هەڵبژاردن، چونکە سیاسەتگوزاری نەکراوە. ئەوە باش بزانن کە ڕێژەی بەشداریی هەرێم لە هەڵبژاردنەکاندا یەکسانە بە قورسایی هەرێم لە جوگرافیای عێراقدا. خەڵك دەبێت لەمە تێبگات. کێ دەبێت ئەمە بکات؟ میدیای نیشتمانی. میدیای نیشتمانی کە نەبوو، میدیای کەرتی تایبەت هەیە کە ئەویش ئەوە ناکات، چونکە بەرژەوەندیی خۆی هەیە. دەبێ پێشبینیی میکانیزمەکان پێناسە بکرێن، سیاسەتە گشتییەکان پێناسە بکرێن.

# وەرزنامەی
# ئێرانناسی

# ڕاپۆرت

# هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتو کابینەی نوێی حکومەتەکەی ئیبراهیم ڕەئیسی



ژیلوان لەتیف یارئەحمەد



دوابەدوای بەڕێوەچوونی سیانزەیەمین خولی هەڵبژاردنەکانی ئێران و یەکلابوونەوەی ئاکامە چاوەڕوانکراوەکەی بە قازانجی بەرەی کۆنەپارێز، لەوەی بەربژێری سەرەکییان وەک ئیبراهیم ڕەئیسی بەتەنێ لە مەیداندا مایەوە و ئەوانی دی بوونە پشتیوانی ئەوەی ئایەتوڵلا خامنەیی دەیخوازی کە سەرۆککۆمارێکی بەهێز بە دەنگێکی زۆر و بێرکابەر هەڵبژێردرێت، تەنانەت بێمنەت لەوەی کە ڕێژەی دەنگدان وەک پێویستیش نەبوو، ئەمەش سەرەتای قۆناغێکی نوێیە لە سەرلەنوێ باڵادەستیی کۆنەپارێزەکان و ئاماژەیەکە بۆ هێنانەپێشی کارەکتەرێکی بەهێز و ئەزمووندار کە لە قووڵایی دەزگا ئەمنییەکانەوە سەری دەرهێنا و دەکرێت بۆ ئەم قۆناغە بە پشتیوانییەکی بەهێزەوە وەک فیگەرێکی لێزان و بەهێز و ئامادە نیشان بدرێت و ئێرانی قۆناغی کۆنەپارێزەکانی تەسلیم بکرێت.

لەم نێوەندەدا پرسی کورد و وەک هەمیشە گرنگترین ئەو مژارانەیە کە تا ئێستا بێ چارەسەر ماوەتەوە، چ لە قۆناغی کاریگەریی دەسەڵاتی ڕیفۆرمخوازەکاندا یان باڵادەستی و هەژموونی کۆنەپارێزەکاندا، لەم سۆنگەیەشەوە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە نوێنەرایەتیی بەشێکی ئوستاندە کوردییەکان دەکەن، لە بابەتی پەیوەست بە هەڵبژاردن و پێکهێنانی کابینە وزارییەکان ستراتیج و دیدگای خۆیان هەیە، لەم قۆناغەشدا گریمانە و ئەگەرەکانی بەردەم تێڕوانین و کارنامەی سیاسیی ئەم هێزانە و مامەڵەی حکومەتی نوێ لەگەڵ ئەم هێزانە؛ باسوخواسێکی جددین و شیاوی هەڵوێستەیە.

## هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و فۆبیای هەڵبژاردن

دوای شۆڕشی پێکهاتەکانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ و بەر لە جێگیربوونی کۆماری ئیسلامی، حکومەتی کاتی لە ئێراندا لەبەرامبەر نیشاندانی نیازی نوێی پیاوانی ئاینیی حەوزەی قوم لە دامەزراندنی سیستمێکی گونجاو، پرسی ڕیفراندۆمیان وەک پرۆسەیەکی نیمچەدیموکراتیک هێنایە پێش، ئەم هەنگاوە دەرەتانێکی نوێ بوو بۆ کورد و هێزە سیاسییەکان تا دۆخی ناسەقامگیر تێپەڕێنن و ئاسۆی بەدیهاتنی خەونی خودموختاری لەنێو سیستمی نوێدا جێگیر بکەن، بەم پێیە لە سەرەتاوە هیچ کام لە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات نەیاری دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکراتیکی-پانئیسلامی نەبوون. کاتێکیش حکومەتی کاتی لە ڕۆژانی ٣٠-٣١ی ئازاری ١٩٧٩ ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەرتاسەریی ڕاگەیاند، لێرەوە گرفتە بنەڕەتییەکانی هێزە سیاسییەکان دەستی پێ کرد و لەبەرامبەر پرۆسەیەکی وەها گرنگ هەڵوێستەیان وەرگرت، لەم قۆناغەشدا بە پاساوی نەبوونی ئەلتەرناتیڤ و ناڕوونیی نیازی ڕێبەرایەتیی شۆڕش چ لەبەرامبەر مەسەلەی خودموختاری لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازاددا، چ لە بابەتی موسوڵمانی ئەهلی سوننە، تەحریمی ڕیفراندۆمەکەیان کرد و بە "نا" وەڵامیان

دایەوە، بەمەش بەشێک لە هێزەکان بۆ هەمیشە پوازێکیان لە پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ ڕێبەرایەتیی شۆڕش و بابەتی هەڵبژاردن لە ئێراندا دا.

لێرەدا دەکرێت گرنگترین بابەتێک یەک هەڵوێستیی تەواوی هێزەکان بێت، کە لە شکڵی بەرەیەکی کوردیی هاوبەشدا خۆیان دەنواند، بەرەیەک کە کۆمەڵە و چریکی فیدایی وەک دوو بزووتنەوەی چەپی ڕادیکاڵ و "حدک"یش وەک ناسیۆنالیستێکی کاریگەر بە فیکری چەپ و شێخ عێزەدینی حوسێنی وەک ئایکۆنێکی ئسوڵیی ڕێبەر و دەمڕاست دەرکەوتن، هەر چەند لە ناوەڕۆکدا تەواو و جیاواز و ناچوونیەک بوون، بەڵام ئەمە هیچی لەو بابەتە نەگۆڕی کە کورد لەو دەمەوە کەوتە سێبەری سیستم و هەڵبژاردن لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا، هەر چەندە ڕۆژنامەی ئیتڵاعات لە ژمارە (١٥٨١٨)ی ساڵی ١٩٧٩ لە زاری ڕێبەرایەتیی شۆڕشەوە؛ کوردی وەک پێکهاتەیەکی گرنگ بۆ تەواوکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن پێناسە کرد، بەڵام لەو ڕۆژەوە بەشێکی بەرچاو لە هێزە سیاسییەکان فۆبیای هەڵبژاردن و گۆڕانکارییەکانی وەستاندوونی.

ئاشکرایە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات هیچ کات خۆیان بە بەشێک لە پێکهاتەی سیستمی سیاسی لە ئێراندا نەزانیوە، وێڕای ئەزموونی دانوستانە سێ خولییەکە لە ماوەی ١٧ی تشرینی دووەم ١٩٧٩ تا شوباتی ١٩٨٠ لەنێوان کۆماری ئیسلامی و هێزە سیاسییەکاندا و تاقیکردنەوەی یەکەمین ئەزموونی چەکداری لە ڕۆژهەڵات و فەتوای جیهاد لەلایەن ئایەتوڵڵا خومەینی و سەرلەنوێ بونیادنانەوەی ناوکی دەوڵەت لەسەر بنەمای تیۆکراتی و سێنترالیزمی ناوەندگەرایی بەهێز و دەزگای ڕۆحانیی شیعەگەرا وەک تاکە ئایدۆلۆجیای جێگیر و نەگۆڕ؛ هێزە سیاسییەکانی خستە پەراوێزی بڕیاردان لە چارەنووسی خۆیان، بەمەش تا ئەمڕۆ هێزە سیاسییەکان کارێک بتوانن ئەنجامی بدەن ساردکردنەوەی خەڵکی خۆیان و تەحریمی هەڵبژاردن و ڕەخنەگرتنە لە ستراتیجی سیاسی، ئەمنی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی حکومەتە جیاوازەکانی ئێران، دەنا بەرنامەیەکی وردیان سەبارەت بە ئامادەیی خۆیان لەبەرامبەر هەلومەرجی تازەی کابینە وزارییەکاندا نییە، ڕەخنەکانیشیان لە بابەتی سیستمی تۆتالیتێر و بەمیلیتاریستکردنی ئێران و بێهەڵوێستیی ڕای نێودەوڵەتی لەبەرامبەر جینایەتەکانی حکومەت دەرهەق بە کورد و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان و کەمئاوی و بێکاری دەسووڕێتەوە، بێ ئەوەی هاوڵاتیانی کورد لەسەر شێوازی داخوازییەکانیان لەبەرامبەر حکومەت و نوێنەری ئوستاند و شارەوانییەکان بار بهێنن کە جددیتر بن لەسەر داواکاری و مافەکانیان، بەپێچەوانەوە تا دەکرێت هەوڵی ڕاکێشان و بەئۆردووگانشینیی خەڵکەکەی دەکەن، ئەمەش وای کردووە کە کورد وەک پرس لەژێر چنگی ئەم هێزانەدا بە لاوازی بمێنێتەوە و لای کۆماری ئیسلامی چیدی وەک دۆزی نەتەوەیی باس نەکرێت زیاتر لەوەی کێشەکانی کورد وەک

پرسێکی ئەمنی نەک نەتەوەیی سەیر بکرێت و هێزەکانی دەرەوەی سیستمەکەی بە کوردیشەوە، وەک بەرهەڵستکاری ڕژێمەکەی سەیر بکات و بە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ ئەزموونەکەی بزانێت.

## ئاڵنگارییەکانی پێکهێنانی حکومەت لەبەردەم هێزە کوردییەکان

تا ئەمڕۆ هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لەو بڕوایەدان کە هەڵبژاردن و پێکهێنانی کابینەی حکومەتەکان وەک میکانیزمێکی باوەڕپێکراو مانای ڕاستەقینەی خۆی نادات بەدەستەوە، بە پاساوی نەبوونی پێوەری دیموکراتیک و نیشتمانی، پرۆسەکە وەک کایەیەکی دیموکراتی و دەسەڵاتی خەڵک و فۆرمێک بۆ دەنگی هاوڵاتیان و دەستاودەستیی دەسەڵات نابینن، تا چارەنووسی خۆیانی پێ یەکلا بکەنەوە و نوێنەریان لەنێو پەرلەمان و حکومەتدا دەستنیشان بکەن، لەم ڕووەوە چەندین ئاڵنگاری لەبەردەم خۆیان و هەڵبژاردن و هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی وزاریدا دەبینن، بۆ وێنا بەهەمیشەیی لەو بڕوایەدان کە خودی ئایەتوڵڵا خومەینی هەرگیز لەگەڵ چەمکی دیموکراتیی گەلیدا نەبوو و بە بەرهەمی مانیفاکتۆری ڕۆژئاوا و زایۆنیزمی لەقەڵەم داوە، دواتریش یاسای بنەڕەتی وەک مەزنترین بەربەستی خۆیان بۆ هەڵبژاردن و پێکهێنانی کابینەی حکومەت دەبینن. یاسای بنەڕەتی کە لە ۱۱۰ ماددە پێک هاتووە، بەتایبەت کە تیۆری ویلایەتی فەقیهە وەک بناغەی سیستمەکە جێگیر کراوە. لە مادەی (٥)، ڕێبەرایەتیی شۆڕش زۆرینە دەسەڵاتەکانی لە خۆیدا کۆ کردووەتەوە. هەروەها یەکێکی تر لەو کۆسپانە ئەنجوومەنی پاراستنی یاسای بنەڕەتییە، شوورای "نگهبان"، کە ئەنجامەکانی لەلایەن بەرپرسی دەزگای دادوەرییەوە دادەنرێت و ئەمەی دووەمیشیان لەلایەن خودی ڕێبەرەوە دیاری دەکرێت، ئەمەش لە بڕوای هێزە سیاسییەکان بەتاڵکردنەوەی پێکهێنانی حکومەتە لە هەر جووڵەیەکی دیموکراتی. هەروەها بەربەستێکی تر مادەی (١٢)یە کە سەرچاوەی هەڵاواردنە و تێیدا پێشوەختە مافی خۆپاڵاوتنی لە نەتەوە جیاوازەکان و کەمایەتییە ئایینییەکان و ژنان بۆ پۆستی سەرۆککۆماری هەڵپەساردووە. بەپێی مادەی (٦٢) و (١١٤)ی یاسای بنەڕەتی، پێویستە سەرجەم کاندیدەکانی سەرۆککۆمار نێر بن و شیعەی دوازدە ئیمامی بن و بە فلتەری خودی ڕێبەردا ڕەت بن، ئەمانەش ئەو واتایە دەگەیەنن هەڵبژاردن لە ترۆپکیدا ڕێگەی بە بەشداریی خەڵک و ئەم هێزە سیاسییانە لە کوردستاندا نەداوە چ وەک نەتەوەی جودا، چ وەک ئسوڵیەت و بۆچوونی مەزهەبی، ئەوەی کە هەیە مافی دەنگدانی خەڵکە بۆ پەرلەمان و ئەنجوومەنی شوورای گوند و شارەکان کە لەژێر چاودێریی تونددان.

لەم سۆنگەیەوە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات گەیشتوونەتە ئەوەی کە هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار و پێکهێنانی حکومەتی نوێ لەژێر فەرمانی خودی ڕێبەردا ڕێگەی مانۆڕ و بەشداریی سیاسییان نادات، چونکە تەنانەت خودی سەرۆککۆمار و

زۆرینەی وەزیرەکان بە فیلتەری ڕێبەردا ڕاگوزەر دەکەن، هەر بۆیە ئاستی هێز و کاریگەریی سەرۆککۆمار و کابینەکەی پەیوەستە بە ڕادەی پاڵپشتییەکانی خودی ڕێبەر نەک خەڵکەکەی، ئەمەش لە مادەکانی (٩) و (١٠)ی یاسای بنەڕەتیدا جەختی لێ کراوەتەوە، بۆ وێنا خاتەمی کە پتر لە ٢٠ ملیۆن دەنگی هێنا، لە کۆتاییەکانیدا ڕایگەیاند کە شتانێکی ئەوتۆی وەدەست نییە.

### کابینە وزارییەکەی ئیبراهیم ڕەئیسی و هەڵوێستی هێزە سیاسییەکان

ڕەئیسی یەک لە گرنگترین فیگەرە سیاسییەکانی نێو باڵی کۆنەپارێزەکان بوو، وەک تاکە سیاسیی بێڕکابەر بەر لە چەند مانگی هەڵبژاردن؛ ئەنجامی سەرکەوتنەکەی دەست کەوتبوو. هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لە سەرەتای کاندیدبوونی بە زمانی توند و دژبەرانە سەنگەریان گرت، وێڕای گرفتە بنچینەیی و هەمیشەییەکانیان لە بابەتی پەیوەست بە هەڵبژاردن و پێکهێنانی حکومەتەکان، خودی ڕەئیسی بە هەڕەشە و مەترسیی جددیتر دەبینن لەسەر ئایندەیان. هەر بۆیە لە سەرەتای بانگەشەکانی هەڵبژاردن، هێزە سیاسییەکان بەچڕی کاریان لەسەر ئاستی دژایەتییەکە کرد و لە هەوڵی ئەوەدا بوون ئاستی کەمتەرخەمیی بانگەشە و درووشمەکانی لەبەرامبەر بابەتە نەتەوەییەکانی وەک پرسی هەستیاری کورد نیشانی خەڵک بدەن.

شاراوە نییە دەسەڵاتی سیاسی لەنێو کۆماری ئیسلامیدا بەسەر دوو ڕەوتدا پەرت بووە، ڕەوتی ڕیفۆرمخواز و کۆنەپارێزەکان کە بە میرات لە باڵی ڕاست و چەپی حیزبی کۆماری ئێرانەوە ماونەتەوە، ململانێ و کێبڕکێی هەڵبژاردنەکان لەنێوان ئەم دوو ڕەوتەدا یەکلا دەبێتەوە، بەڵام لەم هەڵبژاردنانەی پەرلەمان و سەرۆککۆماری و ئەنجوومەنی شار و گوند و ئەنجوومەنی شارەزایان لە ساڵی ٢٠٢٠، دەسەڵات بەتەواوی کەوتە ژێر ڕکێفی هێزە کۆنەپارێزەکان، ئەمەش مایەی ترسە لە تێڕوانینی بەشێک لە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتدا، هەر چەندە لەنێو هەردوو ڕەوتی ئسوڵگەرا و ڕیفۆرمخوازەکاندا بەرنامەیەکی دیار و ئاشکرا بۆ ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگەی کوردی نییە، لە کاتێکدا لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری و فەرهەنگییەوە دەکرێت بار بهێنرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە هێزە سیاسییەکان بەو پێیەی نوێنەرایەتیی بەشێک لە خەڵکی کوردن لەنێو ئوستاندەکاندا، لە هەندێک کاتدا ناتوانن بێلایەن بن و تەنها تەماشاکەر بن و زنجیری دۆگمایی و داخراویان پساندووە و هەوڵیان داوە کاریگەرییان لەسەر هەڵبژاردن هەبێت، لەم ڕووەوە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ پاڵپشتیی بەرەی ڕیفۆرمخوازیان کردووە تا لەو ڕێگەیەوە ئومێد بە گۆڕانکاریی ڕێژەیی لە ستراتیجی کۆماری ئیسلامی هەڵبگرن، تەنانەت لە یەکەمین خولی هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی لە ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٥٨، ناسراو بە مەجلیسی شووڕای میللی، هێزێکی وەک حیزبی

دیموکرات بەشداریی کرد و کاندیدەکانی دەنگی زۆرینەیان لە ئوستانەکانی مەهاباد هێنا، یاخود لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری ساڵی ١٣٧٢ کە کێبڕکێی نێوان هاشمی ڕەفسەنجانی و ئەحمەد تەوەکەلی کەوتە گەڕی دووەم، "حدکا" بێ پەردە داوای لە لایەنگرانی کرد لەبەرامبەر تاوان و جینایەتەکانی ڕەفسەنجانی لە کوردستاندا دەنگ بدەن بۆ سەرخستنی تەوەکەلی و نوێنەری میانڕەوان.

بە هەمان شێوە لە هەڵبژاردنەکانی خولی شەشەمی مەجلیس و خولی یەکەمی شووورای شار و گوندەکان کە لە ماوەی ساڵێکدا بەڕێوە چوون، ژمارەیەک لە هێزە سیاسییەکان داوایان لە لایەنگرانیان کرد کەسانێکی شایستە و لێهاتوو هەن و دەکرێت دەنگیان پێ بدەن و بە پاساوی خزمەتکردن بە شار و گوندەکانی کوردستان کەڵکیان لێ وەربگیرێت، تەنانەت پاش هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شەشەم نوێنەرە کوردەکان بۆ یەکەمین جار فراکسیۆنێکی هاوبەشیان بە ناوی نوێنەرانی کورد پێک هێنا، بەڵام دوای کۆتاییهاتنی ئەو خولەی مەجلیس لە لایەن شووورای "نگهبان"ەوە شیاوێتییان ڕەت کرایەوە، ئەمەش وای کرد لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا هەر خواستێک بۆ نزیکایەتیی نێوان خەڵک و حیزبە سیاسییەکان لە بابەتی پەیوەست بە هەڵبژاردن و پێکهێنانی کابینە وزارییەکان چاوەڕێی سۆز و هەستی ڕیفۆرمخوازەکان بن، چونکە لەلایەن کۆنەپارێزەکانەوە بەتەواوی ڕەت دەکرێنەوە.

هەڵبژاردنی ڕەئیسی بەو پێیەی نوێنەرایەتیی باڵی بەهێزی کۆنەپارێزەکان بوو، بەزوویی لەلایەن تەواوی هێزە سیاسییەکان لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا بە بەشداریی هەریەک لە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران، حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەنگدانیان بە ڕەئیسی و کۆنەپارێزەکان بایکۆت کرد، هەر چی "پژاک"یش بوو لە دەقی ڕاگەیەنراوێکدا بایکۆتی لایەنگرانی لە ناوخۆی ئێراندا ڕاگەیاند، تا کەمترین ئاستی دەنگدان لەنێو ئوستاندەکانی کوردستاندا تۆمار بکرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا بێدارکردنەوەی خەڵکی کوردستان لەبەرامبەر مەترسیی کاریگەرییەکانی کابینە حکومییەکەی ڕەئیسی لە سۆنگەی ئەزموونی نێو دامودەزگا ئەمنی و جاسووسییەکانە و نزیکی ئایەتوڵڵا خامنەییە، هەروەها دیاریکردنی موحسین ئێژەیی وەک سەرۆکی داد و دانانی کارەکتەرێکی وەک حسێن ئەمیر عەبدوڵڵاهیان لە پۆستی وەزیری دەرەوەی ئێران کە خوێندکاری قاسم سولەیمانی بووە و شوێنهەڵگری بەرنامە سیاسییەکەیەتی و کەسایەتییەکی ئوسوڵگەرا و پاڵپشتی بەهێزی ڕێبەری هەیە، بەم شێوەیەش تیمێکی تەواوی ئەمنی و سەربازیی توندئاژۆیان لە لوتکەی کابینەی حکومەتدا پێک هێناوە، لەو ڕوانگەیەی کە خەڵکی کوردستان و لایەنگرانی حیزب و هێزە سیاسییەکان هەستیارییەکی زۆریان لەبەرامبەر دەزگای جاسووسی و ئەمنییەکان هەیە، هەر بۆیە لە سەرەتای دەستبەکاربوونیەوە

مەترسی و هەڕەشەکان لەسەر بارەگای هێز و لایەنە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵات و ئۆردووگاکانیان لە هەرێمی کوردستان زیاد بووە.

دەشێ هاتنەسەرکاری ڕەئیسی سەرەتای دەستپێکردنی ئەو قۆناغە بێت کە باڵی کۆنەپارێزان سەرقاڵی لابردن و یەکلاکردنەوەی مەترسیی فایلە ئەمنییەکان بن لەسەر ئاسایشی ئێران و ڕەوتەکەیان، چونکە بە هاتنی ڕەئیسی، جووڵەی هێزە ئەمنی و سەربازییەکان زیاتر بوون و ئەفسەرە باڵاکانی سوپا لێدوان و دەرکەوتنیان زیاتر بووە، وەزارەتەکانی داد و ناوخۆ و دەرەوە زۆرترین لێدوانی فەرمییان هەبووە، گوتار و بڵاوکراوەی هەڕەشەئامێز زێدتر بوون و گومانی زۆری لەسەر سەقامگیریی هەرێمایەتی دروست کردووە، لە کوردستاندا پەرەگرتنی جموجووڵە سەربازییەکان خێراتر بووە، تەنانەت لە مەراسیمی سوێندخواردنی ڕەئیسیدا بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی "ئەمینستی ئینتەرناشناڵ" منداڵێکی تەمەن ١٥ ساڵ بە ناوی سەجاد سەنجەری لە زیندانی دزێل ئاباد لە پارێزگای کرماشان لەسێدارە درا و دەنگدانەوەیەکی بەهێزی لەلایەن ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتییەوە لێ کەوتەوە و بێگومان لەلایەن هێزە سیاسییەکانی کوردستانەوە بەتوندی سەرکۆنە کرا و وەک زەنگی مەترسیدار بۆ دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لێک درایەوە.

فاکتەرێکی تری دژایەتیی هێزە کوردییەکان بۆ کابینەکەی ڕەئیسی ئەوەیە کە لە ناوچە کوردییەکان گوشارێکی ئەمنی و سەربازی زۆر بەزەقی هەست پێ دەکرێت، تەنانەت سەرۆکپارێزگا کوردییەکان هەر ئەم بۆچوونەیان هەیە و کارێکی ئەوتۆ بۆ پەرەسەندن و پێشکەوتنی سیاسی و ئابووری ئەنجام نادرێت، چونکە دۆخی ئابووریی ناوچە کوردنشینییەکان بە زۆر هۆکاری گشتی، بنچینەیی و ئەمنی پەراوێز خراوە و گەندەڵی و ڕانت و بێکاری و هەژاری و هەڵاوسان و نەبوونی دەرفەتی یەکسان وەک هۆکارگەلێکی بەردەوام خراپتربوونی چەند قاتەی بە هۆی کۆرۆنا و ئابڵوقەی ڕۆژئاوا؛ گوشارێکی زۆری بۆ خەڵکەکەی هێناوە.

بەم هۆیەوە کارنامەی حکومەتەکەی ڕەئیسی لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە لەبەرامبەر پرسە گرنگەکاندا داوەتە بەر ڕەخنە وەک بێکاری و کەمئاوی و کۆرۆنا و نەبوونی میکانزیمی چارەسەری خێرا و ئامادەیی حکومەتی نوێ بۆ ئەم گەرمە کێشانە کە بەرۆکی ئێران بەگشتی و کوردستانی بەتایبەتی گرتووە، هەروەها مەترسییەکانی شکستی دانوستانی ئێران و ڕۆژئاواش گرنگترین ئەو بابەتانە بوون کە هێزە سیاسییەکان لە بارەیەوە دەدوێن و پێشبینیی شکست و گلۆربوونەوەی لێ دەکەن.

### هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لەنێوان هەڕەشەکانی کابینەکەی ڕەئیسی و هەرێمی کوردستاندا

هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وا نیشانیان دا کە گرەوەکانیان لەسەر ڕەئیسی و کابینەکەی لەدەوری ڕاستی دەگەڕێت، زۆری نەبرد و لە

مەراسیمی سوێندخواردنەکەدا هەڕەشەکان بۆ سەر هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات وەک مژارێکی گرنگ هاتە باسوخواس. لە وادەی ئامادەبوونی شاندی باڵای حکومەتی هەرێم لە مەراسیمی سوێندخواردنەکەدا پەیامێکی توندی ئاڕاستەی شاندەکە کرد، وەزیری دەرەوەی ئێران داوای کرد هەر چی زووترە هێز و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لە خاکی هەرێم دەربکرێن، ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ ئەنجامی ئەو ڕێککەوتنەوەی کە لە بەغداد لەنێوان ئێران و تورکیا و عێراقدا مانگی حوزەیران گرێ دراوە، پرسی دەستوەردانی هەرێمی و ئۆپۆزسیۆنی هەر یەک لەو وڵاتانە ڕێککەوتنی لەسەر کراوە.

لە کاتێکدا کە پرسی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق گەرمتر بووە، بەرپرسانی هەرێمیش خوازیاری هەنگاوێکی لەو شێوەیە نین، ئەمەش دەرگای بۆ ئێران کردووەتەوە کە بابەتی بوونی هێزەکانی ڕۆژهەڵات لە خاکی هەرێم یەکلا بکاتەوە، لە لایەکی ترەوە زیادبوونی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا لە سنوورەکانی هەرێم دژ بە پەکەکە و گوتاری وەزیری دەرەوەی عێراق کە جۆرێک لە مەشروعیەتی دا بە تورکیا؛ ئەو مژارەی هێناوەتەوە بەر باس کە بوونی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتیش پاساوێک بێت بۆ حکومەتەکەی ڕەئیسی تا فشار و دەستوەردانەکانی خێرا و زێدتر بکات.

لەم سۆنگەیەوە ڕەئیسی بە هاوکاریی گرووپە وەلائییە شیعییەکان و هێزە میلیشیاییەکان لە عێراق و لە ڕێگەی فالح فەیازی سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، بۆ جارێکی دی پەیامێکی هەڕەشەی نارد و داوای کرد کە هەرێمی کوردستان لە ململانێکانی نێوان تاران و واشنتندا پشتیوانیی ئەمەریکا نەکات و ڕێگر بێت لە کشانی سوپای ئەو وڵاتە بۆ قووڵایی خاکی کوردستان و کردنەوەی بارەگای سەربازی و ئەمنی و تەنانەت لە هەر چوار بنکە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان کە دەکەونە ناوچەکانی (فرۆکەخانە، هەریر، هەڵەبجە و هەولێر) هێزەکانیان بکشێننەوە، بەرپرسانی هەرێمی کوردستانیش گرەنتیی زامنکردنی ئاسایش و سەقامگیریی هەرێم و دوورخستنەوەی مەترسییەکانی حەشدی شەعبی لەسەر هەولێر مەرجی قایلبوونیانە بە کشانەوی هێزەکانی ئەمەریکا.

لە چوارچێوەی ئەم جووڵە نوێیەدا لە ١١ی ئابدا، فالح فەیاز لە دیدارێکی تایبەتدا لەگەڵ مەسعوود بارزانی کۆ بوونەوە و جەختیان لە دروستکردنی هەماهەنگیی سەربازی و ئەمنیی نێوان پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان کردەوە، کە دەشێ هەنگاوی یەکەمی و کردەیی حکومەتەکەی ڕەئیسی بێت، هاوکات ئێران ئەو ئۆفەرەی دایە بارزانی ئەگەر هەرێمی کوردستان لەم ململانێ نوێیە نەچێتە پاڵ ئەمەریکا، ئەوا تاران هاوکار دەبێت بۆ هێورکردنەوەی دۆخی نێوان هەولێر و میلیشیا شیعییەکان و فشارەکانی بۆ سەر حکومەتی عێراق لەبەرامبەر ناردنی بەشەبودجەی هەرێم لە بەغداد دەست پێ دەکات، هەر بۆیە

حکومەتەکەی ڕەئیسی و هاوپەیمانەکانی لە عێراق چاویان لەوەیە هەرێمی کوردستان بە ئۆفەرەکانیان ڕازی بێت و لە ئەمەریکا دوور بکەونەوە، هەرێمی کوردستانیش وەڵامێکی ئەرێنی هەبێت تا ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر ڕوو نەداتەوە و کوردستانیش لە پەلامارەکانی میلیشیا شیعییەکان بپارێزن.

بە قایلبوونی بەرپرسانی هەرێم بە داخوازییەکانی تاران، زەرەمەندی یەکەم هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتن کە بنکە و ئۆردووگاکانیان لە هەرێمی کوردستانە، چونکە بە کەمبوونەوەی کاریگەرییەکانی ئەمەریکا لە عێراق و هەرێمی کوردستان، تاران دەستخاڵی دەبێت بۆ فشارخستنە سەر بارەگای هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان و وەدەرنانیان، هاوشێوەی ڕێککەوتنی ستراتیجیی نێوان تاران و حکومەتەکەی مالیکی بۆ دوورخستنەوەی هێزەکانی موجاهیدنی خەڵک لە هاوینی ٢٠١٠دا لە کەمپی ئەشرەفەوە بۆ خاکی ئەلبانیا.

ئەم فشارانە گومانی هەنگاوی کردەییان لێدەکرێت و هەڕەشەکان بۆ سەر هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەکەی ڕەئیسیدا بوونە هەڕەشەی ئاشکرا، وەک ئەوەی لە ٦ی ئەیلوولدا وەزیری هێزەکانی وشکانیی ئێران هۆشداریی دا بە دوورکەوتنەوە لەدەوری بارەگاکانی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات وەک ئاماژەیەک بۆ بۆردوومانکردنی بنکە و بارەگاکانیان. ڕۆژی دواتر و لە ٧ی ئەیلوولدا ڕۆژنامەی "وەتەن ئەمروز" لە ژمارەی ٣٢٩٧دا لە زاری محەمەد پاکپور فەرماندەی هێزە زەمینییەکان، ڕایگەیاند کە مووشەکەکانیان بە ڕووی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات ئامادەیە کە زیاتر پەیامی لێدانی کردەیی تێدا بوو نەک بەتەنها هەڕەشە، هەر بۆیە لە ٩ی ئەیلوولدا هێزەکانی سوپای پاسداران لە ڕێگەی (٦) فڕۆکەی بێفڕۆکەوان سنوورەکانی هەرێمی کوردستانیان بۆ ماوەی ٤ کاتژمێر بۆردوومان کرد، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە سوپا و پۆلیسی ناوخۆ لە شارەکانی بانە، مەریوان و پیرانشار بڵاوەیان پێ کراوە، لە بەرامبەریشدا کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، کە دەکاتە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە هەمان ڕۆژدا لە ڕاگەیەنراوێکی خێرادا وەڵامی هەڕەشەکانی دایەوە بەوەی ئامانجی کۆماری ئیسلامی دەستدرێژییە بۆ سەر هەرێمی کوردستان هاوشێوەی تورکیا، زیاتر لەوەی مایەی مەترسی بن بۆ سەر هێزە بەرهەڵستکارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،

لێرەدا وا دەردەکەوێت کە کابینە نوێیەکەی ڕەئیسی زیاتر لە هەر حکومەتێکی تر لە ماوەی ٢١ ساڵی ڕابردوو هێزەکانی ڕۆژهەڵات بە سەرچاوەی مەترسیی گەورە دەزانن لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەیان، ئەم پرسەیان زیاتر لە هەر بابەتێکی تر ورووژاندووە و تەنانەت دژ بە ڕێککەوتنی "جنێڤ ١ و ٢" وەستاونەتەوە

که هەر هێزێکی سیاسی بۆ ماوەیەک لە جموجووڵی سیاسی و چەکداری بکەوێت بەرامبەر بە هەر وڵاتێک، مافی داڵدەدانی لەلایەن وڵاتێکی ترەوە دەبێت و پێویستە وڵاتانی ئەندام لە کۆنگرەکە بپارێزرێت، کە بێگومان ئێران یەکێکە لە وڵاتە ئەندامەکان، هەر بۆیە ڕەئیسی ئامادەی شکاندنی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانە لەبەرامبەر دەرکردنی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات.

لەم ڕووەوە حکومەتەکەی ڕەئیسی هەوڵ داوە بە سوودوەرگرتن لە هەریەک لە پرسەکانی کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا و لاوازیی حکومەتی عێراق لە پاراستنی سنوور و سەروەریی خۆی، وەک هێزێکی کاریگەر و ئەڵتەرناتیڤی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا مانۆڕ بکەن و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات وەک کلیلی ئەم هەنگاوە سەیر بکەن و زیاتر لەوە پاساوێک بن بۆ ئامادەیی ئێران و هێزە وەلائییەکانی بۆ قۆناغی دوای کشانەوی ئەمەریکا لە عێراق، چونکە بەو پێودانگە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لە ماوەی ٢١ ساڵی ڕابردوودا شەڕ و جووڵەی چەکداریی ئەوتۆیان نەبووە و جگە لە کاری تەبلیغاتی؛ مەترسیی چەکداری و ئەمنییان دروست نەکردووە و کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبووە، لە لایەکی ترەوە هەوڵەکانی ئەم کابینە نوێیە کۆتاییهێنانە بە هەنگاوەکانی کابینەکەی ڕۆحانی و هەوڵەکانی بەرەی ڕیفۆرمخوازان بۆ وتوێژ و دانوستانە نهێنییەکانیان لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لە وڵاتانی ئەورووپادا. ئەمانە و سەرباری ئەوەی بە درێژایی پتر لە ١٣٠٠کم لە سنووری نێوان ئێران–عێراق، هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتەنها لە ١٩کم لە شێوەی شانە و گرووپی بچووک بە چەکی سووک نیشتەجێ بوون و هەرگیز مەترسییەکی ئەوتۆ نەبوون و نین.

لە ئێستادا هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەنێوان دووڕیانی بڕیارە سیاسی و ستراتیجییەکانی هەرێمی کوردستاندایە و لە ڕواڵەتدا وا دەردەکەوێت چارەنووسیان لەدەست سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستاندایە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا ڕوون و ئاشکرایە کە چ حکومەتی عێراق و چ هەرێمی کوردستان توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئێرانیان نییە بۆ پاراستنی سنوور و سیادەی خۆیان، لە لایەکی ترەوە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ئەندازەیەک ڕێزیان لە پاراستنی شکۆ و سەروەری خاکی هەرێمی کوردستان و عێراق گرتووە و نەبوونەتە مایەی هەڕەشەیەکی ئەوتۆ یان هێرش و پەلاماردانیان بۆ سەر سنوورەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبووە لە خاکی هەرێمەوە، هەر بۆیە دەکرێت هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسییەوە ڕۆڵ بگێڕێت لە کەمکردنەوەی فشارەکانی حکومەتەکەی ڕەئیسی لەسەر هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چارەسەری پرسەکە بە ڕێگەی دیالۆگ و گفتوگۆ ئەگەرێکی کراوە بێت.

# وەرزنامەی
# ئێرانناسی

# وەرگێڕان

# نزیکبوونەوەی ئێرانییەکان لە تاڵیبان: تێگەیشتن و بەردەوامیی گۆڕانکارییەکان



د. دیپیکا ساراسوات. و. گەلاوێژ سۆفی





نزیکبوونەوەی ئێرانییەکان لە تاڵیبان لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا پەرەی سەندووە. بە شێوەیەکی سەرەکی وەڵامدانەوەی گۆڕانکارییەکانی پەیوەندیی تاڵیبان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ڕکابەری هەرێمی ئێران و سعودیەی عەرەبی و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەب، هەروەها پەیوەندییەکانی خودی ئێران لەگەڵ واشنتۆن. لە دە ساڵی ڕابردوودا واقیعی سیاسی و ئەمنی لە ئەفغانستان و ناوچەکە، تێوەگلانی ئێرانی لەگەڵ تاڵیبان پشتڕاست کردووەتەوە، لە هەمان کاتدا نیگەرانییە ئایدۆلۆژییەکانیش پشتیان گرتووە.

### دەستپێکی بەشدارییەکی وریایانە

لە ساڵی ٢٠٠١، ئێران هاوکاریی ئەمەریکای کرد لە وەلانانی تاڵیبان، بە هاوکاریی هاوپەیمانەکانی باکوور کە تاجیک و ئۆزبەک و

گرووپە شیعەکانی لەخۆ دەگرت. لە کۆنفرانسی بۆن، ئێران ڕۆڵێکی بونیادنەرانەی گێڕا لە گەیشتن بە بەیاننامەی بۆن لەسەر حکومەتی کاتیی پاش تاڵیبان و دەستووری کاتی بۆ ئەفغانستان. تاران هەڵوێستێکی پرۆدیموکراتی و دژەتیرۆریزمی هەبوو، سوور بوو لەسەر ئەوەی کە لە دەستووره کاتییەکەدا هەڵبژاردنی ئەفغانستان و هاوکاریی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر لە ڕەشنووسی ڕێککەوتنەکەدا جێگیر بکرێت.

لە سەردەمی پۆستتاڵیباندا، بەرژەوەندیی ئاسایشی ئێران لە سنووری ڕۆژهەڵاتی، پشکی سەرەکی لە یارمەتییەکانی قەرەبووکردنەوەی پارێزگای هیرات بە ئێران دراوە. لەوێدا یەکێک لە پرۆژە لەپێشینەکانی ئێران لە ئەفغانستان، سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی (IRGC) ڕێگایەکی لە سنووری دۆغارۆن/ئیسلام قەڵا بۆ هیرات بە تێچووی ٦٠ ملیۆن دۆلار بنیات نا. ئێران زیاتر لە ٦٦٠ ملیۆن دۆلاری لە ٢٢٥کم هێڵی ئاسنی لە خافەوە کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران بۆ هیرات؛ وەبەرهێنان کردووە. بەشێکی ١٤٠کم هێڵەکە لە کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ کرایەوە. ئەم پرۆژانە بەئامانجی دروستکردنی بواری کاریگەریی ئابووریی ئێران لە هیرات دەکران و بە شێوەیەکی نهێنی دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ تاجیکستان و ئۆزبەکستان کە هاوسنوورن لەگەڵ ئەفغانستان.

شایەنی ئاماژەپێکردنە هیرات لە ڕووی کولتووری و مێژووییەوە بەشێک بووە لە ئێرانی مەزن، ئەمەش پاش چەندین هەوڵی شکستخواردوو بۆ سەپاندنی هەژموونی ئێرانی بەسەریدا بۆ ماوەی زیاتر لە نیوسەدە. لە ساڵی ١٨٥٧، ئێران بە پەیمانێکی ئاشتی کۆتایی بە شەڕی ئەنگلۆ فارسی هێنا و وازی لە بانگەشەی خاکی بەسەر هیرات هێنا. بەهۆی زیادبوونی گرژییەکانی لەگەڵ واشنتۆن لەهەمبەر پرۆگرامە ناوەکییەکەی، ئێران ناچار بوو جارێکی تر خۆی لە تاڵیبان نزیک بکاتەوە، پاش ئەوەی سەرۆک بوش ئێرانی وەک بەشێک لە "تەوری خراپە" دیاری کرد، بەهۆی لە ٢٠٠٧ کاتێک داواکاریی مانگرتنەکانی پێش هەڵوەشانەوەی توانا ئەتۆمییەکانی ئێران لە واشنتۆن لە هەڵکشاندا بوو، ئێران سیاسەتی خۆی لە پشتگیریکردنی حکومەتەکەی کارەزای وەک سەنگەرێک دژی تاڵیبان و ئەلقاعیدە گۆڕی بۆ فراوانکردن و پشتگیری لە تاڵیبان بەئامانجی دروستکردنی نائارامی بۆ سەربازانی ئەمەریکا لەو وڵاتەدا. ڕۆڵی ئێران لە شانۆی ململانێکاندا بۆ نموونە لە عێراق و ئەفغانستان، بەشێک بوو لە گەشەپێدانی ستراتیژی لە ڕێگەی تێوەگلاندنی هێزە ئەنتی ئێرانییەکان لە دەرەوەی سنووری ئێران.

بەشداریی ئێران لە پرۆسەی ئاشتیی ئەفغانستان، جیاواز لە ئێستا و لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا، کاتێک ئێران تاڵیبانی وەک گرووپێکی توندئاژۆی سوننەی سپۆنسەری

سعودیە و نوێنەری ئەمەریکا دەبینی کە بەشوێن بەرەنگاربوونەوەی شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانەوەن، ئێستاش تاڵیبان وەکوو ئەکتەرێکی ناوخۆی ئەفغانستان دەبینێت. لە ساڵی ٢٠١٤، لەگەڵ دەرکەوتنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، بەڕوونی لەلایەن تارانەوە وەکوو دژەشیعە و هەڕەشەیەکی جیهانی بینران لەسەر سنووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئێران. دیدی تاران بۆ تاڵیبان مامناوەند بوو، بەئامانجی ناچارکردنی کشانەوەی ئەمەریکا لە ئەفغانستان. تاران پشتگیری و پشتیوانیی لە تاڵیبان کرد وەکوو کارەکتەری یاسایی لە پرۆسەی سەقامگیریی ئەفغانستان، تەنانەت وەکوو درێژدان بە سیاسەتە نەگۆڕەکەی لە ڕێگەنەدان بە حوکمی فرەیی پشتۆنەکان یان کۆنترۆڵی تەواوی وڵات لەلایەن تاڵیبانەوە لە ڕێگەی شەڕەوە.

ئەم تێڕوانینە فەرمییە لە کاتێکدا بوو کە تاڵیبان لە پێشڕەویی خێرادا بوو لە سەرانسەری وڵاتدا، بەڵام لەلایەن کەسانی گرنگی بازنەی ئایینی-سیاسییەوە لە ئێران ڕەخنەی لێ گیرا، دوای ئەوەی ڕۆژنامەی کەیهانی بناژۆخوازەکان کە بەڕێوەبەرەکەی لەلایەن ڕابەری باڵاوە دانراوە، لە ٢٥ی حوزەیرانی ٢٠٢١ دەنووسێت کە "تاڵیبانی ئێستا جیاوازە لەو تاڵیبانەی کە پێشتر دەماننناسی و خەڵکی سەر دەبڕی"، ئایەتوڵا ئەسەدوڵابیات زەنجانی لە کۆمەڵەی ڕیفۆرمخوازانی پیاوانی ئایینیی شەڕکەر ڕەخنەی لەم وێناکردنەی تاڵیبان وەک هێزێکی میانەڕەو گرت، لە کاتێکدا تاڵیبانی وەک گرووپی داعشی ڕادیکاڵ و توندئاژۆ و تیرۆریست ناوزەد کرد، ئاماژەی بەوەش دا کە دەکرێت هاوشێوەیەکی ئیسلامی شیعیی فەندەمێنتاڵ لە ئێران لەدایک ببێت لە ئەنجامی گرنگینەدان بە توندئاژۆیی و بێبەزەییانە خوێندنەوەی ئیسلام. لە ١٥ی تەمموز، ئایەتوڵای گەورەی قوم؛ ئایەتوڵا لوتفوڵا سافی گول پایەگانی کە مەرجەعی باڵایە و "سیمبولی ئایینی و مەزهەبی" لە ئێران دەژی، ڕایگەیاند متمانەکردن بە تاڵیبان هەڵەیەک بوو ڕاستکردنەوەی مەحاڵە. لە سەرەتای تەمموز، لەناو هەڵکشانی توندوتیژی و وتوێژی لایەنەکانی ئەفغانستان لە قەتەر، تاران بەشوێن پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە دیپلۆماسییەدا دەگەڕا بە ڕێگەی میوانداریکردنی نوێنەرانی تاڵیبان و حکومەتی ئەفغانستان.

لە کاتی وتوێژەکانی نێوان لایەنەکانی ئەفغانستان لە ٨ و ٩ی تەمموز، جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی ئێران ڕایگەیاند کە پاش بیست ساڵ شەڕ، هێشتا ئەمەریکا لە ئەفغانستان بەدەست شکستەوە دەناڵێنێت، لە کاتێکدا داوای لە هەردوو لا دەکرد پابەندی چارەسەرێکی سیاسییانە بن. زەریف بەردەوام بوو و تاڵیبانی وەکوو هاوبەشی جیهاد ناوزەد کرد دژی داگیرکەرانی بیانی بەتایبەت ئەمەریکا. لە کۆبوونەوەی لەگەڵ شاندی تاڵیبان بە سەرکردایەتیی مەلا عەبدولغەنی برادەر، عەلی شمخانی سکرتێری ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی

نەتەوەیی ئێران؛ وتی: کە ئێران لە ئەفغانستان دان بە هیچ گرووپێکدا نانێت کە بە شەڕ دەسەڵات بگرێتە دەست، هەر بۆیە ئێران جەخت لەسەر چارەسەری سیاسی دەکاتەوە بۆ ململانێکانی ئەفغانستان. لە هەمان کاتدا وەک ئاماژەیەک بۆ تاڵیبان وتی: ئێران دان بە "ئیمارەتێکی ئیسلامی ئەفغانیدا" نانێت کە ئەوان زۆرینەی بن.

لە کاتێکدا ئێران میواندارێی وتوێژەکانی ئەفغانستانی دەکرد، تاڵیبان ئیسلام قەڵای کۆنترۆڵ کرد کە گەورەترین ڕێگای ئەفغانستانە لەگەڵ ئێران و دوو ڕێگای تری ئەبو ناسر فەرحی لە هەرێمی فەرح و زارانج لە هەرێمی نیمروز بە شێوەیەکی خێرا کۆنترۆڵ کرد. بەرپرسیارێتیی بەرگری لە سنووری ١٤٥کم ئێران لەگەڵ ئەفغانستان لە ئەستۆی ئەرتەش (سوپا)ی ئێرانە، بەڵام هەر دوای کۆنترۆڵی هیرات لەلایەن تاڵیبانەوە، مەترسیی کۆچی بەکۆمەڵ بۆ ناو ئێران هاتە ئاراوە. حسێن سەلامی فەرماندەی سوپای پاسداران (IRGC) ئەو پڕوپاگەندانەی بەدرۆ خستەوە کە باسی پێکدادانی نێوان تاڵیبان و پاسەوانی سنووری ئێران دەکات. سەلامی ڕایگەیاند کە "پێویستە خەڵکی بە هیچ شێوەیەک نیگەران نەبن، چونکە مەودای چاودێریکردنمان لەسەروو سنوورەکانەوەیە، ئێمە چاودێری و کۆنترۆڵی هەموو بەرەوپێشچوونێک لە وڵاتی دراوسێدا دەکەین".

هێزی قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران لە نزیکەوە کاری لەگەڵ هاوپەیمانەکانی باکوور دەکرد هەتا کەوتنی حکومەتی تاڵیبان لە ٢٠٠١. ئیسماعیل قائانی بەرپرسی ئێستای هێزی قودس، ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە دروستکردنی دابەشبوونی فاتمیون کە لەو میلیشیا شیعانەی ئەفغانستان پێک دێت کە شەڕ لە بەرژەوەندیی حکومەتی ئەسەد دەکەن لە سووریا و شانبەشانی حوثییەکانی یەمەن. لە ٢٠ی تەمووز دابەشبوونەکە بەیاننامەیەکی فەرمیی بڵاو کردەوە کە تیایدا لۆمەی "میدیای زایۆنیستی-ئەمەریکی"ی دەکرد سەبارەت بەو ڕاپۆرتانەی کە گوایە ئەندامەکانی لە مەیدانی جەنگدان لە ئەفغانستان. لە کاتێکدا کە ئێران تاڵیبانی پەلکێشی چارەسەرێکی سیاسیی ئاشتییانە دەکرد، لەسەر فریودانەکانی بەردەوام بوو لە بڵاوەپێکردنی فاتمیونەکان لەجیاتیی کەمینە شیعەکانی ئەفغانستان.

ئیسماعیل خان؛ جەنگاوەری پێشوو و ئەندامی دیاری میلیشیاکانی حەشدی هاوپەیمانی باکوور، شانبەشانی هێزی ئاسایشی نیشتمانیی ئەفغانستان (ANSF) لە دژی پێشکەوتنەکانی تاڵیبان بۆ ناو هیرات بۆ ماوەی دوو هەفتە وەستایەوە. هەر چۆنێک بێت کاتێک تاڵیبان شاری هیراتی لە ١٣ی ئابدا کۆنترۆڵ کرد، پارێزگاری هیرات و ئیسماعیل خانی دەستبەسەر کرد کە دوای خۆبەدەستەوەدانی؛ تاڵیبان ڕێگەی دا بەسەلامەتی بڕواتە ئێران.

وا دیارە کە ئێران زۆر بەپەرۆش بووە بۆ خۆلادان لەو پێکدادانانەی کە دەبنە هۆی ناسەقامگیریی ئەمنیی زیاتر و پەڕینەوەی کۆچبەرانی سنوورەکان بۆ ناو ئێران، بەڵام دابەشبوونی فاتمیون و کاریگەریی ئێران لەسەر جەنگاوەرانی پێشوو وەک ئامرازێکی گرنگی هێزی تاران، مانەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەی کە فەرمانڕەوایی نوێ لە ئەفغانستان بە شێوەیەکی تایبەتی تاڵیبان تیایدا بالادەست نەبێت.

سەید ڕەسوڵ موسەوی؛ جێگری وەزیری دەرەوە و بەڕێوەبەری گشتیی بەشی ئاسیای باشوور لە کاروباری وەزارەتی دەرەوەی ئێران، باسی کۆبوونەوە دوو ڕۆژییەکەی نێوان شاندی تاڵیبان و نوێنەرانی حکومەتی ئەفغانستان دەکات و دەڵێت: "بەشداربووانی کۆبوونەوەکەی تاران تیمێکی لێهاتوو بوون و گرووپێک بوون کە بڕوایان بە سیستمی کۆماری هەبوو". موسەوی درێژەی پێ دەدات و دەڵێت: کە چۆن ئێران دەستپێشخەریی بۆ نێوەندگیریی نێوان حکومەتی ئەفغانستان و تاڵیبان کردووە لە کاتی سەردانێکی محەمەد حەنیف ئەتمەر بۆ تاران، دواتر ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ئەفغانستان لە تەمووزی ٢٠١٧ و چۆن بابەتەکە بەرز کرایەوە لەلایەن عەلی شەمخانییەوە کاتێک جێگرەوەی ئەتمەر؛ حەمدوڵاموهیبی بینی لە کانوونی دووەمی ٢٠١٨. زیادەڕۆیی ئێران بۆ نێوەندگیری، سەرچاوەکەی لە نیگەرانییەتی دەربارەی دەرکەوتن و پەرەسەندنی داعش وەکوو "تیرۆریستی تەکفیری" لەلایەن ئێران و هاوپەیمانەکانی.

## ڕکابەری هەرێمی

سیمایەکی گرنگی ئاسایشی ئێران جەختی کردووەتە سەر نزیکبوونەوەی هەرێمایەتی وەک دژایەتییەک بۆ نزیکبوونەوەی نێودەوڵەتی بە هاوکاریی بەخشەران و هاوبەشانی ئەمنی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا. بەم جۆرە پێویستە کێشە و قەیرانە هەرێمییەکان بە هاوبەشی و هاوکاریی چالاکی نێوان یاریکەرە هەرێمییەکان چارەسەر بکرێت. تاران لە نیگەرانییە ئەمنییەکانی بەیجینگ و مۆسکۆ تێدەگات دەربارەی پەرەسەندنەکانی دەوڵەتی ئیسلامی-پارێزگای خوراسان (IS_K) لەو ناوچەیەی کە سنووری ئۆزبەکستان و تاجیکستان و چینە. لە ئێستادا ئەوان ڕێک کەوتوون لەسەر سیاسەتی تێوەگلاندنی تاڵیبان لە پاراستنی سنوورەکان و هێنانی سەقامگیری بۆ ئەفغانستان.

لە ساڵانی ١٩٩٧ بۆ ٢٠٠١، ئێران بەشێک بوو لە چوارچێوەی کاری "٦+٢" کە پێک هاتبوو لە چوار وڵاتی هاوسنووری ئەفغانستان کە چین، ئێران، پاکستان، تاجیکستان و ئۆزبەکستان لەگەڵ ئەمەریکا و ڕووسیا. گریمانەی گرنگی چوارچێوەکە بریتی بوو لەوەی کە ململانێکانی ئەفغانستان ناتوانرێت چارەسەر بکرێت بەبێ دەستتێوەردانی وڵاتانی دراوسێ.

لەژێر پارێزبەندیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، چوارچێوەی "٦+٢" گفتوگۆی ڕێگاکانی چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە سیاسییانەی کرد کە بە هۆی شەڕی ناوخۆیی پاش کشانەوەی سۆڤیەت لە ١٩٨٩ دروست بووبوون، هاوکاریکردنی لە دامەزراندنی نوێنەرایەتییەکی فراوان، حکومەتێکی فرە ئیتنیکی کە هاوپەیمانی باکووری ئەفغانستانیش لەخۆ بگرێت. دواتر گرووپەکە ڕۆڵی گێڕا لە دامەزراندنی حکومەتێکی پۆستتالیبان بۆ ئەفغانستان.

ئەنتۆنی بلنکن وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە نامەیەکدا بۆ سەرۆک ئەشرەف غەنی لە مارسی ٢٠٢١دا، پێشنیاری نزیکبوونەوەیەکی هەرێمیی کردبوو لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کاریگەرییان لەسەر لایەنە جیاوازەکانی ئەفغانستان هەیە کە دەتوانێت هاوکار بێت لە بەرجەستەکردنی ئاشتیدا. وەک بەشێک لە هەوڵێکی دیبلۆماسیی باڵا، ئەمەریکاویستی داوالە نەتەوەیەکگرتووەکان بکات بۆ گرێدانی کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوە و نێردراوانی وڵاتانی ڕووسیا، چین، پاکستان، ئێران و ئەمەریکا بە مەبەستی وتوێژکردن لەسەر نزیکبوونەوەیەکی هاوبەش بۆ پشتگیریی پرۆسەی ئاشتی لە ئەفغانستان. هەر چەندە دانیشتنێکی لەم شێوەیە ئەنجام نەدرا، بەڵام تاران دیدێکی پۆزەتیڤی هەبوو لەهەمبەر ئەگەری کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە وڵاتانی ناوچەکە لەسەر ئەفغانستان.


لە مارسی ٢٠٢١دا، ئێران لەلایەن مۆسکۆوە بانگهێشت کرا بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی "درێژکراوەی ترۆیکا" بە بەشداریی چین و ئەمەریکا و ڕووسیا، کە "ترۆیکا" پێک دەهێنن کە ڕاوێژی ئاسایی لەخۆ دەگرێت سەبارەت بە ئەفغانستان لە دوو ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ پاکستان. ئێران ناچار بوو بانگهێشتەکە ڕەت بکاتەوە، لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوو بچێتە سەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ واشنتۆن لە کاتێکدا ئەو دوو وڵاتە سەرقاڵی وتوێژی ناڕاستەوخۆ بوون بۆ زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنی ناوەکی. لەلایەن خۆیەوە ئێران کە خۆی و هیندستان وەک کێشێکی هاوسەنگ بۆ پاکستان لە ئەفغانستان دەبینێت، بەخێرهاتنی "هەوڵەکانی نیودەلهیی بۆ بەرقەرارکردنی ئاسایش لە ئەفغانستان"کرد.

لەو سۆنگەیەوە کە ئێران بڕیارە هاوشانی ڕووسیا، پاکستان و چین ڕۆڵێکی گرنگی دیبلۆماسیی کاریگەر بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکانی کابووڵ بگێڕێت، ئامانجەکانی لەو وڵاتەدا بەو مانایە دێت کە پشتگیری لە دەسەڵاتێکی گشتگیر و نموونەیی دەکات. هەر چۆنێک بێت تاران لەوانەیە دووبارە بیر بکاتەوە لە دۆخی ئێستای دیبلۆماسیەتی لەبەرانبەر تاڵیبان، ئەگەر نامەی ڕەوانبێژیی پێکهێنانی "حکومەتی گشتگیر" لەگەڵ کات بسەلمێت کە چیرۆکێکی خەیاڵییە.

لینکی بابەت:

The Iranian Approach to the Taliban: Understanding Changes and Continuities - Indian Council of World Affairs (Government of India) (icwa.in)

# ئێران و سعودیە، ململانێ لەسەر باڵادەستی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا



ئارمینا ئارم* . وەرگێڕانی جەواد حەیدەری




**کورتەیەک**

ئێران و سعودیە بەسەرنجدان بە پێگەی جوگرافیا سیاسییە کە هەیانە گرنگترین ئەکتەری ناوچەیین لە کەنداوی فارس و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بە جۆرێک ڕکابەری ناوچەییش لە قەڵەم دەدرێن.

ئەو دوو وڵاتە بەسوود وەرگرتن لە پێگەی ستراتیژی لەناوچەکەدا گرنگێکی زۆریان هەیە. بە

بڕوای توێژەران، پەیوەندییەکانی ئێران و سعودیا بەهۆی گرنگی ئەو دوو وڵاتە لەناوچەکەدا و کاریگەریەکی کە ئەوان بەسەر ئەکتەرەکانی دیکەی ناوچەکەدا هەیانە، گرنگییەکی زۆری هەیە. پەیوەندی نێوان ئەو دوو وڵاتە بەدرێژایی مێژوو هەمیشە ڕەوتێکی ناهاوسەنگ و بگۆڕی هەبووە و بە لەبەرچاوگرتنی پێشهات و گۆڕانکارییەکانی ئەم ساڵانەی دوایی لەناوچەکەدا ململانێیەکی جدی لەنێوان ئێران و سعودیا دەبینین. هەنووکە بەسەرنجدان لەڕێککەوتنی ئەتۆمی لەنێوان ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاواییدا لەلایەک و ڕۆڵی کاریگەری ئێران لە قەیرانە ناوچەییەکانی وەک سوریا، عیراق و یەمەن لەلایەکی دیکەوە زەمینەکانی زۆربوونی دەسەڵاتی ناوچەیی ئێران و شیعەکانی لەناوچەکەدا فەراهەم کردووە کە ئەم بابەتەش بۆتە توندبوونەوە و چڕبوونەوەی ململانێ ناوچەییەکان لە نێوان ئێران و سعودیادا.

ئەم توێژینەوەیە بە بەکارهێنانی شێوازی تەوسیفی و شیکارانە بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارەیە کە هۆکاری بەرزبوونەوەی ئاستی ئاڵۆزی و گرژی لە پەیوەندییەکانی نێوانی ئێران و سعودیا چییە؟ گریمانەی ئەم توێژینەوە لەسەر ئەم بنەمایە هەڵچنراوە کە بەردەوامبوونی مۆدێل و پارادایمی ناتەبایی و ناسازگاری لە پەیوەندییەکانی دوو وڵات بەهۆی ململانێی ناوچەیی نێوان ئێران و سعودیا و هەروەها بەرزبوونەوەی هێزی ناوچەیی ئێران لەدوای ڕێککەوتنی ئەتۆمی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئایدیۆلۆژیکی و جوگرافیای سیاسی.

## پێشەکی

گۆڕانکارییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان لەم چەند ساڵەی دواییدا لەوانە ڕۆڵی کاریگەری ئێران لەقەیرانەکانی عیراق و سوریا و ئامادەبوونی ئێران لەیەمەن لە لایەک و ڕێککەوتنی ئەتۆمی لە نێوان ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوایی بۆتە هۆی بەهێز بوونی ئێران لە ناوچەکە و مایەی نیگەرانی ڕەکابەری ئێران لەناوچەکەدا کە ئەویش سعودییە. بە لەبەرچاو گرتنی کەشی واقیع گەرا زاڵ بە سەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەنداوی فارس، سعودیە هەرجۆرە دەسەتخوازی ئێران بە زیان و زەرەری خۆی دەزانێت و لەچوارچێوەی گەمە و یارییەکدا هەستاوە بۆ بەرەنگاربوونە لە دژی هێز و دەسەڵاتی ئێران لە ناوچەکەدا.

لەلایەکی دیکە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەنداوی فارس وەک بەشێکی گرنگ لە سیستمی نێودەوڵەتی بەهۆی هەلومەرجی جوگرافیای سیاسی و ستراتیژی جوگرافی تایبەت هەمیشە لە سەردەمە مێژووییەکانی خۆی تا ئێستا وەک بەشێکی گرنگ لە ئارادابووە. بە تایبەتی لەسەردەمی ئێستادا کە مەسەلەی ئابووری و وزە گرنگی بەو ڕۆڵەداوە. کەنداوی فارس لە ڕیزی ئەو ناوچانە دێتە ئەژمار کە هەمیشە لەگەڵ نیشانەگەلی کێشمەکێش و تێکهەڵچوون و کێشە و شەڕی ناوچەیی بەرەوڕوو بۆتەوە. بەڕای فرێد هالیدی جوگرافیای سیاسی هاوچەرخی کەنداوی فارس لەژێر کاریگەری کێشمەکێش و ڕەکابەری لە نێوان سێ وڵاتی بەهێزی ناوچەکە ئێران و سعودیە

و عیراق دایە. ئەو شەش بواری گرژی و ئاڵۆزی لەناوچەکە بە سەرکردایەتی سێ وڵاتی بەهێزی ناوچەکە ئێران و عیراق و سعودیە ناساندووە، قەڵەمڕەو، کەمایەتییە ئایینی و نەژادی، نەوت، پێشبڕکێی چەک و کێشمەکێش لە سیاسەتی دەرەوە و دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی یەکتر. بەڵام دوای ڕوخانی سەدام بە دەرچوونی عیراق لە ململانێی لەگەڵ ئێران و سعودیە، بووە هۆی ئەوەی کە ململانێ و کێبەرکێ لەنێوان ئێران و سعودیە لەناوچەی کەنداوی فارس ببێتە گرنگترین گۆڕەپانی نەریتی کێشە بۆ ئەوەی زاڵبوونی دەسەڵات لەناوچەکە زیادتر بێت.

هەر بۆیە پەیوەندییەکانی نێوان دوو هێزی گەورەی ناوچەکە لەچوارچێوەی مۆدێلی ململانێی ناتەبایی و ناکۆکی یان هاوکاری کاریگەرییەکی زۆری لەسەر وڵاتانی ناوچەکە دادەنێت.

هەرچەند ئێران لەچەند خول و قۆناغێکدا سیاسەتی وەلانانی ئاڵۆزی گرتەبەر و لەچەند بابەتێکدا پەیوەندییەکان بەرەو باشی ڕۆیشت، بەڵام ناکۆکی و لێکدژی ئایدیۆلۆژییەکان بابەتێک نەبوو هەروا بە ئاسانی لەنێوان دوو وڵات بکرێت بە ئاسانی لێی تێپەڕ بی. چونکە ئەگەر دژایەتیکردنی سیاسی وڵاتەکان لە بواری جوگرافیای سیاسی بۆ گۆڕەپانی ئایدیۆلۆژێک تەشەنە و پێدزە بکات لەوەها هەڵومەرجێکدا میکانیزم و ڕێوشوێنی گونجاو لەسەر بنەمای ئاڵۆزی و گرژی سڕینەوە لە سەرکەوتن و کاریگەرییەکی ئەوتۆ بەهرەمەند نابێت.

سعودیە هەمیشە بنەمای سەرەکی هێزەکانی لەدژی حکومەتەکانی سوریا و عیراق و حزبوڵڵا لەلوبنان و شیعەکان لە ناوچەکە ڕێکخستووە و ڕۆڵی گێڕاوە. ئەنجامی وەها پڕۆسەیەک دەبێت لەپەرەسەندنی دەستێوەردانەکانی سعودیە لە وڵاتەکانی وەک یەمەن و بەحرین ببینین.

## سیاسەتی دەرەوەی ئێران سەبارەت بە سعودیە

سیاسەتی دەرەوەی ئێران سەبارەت بە سعودیە بەدرێژایی قۆناغە مێژووییەکان جیاواز و بگۆڕ بووە. دەتوانین پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و سعودیە لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران بەسەر چوار قۆناغدا دابەشبکەین.

**قۆناغی یەکەم:**

لەدوای شۆڕشی ئیسلامی و دەستپێکی جەنگی نێوان ئێران و عیراق کە لە ڕوانگەی مێژوویی سەرەتای دەستپێکردنی سیاسەتی رادیکالی دەرەوەی ئێران بوو.

لەم قۆناغەدا بەهۆی شوناسی ئایدیۆلۆژیکی شۆڕش ئیسلامی و هەوڵدان بۆ گۆڕینی دۆخی هەنووکە لەپێناو نارەزایەتی دەربڕین بە سیستمی نێودەوڵەتی بوو. مۆدێلی ناکۆکی و ناتەبایی بەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا زاڵ بوو. بەربەرەکانی و خەبات لەدژی سیستمی دەسەڵاتداریتی و سیاسەتی زۆرەملێ ڕازی ئەم وەرچەرخان و گۆڕانکارییە بوو. وەها ڕوانینێک سەبارەت بە سیستمی نێودەوڵەتی بە باشترین فۆرم لە چوارچێوەی بنەمای (نە ڕۆژهەڵاتی

– نە ڕۆژئاوایی) لەچوارچێوە ستراتیژی ڕووبەڕووبوونەوەی هاوسەنگ و هاوکێش لەگەڵ دوو زلهێز و دوو جەمسەری دەردەکەوێت.

دوای شۆڕش و هەرەسهێنانی مۆدێلی هاوسەنگی ناوچەیی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و سعودیە بەرەو لێڵی و ئاڵۆزی ڕۆیشت. شۆڕش ئیسلامی شوناسێکی نوێی بۆ ئێران بەدواوە بوو. لەسەر ئەم بنەمایە ئێران لەڕیزی پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوا دەرچوو و لەسەر شوناسی شۆڕشگێڕی و ئایدیۆلۆژیکی خۆی وەک کێشەیەک بۆ سیستمەکانی پاشایەتی و موحافزەکارەکانی ناوچەکە هەڵسەنگاندنی بۆ کرا. لەسەر ئەو بنەمایە لەدوای شۆڕش، ئێران و سعودییەکان بەپێی شوناسی خۆیان تێبنییەکانیان سەبارەت بە یەکتر گۆڕانی بەسەردا هات و ئایدیۆلۆژییەکی کە دوو ئەکتەر و ڕۆڵگێڕ خۆیان لەسەر بنیات ناوە

**”**

**ئێران و سعودیە بەهۆی شوناسی جیاواز، ئێر انی – عەرەبی و ململانێیەکانی دوو وڵات لەناوچەی کەنداوی فارس و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هیچکات تێگەیشتنێکی ئەرێنیان لەیەکتر نەبووە**

و بە دوایدا گەڕاون و بەرەوڕووی دژایەتیکردنی و ناکۆکی بوونەتەوە.

لەوکاتەوە لە ئاستی ناوچەی کەنداوی فارس ئامانجەکانی ئێران بانگەشەی ئیسلام (لەسەر بنەمای شیعە)بوو بۆ پەرەپێدانی نفوز و زاڵبوون و سەقامگیری خۆی وەک هێزێ زاڵ لە ناوچەدا، کەمبوونەوەی نفوز و بوونی سەربازی ئەمریکا، بێ بایەخکردنی حوزووری ئەمریکا لەناوچەکە، پەرەسەپێدانی نفوز و ڕۆچوونی خۆی لەناو گرووپەکانی نەیاری ئەمریکا و ململانێ لەگەڵ سعودیە لەڕێگەی سوودوەرگرتن لە دووبەرەکی و ناکۆکییە دەروونییەکان لە ناوچەی کەنداوی فارس بوو.

**قۆناغی دووەم:**

هاوکاتە لەگەڵ قۆناغی سەرۆکایەتی عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی و ڕەچاوکردنی ئاراستەیەکی کردەوەخواز لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران کە بەڕاستی ئەو میتۆدی پێکەوە ژیان بەسەر پەیوەندییەکانی ئێران و سعودیە زاڵ بوو. هەڵبەتە هەندێک هۆکاری دەرەکی لەم ئاڕاستەبوونەدا کاریگەرییان هەبوو، لەوانە هێرشی عێراق بۆ کوەیت و داگیرکردنی ئەو وڵاتە لەلایەن عێراقەوە، هەرەسهێنان و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤییەت و کۆتایی سیستمی دووجەمسەری. لەو سەردەمە لەگەڵ گۆڕینی نوخبەی دەستڕۆیشتووی دەسەڵاتدار لە ئێران و گۆڕانکارییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان ئاڕاستەی کردەوەخوازی لەسەر بنەمای پابەندبوون و هەلومەرجی

سیاسی و ئابووری و ئاسایشی ناوخۆیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتی لەسیاسەتی دەرەوەی ئێران وەک ئەولەویەتێک ڕەچاو کرا.

**قۆناغی سێیەم:**

ئەم قۆناغە هاوکاتە لەگەڵ هاتنە سەرکاری حکومەت چاکسازی (ڕیفۆرمخوازەکان) کە بنەمای سیاسەتی دەرەکەی خۆیان لەسەر بنەمای وەلانانی ئاڵۆزی و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی جیهان و دراوسێکانی. بنەماکانی وەک گەشەخوازی سیاسی و کلتووری، ئاڵۆزی سڕینەوە، متمانەسازی، ئاشتی گەرایی و چەند لایەنەگەرایی لە ماوەی 8 ساڵ بەسەر بنەماڵەکان لەناو گۆڕەپانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران زاڵ بوو. لەلایەنی نێودەوڵەتیش ڕووداوی تیرۆریستی 11ی سێپتەمبەر، هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان و عێراق و دەستپێکی قەیرانی ئەتۆمی چوار گۆڕانکاری و وەرچەرخانی گرنگ بوون کە کە بە قوڵی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانی خستبووە ژێر کاریگەری خۆیانەوە.

هەوڵدان بۆ سڕینەوەی ئاڵۆزی و متمانەسازی لەپاڵ دروستکردنی کەشێکی گونجاو و لەباری ناوچەیی و نێودەوڵەتی بووە هۆی ئەوەی کە ئێران و سعودیە قۆناغێکی ئارام ئەزموون بکەن و تێگەیشتنێکی دۆستانەیان سەبارەت بە یەکتر هەبێت و بۆ یەکەمینجار لە دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران هاوکارییەکانی نێوان دوو وڵات لە بوارەکانی ئابووری و وزە و سیاسی و ئەمنی گەیشت بە لوتکەی خۆی.

**قۆناغی چوارەم:**

بەهاتنە سەرکاری حکومەتی نۆیەم و سەرۆکایەتی مەحمودی ئەحمەدی نەژاد لە ساڵی 2005 سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەڕوانگەی شوناسەوە لە دوو خولەکەکەی پێشووتر جیاواز دەبێت و رادیکالیزمی شۆڕشگێڕی دەیەی ( 1980) دووبارە زیندوو دەبێتەوە. هەربۆیە سروشتییە کە پەیوەندی ئێران لەگەڵ جیهان و وڵاتانی دراوسێ بەرەو سارد و سڕی دەڕوات. لەم قۆناغەداش هەمدیسان دەبینی کە میتۆدی ناکۆکی و ناتەبایی لە پەیوەندییەکانی نێوان دوو وڵات زیاتر دەبێت.

**زەمینەکانی ناکۆکی و ناتەبایی**

ئێران و سعودیە بەهۆی شوناسی جیاواز، ئێرانی – عەرەبی و ململانێیەکانی دوو وڵات لەناوچەی کەنداوی فارس و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هیچکات تێگەیشتنێکی ئەرێنیان لەیەکتر نەبووە.

بەر لە شۆڕشی ئیسلامی و لە سەردەمی پەهلەوی دووەم (محەمەد ڕەزاشای پەهلەوی) ئەم دوو وڵاتە لەژێرکاریگەری گوتاری زاڵ بەسەر جەنگی سارد و دۆخی دوو جەمسەری بە تایبەتی بۆ ڕێگریکردن لە نفوز و دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤییەت لەناوچەکەدا بە ناچاری هاوکاری یەکتریان دەکرد.

ئەم دوو وڵاتە بەهۆی ترس لە بەهێزبوونی ڕکابەری ناوچەیی خۆیان کە عێراق بوو لەژێر ئاڵای سیاسەتی دوو ستوونی نیکسۆن و کیسنجەر، تا ڕادەیەک پێکەوە بوون، کە شۆڕشی ئیسلامی لە

ئێران ڕوویدا سیاسەتی دوو ستوونی کارایی خۆی لەدەستدا.

سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لەئێران نەک تەنها درێژەی بە ململانێیە جوگرافیای سیاسی نێوان دوو وڵاتەکە دا، بەڵکوو بە زیندووبوونەوەی شیعەکان لەناوچەکە بووە هۆی زیاتربوونی هۆکاری ئایدیۆلۆژی لە ململانێی نێوان هەردوو وڵاتەکە. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی، ئەمریکا وەک یەکێک لە هاوپەیمانانی تایبەت یەکێک لەناوچەکانی ژێر نفوزی خۆی لەدەستدا. لەمڕۆوە سعودیە وەک جێگرەوەی جدی بۆ ئێران لەناوچەکە خۆی نیشاندا. لەدوای ئەمە سعودیە وردە وردە بوو بە یەکێک لە هاوپەیمانە ستراتیژییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا. ئەم پەیوەستبوون و هەماهەنگییە لەگەڵ ئەمریکا لەکاتێکدا بوو کە پەیوەندی نێوان ئێران و ئەمریکا لەدوای شۆڕشی ئیسلامی بەرەو خراپی ڕۆیشتبوو.

بە واتایەکی دیکە ئامادەبوون و نفوزی یەکێک لەوڵاتانی ناتەبا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران لەناو خاکی سعودیە، بووە هۆی ئەوەی کە ڕوانین و بەها هاوبەشەکانی نێوان ئێران و سعودیە لەیەک هەڵبوەشێتەوە و دیواری بێ متمانەیی لەنێوان هەردوو وڵات ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرزتر بێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە بەسەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسلامی ئایدیۆلۆژی شیعەی شۆڕشگێڕی وەک ڕکابەرێکی بەهێز لە بەرامبەر شوناسی عەرەبی وەهابی موحافزەکار قوت بۆوە. لەڕاستیدا سعودیای پاشایەتی بە پشتبەستن بە ئایدیۆلۆژی وەهابی لەبەرامبەر کۆماری ئیسلامی ئێران بەئایدیۆلۆژی شیعە لەسەر هێڵی( ولایت فقیه ) ڕاوەستا، کە هەرکام لەم دوو وڵاتە بانگەشەی ئەوە دەکرد کە ئەوان ڕابەرایەتی جیهانی ئیسلام دەکەن.

## دارمانی تاڵیبان و سەدام،
## بە قازانجی ئێران و بە زیانی سعودیە

هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان و عیراق لەدوای ڕووداوەکانی 11ی سەپتەمبەر و ڕووخانی حکومەتی تاڵیبان و لابردنی سەدام حوسێن کە لە نەیارانی سەرەی ئێران لە قەڵەمدەدران، زەمینەیەکی قوڵی بۆ نفوز و دەستڕۆیشتوویی ئێران لە ئاسیای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست فەراهەم کرد.

حکومەتی تاڵیبان کە پێشتر کە لایەن سعودییەوە پشتیوانی دارایی و سیاسی و مەعنەوی دەکرا لەناوچوو و ئەمەش لە قازانجی بەرژەوەندییەکانی ئێران بوو. مەبەستی سعودیە لەپشتیوانیکردنی تاڵیبان لەڕاستیدا ململانێی بوو لەگەڵ سیاسەتی دەستڕۆیشتوویی و نفوزی ئێران لە ئەفغانستان و پەراوێزخستنی ئێران بوو لە ئەفغانستان و ئاسیای ناوەڕاست.

گۆڕینی ڕژێم لەعێراق و بەدەسەڵات گەیشتنی شیعە و کوردەکان لە چوارچێوەی ڕەوتی دیموکراسی و کەمبوونەوەی دەسەڵاتی عەرەبی سوننە لە عیراق، بووە هۆی ئەوەی کە سیستمێکی سیاسی نوێ لە عیراق دروست ببێت و کە بە لەبەرچاوگرتنی سیاسیەتی دەرەوە جیاواز

لەگەڵ سیاسەتی سەردەمی بەعس، هاوکێشەی ستراتیژی و هاوسەنگی هێز لەناوچەکە بچێتە قۆناغێکی نوێیەوە. سیستمی نوێی سیاسی عیراق بە پێچەوانەی ڕژێمی بەعس کە مەیل و ڕوانینێکی دژە ئێرانی هەبوو، بەگشتی وەک ئەکتەرێکی هاوسەنگ لەبەرامبەر ئێران هەژمار دەکرا، لەئێستادا ڕابەرانی سیاسی عێراق هۆگری پەرەپێدانی پەیوەندییە سیاسییەکانن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران. هەلومەرجە نوێیەکان ئومێد و زەمینەگەلێکی بۆ پێکهێنانی پەیوەندییەکی ستراتیژی لەنێوان هەردوو وڵات فەراهەم کردووە و ئەم بابەتە بە واتای گۆڕینی هاوسەنگی ستراتیژی نەریتیە و بۆتە هۆی نیگەرانی سعودیە.

ڕووخانی سەدام لەلایەک، عێراق لە سێکوچکەی ململانێیەکان لە کەنداوی فارس دەرکرد و لەلایەکی ترەوە عێراقی کردۆتەوە گۆڕەپانێکی نوێ بۆ ململانێیەکان لەنێوان ئێران و ئەمریکا و سعودیە. بەدەسەڵات گەیشتنی شیعەکان لە عێراق بووە هۆی بەرجەستەبوونی هاوسەنگی ئەمنی لە کەنداو بە تایبەتی کە سعودییەکان پێیانوایە کە ئێران قازانجی سەرەکی کردووە لە نەمانی سەدام.

لەسەر بنەمای ڕوانگەی شرۆڤەکاران، ئێران و سعودیە بەدوای بەرزکردنەوەی ڕەوتەکانی لایەنگری خۆیان و سنووردارکردنی نفوزی رکابەری خۆیان لە عێراقن. سەرچاوەی گەڵاڵەبوونی هیلالی شیعە لە لایەن سعودیە و ئوردن، زیادبوونی نفوزی ئێرانە لەعێراق. ئەوان بە ڕەخنەگرتن لە پێشهاتەکانی عێراق و ڕۆڵی ئێران، نیگەرانی خۆیان لەبارەی پەرەسەندنی هیلالێکی پڕ نفوزی شیعە لەلایەن حزبوڵڵا لە لوبنان هەتا سووریا لەژێر دەسەڵاتی عەلەوییەکان لە ئێران و عێراق دەربڕیوە.

سعودیە هەمیشە خۆی وەک هێزێکی هەژموونی لەناوچەکە دەزانێت و بەردەوام ڕابەرایەتی لەلایەن ئێرانەوە دەخاتە ژێر پرسیارەوە. هەربۆیە لەسەر بنەمای لۆژیکی نیۆرئالیزمی هێرشبەران، وەها ئەکتەرانێک سەرکەوتن بەسەر ئەوانی دیکە بۆیان دەبێتە هاندان. بەو واتەیە کە ئەم وڵاتە هەمیشە خۆی لەناو دۆخێکی ململانێی ناوچەیی لەگەڵ ئێران دەبینێت کە پەیوەندی نێوان ئەم دوو وڵاتە هیچ جۆرە فەزایەکی متمانەپێکراوی نییە.

**قەیر انی سوریا:**

شەڕی ناوخۆی سوریاش بۆتە یەکێک لەو هۆکارانەی کە ئاڵۆزی لە پەیوەندییەکانی نێوان ڕیاز و تارانی پتر لە جاران زیاتر کردووە. پشتیوانی ئاشکرای سعودیە لە نەیارانی حکومەتەکەی بەشار ئەسەد، ئەم وڵاتەی لەبەرامبەر ئێران کەهاوپەیمان و بەرگریکاری ئەسەدە بەرامبەر یەکتر ڕاگرتووە. حکومەتەکەی بەشار ئەسەد بەهۆی دژایەتی کردنی لەگەڵ ئیسرائیل و پێکهێنانی بەرەی بەرگری لەگەڵ لوبنان، یەکێکە لە بنکە ستراتیژییەکانی ئێران. هەر لەبەر ئەم و بەهۆی پێشینەی پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ حکومەتەکەی حافز ئەسەد بۆتە هۆی ئەوەی کە ئێران بە پێچەوانەی سعودیە، پشتیوانی لە حکومەتەکەی بەشار ئەسەد بکات. لە قەیرانی

سوریەدا ئەکتەر ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان هەرکامیان بە دوای بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیانن لە ڕووداوەکانی سوریادا. سعودیە وەک یەکێک لە گرنگترین ئەکتەرەکانی کاریگەر لە قەیرانی سوریا لەم یارییە بەدەر نییە و پێدەچێت ئەو وڵاتە بە لەبەرچاوگرتنی ململانێی بەرفراوانی ناوچەیی کە لەگەڵ ئێران هەیەتی پیتر لە هەر هۆکارێکی دیکە بەدوای ڕووخانی حکومەتی بەشار ئەسەد بێت تا بتوانێت لەو ڕێگایەوە هێزی ناوچەیی ئێران کەم بکاتەوە.

بەمەبەستی تێگەیشتنی باشتر لە ڕۆڵی سوریا لەم ناوچەیەدا دەبێت تەرکیز بخەینە سەر یەکگرتوویی ستراتیژی سوریا و ڕۆڵی جێگرەوەی ئەو لەناوچەکە.

سوریا وەک پێکهێنەری پەیوەندی لەگەڵ حزبوڵلا و وەک کەناڵی سەرەکی بۆ بەهێزبوونی بەرەی بەرگری( جبهه مقاومت) دێتە ئەژمار. هەر بۆیە سعودیە بۆ لاوازکردنی یەکێک لە هاوپەیمانە سەرەکییەکانی ئێران لەناوچەکە بەشێوەی کرداری هاتۆتە ناو جەنگێکی تەواو لەناو خاکی سوریادا. بەشێوەیەک کە بە پشتیوانییەکانی ئەو وڵاتە و هەندێک لە وڵاتانی ناوچەکە و هەروەها هاتنەناوەی هێزە توندڕەوەکانی ئەلقاعیدە و چەکدارکردنی هێزە توندڕەوەکانی ناوخۆی سوریا، بە تەواوەتی لەبەهاری ساڵی 2012 شاهیدی جەنگێکی فیرقەیین لەسوریا لەنێوان نەیارانی ناوخۆیی و دەرەکی لە گەڵ حکومەتەکەی بەشار ئەسەد. سعودیە بە دیاریکراوی سوریا لەناو چوارچێوەی ململانێیە ناوچەکەییە لەگەڵ ئێران(پێشگرتن بە نموونەی نفوزی مەعنەوی ئێران) سەیر دەکات. لەڕاستیدا لە بەرامبەر سیستمی ئەسەد و لەبەرگری لە شۆڕش لەدژی ئەو سیستمە هەنگاو دەنێت.

لەڕاستیدا کەمکردنەوەی ئاستی دەسترۆیشتووی ئێران لەناوچەکە بە کۆنترۆڵکردنی نموونەی نفوزی شۆڕشی ئیسلامی لەناوی عەرەبدا کە کاتی خۆی لە چوارچێوەی هیلالی شیعە لەئارادا بوو ئامانجی سەرەکییە. هەربۆیە سعودیە بە هەماهەنگی لەگەڵ کرداری ڕۆژئاوایی - عەرەبی هەوڵدەدات کە پێگەی ئێران لە سوریا دابەزێنێت. هەر لەوبارەوە و وەها هەلومەرجێکدا سعودیە بۆ سنووردارکردنی هێزی ئێران لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پشتیوانی لە گروپە نەیارەکانی حکومەتی ئەسەد دەکات.

خاڵێک کە سیاسەتداڕێژەرانی سعودیە لەسیاسەتی ناوچەیی خۆیان لەبەرچاوی دەگرن گۆڕانکاری و پێشهاتە گشتییەکانی وەک بەدەسەڵاتگەیشتنی شیعەکانە لە عێراق کە لەڕوانگەی بەرژەوەندی و ئامانجە ناوچەییەکان بۆ سعودییەکان گرنگێکی زۆری هەیە.

ئەم وەرچەرخانانە بۆتە گۆڕانکاری لە ژینگەی ناوچەیی کە ئاراستەی تێکدانی هاوسەنگی هێزی ناوچەیی بە زیانی سعودیە و بە قازانجی ئێران لێکدانەوەی بۆ دەکرێت.

سعودیە بە پشتیوانیکردن لە ئۆپۆزسیۆنی سووری و گێڕانی ڕۆڵی چالاک لە کۆنترۆڵ و ئاڕاستەکردنی قەیرانەکانی سوریا هەوڵدەدات

پێگەی خۆی لەو وڵاتە بەرز بکاتەوە و بە دەستێوەردان و دەستێخستن لە ناو دانیشتوانی سوننە بە تایبەتی سەلەفییەکان یارمەتییان دەدات بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سوریا بگرنە دەست. بەڵام ئێمە شاهیدی ئەوە بووین بە لەبەرچاوگرتنی ئێران لە دانوستانەکانی ئاشتی لە سوریا و هەروەها هاتنەناوەی ڕووسیا بۆ ناو جەنگی ناوخۆیی سوریا بە ئاشکرا بینیمان کە پێگەی ئێران بەهێز و بە زیانی سعودیە شکایەوە. کەوابوو سەرەڕای پشتیوانییەکانی سعودیە لەنەیارانی ئەسەد و هەوڵدان بۆ لەسەرکارلابردنی ئەسەد لەحکومەت، پشتیوانی ئێران لە ئەسەد لەئێستادا وای کردووە ئەو بابەتە سەرنە گرێت.

**یەمەن:**

هەرەسهێنانی سیاسەتەکانی سعودیە لە یەمەن و عێراق و نفوز و دەستڕۆیشتوویی ئێران، ئەم وڵاتەی لەبەرامبەر شەڕوپێکدادانەکانی ناوخۆی یەمەن سەرەڕای پشتیوانە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی خۆی، ناچارکرد ڕاستەوخۆ دەست بۆ هێرشی سەربازی ببات. هاتنەناوەوە ڕاستەوخۆ و هێرشی سەربازی وەک پەرچەکردارێک بۆ نائارامییەکانی یەمەن لە پێناوی هەوڵدان بۆ گۆڕینی هاوسەنگی ناوچەیی لەلایەن سعودیە بۆ بەرەنگاربوونە لەگەڵ بەهێزبوونی ئێران لەناوچەکە هەڵسەنگاندنی و لێکدانەوەی بۆ دەکرێت. لەکاتێکدا ڕێکار و ستراتیژی ئێران چارەسەکردنی کێشەکانە بە هاوکاری وڵاتانی ناوچەکە بە بێ ئامادەبوونی ئەو وڵاتانەی کە لەدەرەوەی ناوچەکەدان.

لەم چوارچێوەدا هۆکاری هەنگاوەکانی سعودیە لە یەمەن کاتێک باش لێی تێدەگەین کە ببینین کە نەک تەنها سیاسەتەکانی سعودیە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئێران لە عێراق و سوریا هەرەسی هێناوە، بەڵکوو ئێران پێناوەتە سنووری نفوزی سعودیە لە یەمەن. لەگەڵ ئەوەشدا نەک تەنها سعودیە و هاوپەیمانەکانی تا ئێستا بە گرنگترین ئامانجەکانی خۆیان نەگەیشتوون، بەڵکوو مەترسی گەلێک هەن لەوانە نائارامی لە مەرزی باشووری سعودیە و هێرشی مووشەکی قەبیلەکانی یەمەن بۆ سەر دامودەزگا نەوتییەکان و سەرهەڵدانی پشێویی و نائەمنی لە ناوچە نەوتییەکان و دانیشتوانی شیعە لە پارێزگای ڕۆژهەڵاتی سعودیە. ئەمە لەکاتێکدا کە نیوەی سوپای سعودیە بەرەگەز یەمەنین. دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێک بەسەر هێرشە ئاسمانییەکانی سعودیە بۆ سەر یەمەن تا ئێستا سعودیە نەیتوانیوە بە تەواوەتی حوسییەکان شکست بدات و ئەمەش نیشانەی شکستی سعودیە لەناو گۆڕەپانی شەڕی ناوخۆی یەمەندا.

**ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێران ووڵاتانی ڕۆژئاوا ایی**

سعودیە لە ڕیزی ئەو ئەکتەرانەیە کە لەدوخی دوای ڕێککەوتنی ئەتۆمی ڕازی نییە. تێڕوانین و ئایندەی دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە نابێت. ئەم ناڕازییە تا ڕادەیەکە کە هەندێ لە شرۆڤەکاران باسیان لە دەستی شاراوەی سعودیە و ڕۆڵی نەرێنی ئەو وڵاتەیان لە ڕێککەوتننامەی جنێڤ کردووە. ئەم ڕوانینە بەو

هۆکارەیە کە سعودیە یاری سیاسی نێوان خۆی لەگەڵ ئێران بە یاری براوە- دۆڕان پێناسە دەکات.

یاری براو- دۆڕان بەو مانایەیە کە سعودیە، ئێران وەک ڕەکابەری خۆی لە ناوچەکە دەبینێت و بەهێزبوون و زۆربوونی ڕۆڵی ئێران لە پێشهات و گۆڕانکارییە ناوچەییەکان وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆی لەقەڵەم دەدات.

قوڵبوونەوەی کێشەکانی نێوان ئێران و ڕۆژئاواییەکان لەسەر چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران و پەرەسەندنی سزاکان لەوانە لەبواری نەوت، بووە هۆی ئەوەی سعودییە و عەرەبەکان سوود وەربگرن لە هەلومەرجی پێشهاتوو بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بە تایبەتی لەبەرامبەردا ئێراندا. لە نموونەکانی ئەو بابەتە دەتوانین ئاماژە بکەین بە هاوڕێیەتی دیپلۆماسی ڕۆژئاواییەکان لەگەڵ عەرەبەکان بە دژی ئێران لە بڕیارنامەی ئەنجومەنی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی زمینەی پڕوپاگەندەی تیرۆری باڵوێزی سعودیە، یان هاوڕێیەتی عەرەبەکان و سعودیە لەگەڵ ڕۆژئاواییەکان لەبارەی جێبەجێکردنی سزاکان لەدژی ئێران، لەوانەیە بەڵێنی پڕکردنەوەی بۆشایی نەوتی ئێران لە بازاڕەکان بۆ بەرەوپێشبردنی سزای نەوتی ئێران.

لەئێستادا بە کۆتایهاتنی سزاکان لەدژی ئێران و گەیشتن بە ڕێککەوتننامە، نیگەرانییەکانی سعودیە سەبارەت بە بەهێزبوون و متمانەی ئێران لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی زیاتر بووە. لەڕاستیدا ڕێککەوتنی ئەتۆمی گرێ کێشەکانی نێوان ئێران و سعودیە خۆش کردووە و سعودیە ئەو ڕێککەوتن بە بادانەوەی ئەمریکا بۆ لای ئێران لە قەڵەم دەدات و ئەم بادانەوەیە نەک تەنها پێگەی ئێران بەڵکوو پێگەی شیعەش لەناوچەکەدا بەهێز دەکات. لەئێستادا هەر دوو لایەنی ئەم ئاڵۆزییە سەرقاڵی یارییەکن بە بەرهەمی کۆی سفر. ڕکابەرەکانی ئێران لەناوچەکەدا لەمە ترسیان لێنیشتووە کە ئێران و ئەمریکا ڕێککەوتوون لەوەی کە ئەمریکا چاو لە پەرەسەندنی ڕۆڵ و نفوزی ئێران لەناو ژمارەیەک لە وڵاتانی عەرەبی بپۆشێ و لەبەرامبەردا ئیمتیازات لە بابەتی ئەتۆمی وەربگرێت. قۆناغەکانی کۆتایی دانوستانە ئەتۆمییەکان هاوکاتە لەگەڵ زۆربوونی هەوڵەکانی ئێران بۆ بەرفراوانبوون و پەرەپێدانی دەسەڵاتی خۆی لەناو وڵاتانی دراوسێ.

ئێران و هێزەکانی سەربە ئێران لە ئێستادا توخمێکی سیاسی و سەربازی بەرجەستەن لە چەند وڵاتێکی عەرەبی. بە زۆربوونی شەڕوپێکدادانەکانی ئەمدوایانەی یەمەن، تاران پێگەی ستراتیژی خۆی لە ڕێگا ئاوییەکانی گشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەستدەهێنێت و سعودیە گەمارۆ دەدات، سعودییە یەکێکە لە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا.

**ئەنجام ...**

ئێران و سعودیە بەلەبەرچاوگرتنی لێهاتوویی و تایبەتمەندییەکانی خۆیان وەک دوو وڵاتی گرنگ و دیاریکەر لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەنداوی فارس ئەژمار دەکرێن کە بە هۆکارگەلی جیاواز بوونەتە هۆی ئەوەی کە ئاڵۆزی لە

پەیوەندییەکانی نێوان دوو وڵات بەردەوام و درێژە بکێشێت. ئەم دوو وڵاتە لە دەیەی 1950 بەملاوە یەکتر وەک ڕەکابەر سەیر دەکەن. ململانێی ئێران و سعودیە زەمینەیەکی بەرفراوانی لەخۆ گرتووە، ململانێ لە کەنداوی فارس، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەناو جیهانی ئیسلامدا و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. ئەم دوو وڵاتە خۆیان بە ڕکابەرێکی جدی دەبینن بۆ نفوز لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی لە کەنداوی فارس لەدوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لەساڵی 1979 و شەڕی ئێران و عیراق لە ساڵانی 1980 تا 1988.

سعودیە لە شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق پشتیوانی دیپلۆماسی و ئابوورییەکی بەرفراوانی لە عێراق کرد. شوناسی ئەم ململانێیانە بەشێوەیەکی بەرچاو لە دەیەکانی ڕابردوو پاش شۆڕشی ئێران هەڵکشان و داکشانی بەخۆیەوە بینیوە و ئەم ململانێیانە لەساڵەکانی دوای ڕۆخانی شای ئێران بەدەستی شۆڕشگێڕان بە ئاستی شەڕی سارد گەیشتبوو.

لەم ساڵانەی دواییدا هاوکارییەکی سنووردار لەنێوان دوو وڵات لەچوارچێوەیەکی گشتی بەدگومانی و ململانێ بووە. لەگەڵ ئەوەشدا لە باشترین دۆخدا هاوکاری نێوان دوو وڵات هەمیشە لەسەر بنەمای بەدگومانی و دڕدۆنگی بووە. سەرەڕای ئەمەش لە ساڵی 2011 پەیوەندی سعودیە و ئێران بەهۆی ئاڵۆزییە قوڵەکان سەبارەت بە شەپۆلی نائارامییەکان کە بە بەهاری عەرەبی ناسرا و دەستێوەردانی سەربازی بە سەرۆکایەتی سعودیە لە بەحرین بەمەبەستی بەرگریکردن لە شای ئەو وڵاتە ئاڕاستەیەکی سەرسوڕهێنەری لەخۆ گرتووە.

ململانێ و ناتەبایی لەنێوان دوو وڵات زۆرجار لەژێر کاریگەری کێشە ئایدیۆلۆژیک و جوگرافیای سیاسی زۆر تەشەنە دەکات کە لەکاتی ئاژاوە و ئاڵۆزییەکانی ناوچەییدا دوژمنایەتییەکەی ئەوان زیاتر دەبێت.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە ململانێیە ئایدیۆلۆژیکی وجوگرافیای سیاسی ئێران و سعودیە لە عێراق، لوبنان، ناوچەی کەنداوی فارس و لەبەرامبەر ڕووداوەکانی ئەمدوایانەی بەحرین و یەمەن و ڕووبەڕووبوونەوەی ناڕاستەوخۆ ئەوان لە سوریا ئاشکرابوون و دەرکەوتنی زاڵبونی مۆدیلی دەستدرێژی و ناتەباییە. لەلایەکی دیکەوە لە ئاستی پێکهاتەی سیستمی نێودەوڵەتی، ڕەتکردنەوەی ڕۆڵی سەقامبەخشی ئێران لە نەزم و دیسیپلینی ناوچەکە و قوڵبوونەوەی پرۆژەی ترس لە ئێران بەتایبەتی سەبارەت بە بابەتی پرۆگرامە ئاشتیخوازییەکەی ئێران و لەئاستی ناوچەکەشدا تۆخبوونەوەی توخمی شیعی لە سیاسەتەکانی ناوچەییدا لەژێر تیشکی گۆڕانکارییەکان عێراق و دواتر لوبنان هەستیاری و حەساسییەتی سعودیە و عەرەبەکانی سەبارەت بە ئێران لێکەوتەوە.

گوشاری سعودیە و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر حکومەتی شیعە لە عێراق، هەوڵدان بۆ لاوازکردنی ڕەوتە شیعەکان و حزبوڵڵای لوبنان، پشتیوانی لە دەسەڵاتداری سوننە لە بەحرین و ڕێگری

لە سەقامگیربوونی دیموکراسی و بەدەسەڵات گەیشتنی شیعەکان لە بەحرین و دەرکردنی سووریا لە ڕیزی هاوپەیمانی ئێران لەڕێی گۆڕینی حکومەتی سوریا بە پشتیوانی گروپە توندڕەوە و جیهادییەکانی سوننە و سەلەفی، دەرکەوتنی ناتەبایی و ناکۆکی ئێران لەبەرامبەر سعودیە و ڕۆژئاواییەکان لەژێرکاریگەری سێ هۆکاری شوناسی، جوگرافیای سیاسی و پێکهاتەیی بووە.

لەلایەکی دیکەوە ڕۆڵی سەربازی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی ئێران لە عێراق لە دوای ساڵی 2003 وە و لەسوریا لە دوای ساڵی 2011 وە تا ئێستا بۆتە هۆی ئەوەی کە وڵاتانی عەرەبی کەنداوی فارس لە ئامانجەکانی هەژموونی ئێران بترسن، ئەمە لە کاتێکدایە کە وڵاتانی عەرەبی کەنداوی فارس پشتگیری لە گروپەکانی ئۆپۆزسیۆن لە سوریا و لوبنان و تا ڕادەیەک لەئۆپۆزسیۆنی عێراقیش دەکەن. ململانێ لەسەر هێز و دەسەڵات و نفوز لەنێوان ئێران و سعودیە لەناوچەکە، وەک ململانێ لەسەر شوناس بە تایبەتی ڕووبەڕووبوونەوەی شیعە و سوننە، ئێرانی و عەرەبی دەرکەوتووە. نیگەرانی وڵاتانی عەرەبی کەندای فارس لە ئەگەری ئاشتی و سازشی نێوان ئێران و ئەمریکا ڕەنگدانەوە و کاردانەوەیەکە لە هەستی نائەمنی ئەوان سەبارەت بە بەڵێنی درێژخایەنی ئەمریکایە بۆ گرەنتی ئاسایشی ئەوان، گۆڕانکارییەکانی ئەمدوایانەی لە بازاڕەکانی وزەی جیهانی و گۆڕان لە ستراتیژی بەرگری ئەمریکا نیگەرانییەکانی زیاتر کردووە.

بەکورتی پەیوەندی ئێران و سعودیە وەک دوو وڵاتی گرنگی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەنداوی فارس هەمیشە نێوان دوو مۆدێلی پێکەوە ژیان و هێرشکردن و ناتەبایی لەهەڵکشان و داکشاندا بووە.

دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران مۆدێلی ناکۆکی بەسەر پەیوەندی نێوان دوو وڵات زاڵ بووە و بە وتەی زۆربەی توێژەران دەتوانین ناونیشانی جەنگی ساردی ناوچەیی لێ بنێین. هۆکاری سەرەکی ئەم بابەتە ململانێی ناوچەیی، ئایدیۆلۆژیکی و جوگرافیای سیاسی نێوان ئەو دوو وڵاتەیە. لەڕاستیدا بە زاڵبوونی یاری بە کۆی سفر زۆری هێزی هەریەک لەم دوو ئەکتەرەی ناوچەیی وەک هەڕەشەیەک لەدژی ئەوی تر لەقەڵەم دەدرێت. لەئێستادا بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییە ناوچەییەکانی وەک قەیرانی سوریا، عێراق و یەمەن و ڕێککەوتنی ئەتۆمی نێوان ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوایی، دەسەڵات و نفوزی ناوچەیی ئێران بەرز بۆتەوە و ئەم بابەتەش لەڕوانگەی سعودییەوە وەک هەڕەشەیەکە بۆ سەر سعودیە. هەر ئەم شتە بۆتە هۆی زیادبوونی ئاڵۆزی و کێشەکان لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات کە بە لەبەرچاوگرتنی تێگەیشتنی هەردوو وڵات لە یەکتر دەتوانێت زیاتر بێت و درێژە بخایەنێت.

سەرچاوە/ فصلنامه سیاست شماره 9 بهار 1395

* خوێندکاری دکتۆرا لەبواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەزانکۆی زانست و لێکۆڵینەوەکانی تاران

لینکی بابەت: ایران و عربستان، رقابت بر سر نفوذ در خاورمیانه (ensani.ir)

وەرزنامەی

ئێرانناسی

# ناساندنی کتێب

خوێندنەوە بۆ کتێب

# قیبلەی عالەم یا جیۆپۆلەتیکی ئێران

بارام مەجیدخان



قیبلەی عالەم یا جیۆپۆلەتیکی ئێران، ناونیشانی کتێبێکی توێژەر و زانای ئەمەریکی گراهام فولەرە. فولەر کارمەندی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەرپرسێکی پلە باڵای دەزگای هەواڵگری "CIA"ە کە ماوەی بیست و حەوت ساڵ وەک کارمەندی ئەو دوو دەزگایە کاری کردووە. تا لە ساڵی ١٩٨٨ دەستبەرداری کاری سیاسی و ئەمنی دەبێت و لە ناوەندی "راند" درێژە بە لێکۆڵینەوەکانی لەسەر ئیسلامی سیاسی و داهاتووی ئیسلام دەدات. فولەر زیاتر لە بیست ساڵ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ژیاوە و لە وڵاتانی وەک ئەڵمانیا و تورکیا و ئەفغانستان و سعودیە و یەمەنی باکوور و هۆنگ کۆنگ کاری کردووە. لە زانکۆی هارڤارد بەکالۆریۆسی خوێندووە و پاشان ماستەری لە بواری ڕووسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەست هێناوە. ناوێکی دیاری بواری ڕۆژهەڵاتناسییە و نووسراوەکانی جێگای سەرنج و قووڵبوونەوەن.

کتێبی قیبلەی عالەم یا جیۆپۆلەتیکی ئێران، بە سەرچاوەیەکی گرنگی ئێرانناسی هەژمار دەکرێت. ناوەرۆکی کتێبەکە بریتییە لە ١٦ چاپتەری ورد و پڕ زانیاریی قووڵ، کە بە شێوەیەکی گشتی باس لە قووڵاییە ستراتیژیجییەکانی ئێران دەکات. فولەر لەم کتێبەدا جیاواز لە دیراسەکردنی چەمکی

**ئەم کتێبە هەروەک لە پێشەکیی چاپی کتێبەکە ئاماژەی پێ داوە، بەئامانجی دارشتنی سیاسەتی ئەمەریکا لە ناوچەکە نووسراوە و لایەنگریی پێوە دیارە**

جیۆپۆلەتیکی کۆن کە بە تەکنیکێکی قەدیمی ناوی دەبات، بابەتی مێژوویی و کولتووری لە ڕەهەندەکانی نووسینی خۆیدا پەرە پێ دەدات و دەیکاتە بنەمایەکی بەهێز بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێران بەتایبەتی. فولەر پێی وایە کە هۆکاری ئەو تەنگەشانەی کە لەنێوان ئێران و ئەمەریکادا بوونیان هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ تێنەگەیشتنی مێژوو و کولتووری ئێران لەلایەن ئەمەریکاوە.

ئەم کتێبە هەروەک لە پێشەکیی چاپی کتێبەکە ئاماژەی پێ داوە، بەئامانجی دارشتنی سیاسەتی ئەمەریکا لە ناوچەکە نووسراوە و لایەنگریی پێوە دیارە، بەڵام نایشارێتەوە کە لێوانلێوە لە زانیاریی ورد و بەسوود لەسەر ئێران.

دارشتنی کتێبەکە لە ١٦ چاپتەر، گرنگیی ئەو بابەتانەی کە جێگای سەرنجی فولەرە؛ نیشان دەدات، بەتایبەت لە بابەتی قووڵایی ستراتیژی و جیۆپۆلەتیکیی ئێران لە باکوور (ڕووسیا) و لە باشوور (خەلیجی فارسی) بەوردی دیراسە دەکات و ڕۆڵی تورکیا لە ڕێبەرایەتیکردنی ئاسیای ناوەڕاست و داهاتووی سیاسیی عێراق. فولەر باسی کێشەی کورد لەنێوان سیاسەتی تورکیا و ئێران و عێراق دەکات، تیشک دەخاتە سەر هەڵسوکەوتی بانێک و دوو هەوای ئەم وڵاتانە سەبارەت بە کورد. کورد لە مەلەفی ئێران و عێراق و تورکیا و کاریگەرییان بەسەر پەیوەندییەکانی ئەم وڵاتانە و کێبڕکێی سیاسی و جوگرافی لە ناوچەکە لێکدانەوەی قووڵی بۆ دەکات، بۆ یەکەم جار لە سەردەمی حکومەتی سەددام حسێن باس لە سێ پێکهاتەی کورد و شیعە و سوننە دەکات، خۆی گوتەنی ئەم کتێبە بۆ سیاسەتمەداران نووسراوە و پێشبێنیی بۆ دە ساڵی داهاتووی سیاسەت لەخۆ گرتووە کە زۆربەی پێشبینییەکانیشی هاتوونەتە دی. وەک بەهێزبوونی ئێران لە ناوچەکە لەپاش داگیرکردنی کوێت، فولەر لە چەندین کتێبی تردا وەک پسپۆڕی بواری ئیسلامناسی دەردەکەوێت، بەتایبەت کتێبەکانی بە ناوی: "ئیسلامی سیاسی" و "جیهان بەبێ ئیسلام" و "شیعە، کەمینەیەکی فەرامۆشکراوی دنیای ئیسلام".

ئەم کتێبە وەک فولەر خۆی بەڕاشکاوی دەڵێت "بۆ ئایندە نووسراوە"، بەڵام خوازیارە کاریگەریی ڕابردوو بەسەر ئایندەوە ببینێت، بەتایبەت لە هەلومەرجی سیاسی و تایبەتدا، پەیوەندییەکانی ئێران و دراوسێکانی و هەڵدانەوەی ئەو بابەتە جێگیر و جیۆپۆلەتیکی و کولتووری و مێژوویانەی کە دەبێت وەک فاکت بناسرێن. هەر سەرکردە و ڕابەر و دەوڵەتمەدارێکی ئێران لە ڕابردوو و ئایندە و داهاتووشدا، بە ئەگەری زۆرەوە ڕابەرایەتیی ئەو کەیسانە دەکات.

فولەر زۆر سەرنجی لەسەر بنەما

**ڕۆڵی ڕاستەقینەی ئێران و هەژموونی بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٠ و پاش داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە**

کولتووری و سایکۆلۆجییەکانی گەلانی ناوچەکەیە، هەموو ئەو لێکچوون و جیاوازییە کولتوورییانەی نێوان ئەمەریکا و گەلانی ناوچەکە بەوردی دەناسێت. ئێرانی مێژووی چییە؟ و کولتووری ئێرانی و خەسڵەتەکانی کامانەن؟ ئەمەشی بۆ پاڵپشتیی تێڕوانینە تایبەت و دەگمەنەکانی خۆی و توێژینەوەی ئێران و داهاتووی، بە شێوەیەکی زیرەکانە بەکار دەهێنێت. وەک خۆی ئاماژە دەدات، ئەم کتێبە بۆ ئەو کەسانە نووسراوە کە چارەیان نییە جگە لەوەی بە شێوازێکی کرداری خوازیارن لە سیاسەتی ئێران لە ناوچەکە بەتایبەت وڵاتانی باشووری ئێران تێبگەن.

فولەر یەکەم دەرکەوتنی ئێران لە جیهان و کاریگەریی بەسەر وڵاتانی کەنداو دەگێڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٠ کە بۆ یەکەم جار و دوای شۆڕشی ئێران کەوتە بەر فۆکۆسی وڵاتانی جیهان. بەڵام ڕۆڵی ڕاستەقینەی ئێران و هەژموونی بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٠ و پاش داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە. لەگەڵ ئەوەی کە ڕژێمی سەددام حسێن وەک هەڕەشە بۆ سەر ناوچەکە هەژمار دەکرا، بەڵام فولەر لەناو دڵی ئەو گۆڕانکارییانەدا لە مەودای دوور و نزیک هەست بە مەترسیی ئێران دەکات و وەک زلهێزێکی ناوچەکە دەتوانێت ڕۆڵ و کاریگەریی قووڵ بە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بەجێ بهێڵێت.

فولەر ناوبەناویش خۆی دەخاتە دۆخی شارەزایەکی کولتووری و ئایینیی قووڵ و ڕەخنەی جددی لە پەیوەندیی نێوان شیعە و ڕۆحی نەتــەوەپەرستیی ئێران دەگرێت و بە کۆدژ پێناسەیان دەکات، پێی وایە تێڕوانینی ئێران بۆ جیۆپۆلەتیکی جیهان بەتوندی لەژێر کاریگەریی ڕۆحی "ئێران سەنتەری"ی مێژوویدایە. ناوبراو لە دێڕی یەکەمی کتێبەکەیدا کە ناوزەدی قیبلەی عالەم دەکات، ویســتی گێڕانەوەی حیکایەتی مێژوویی هەیە کە قیبلەی عالەم نازناوی پاشاکانی ئێران بووە، کە دونیابینیی ئێران بۆ جیهان دەخاتە ڕوو کە بەتوندی ئێران میحوەرە. ئەم کتێبە لە دووتوێی ٣٢٨ لاپەڕە و لەلایەن وەرگێڕی ناوداری ئێران "عەباس موخبر" وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی. ئەم کتێبە وەک سەرچاوەیەکی پڕبەها پێشنیار دەکەین بۆ ئەو کەسانەی کە ویستی لێکۆڵینەوەی وردیان لەسەر هەموو قووڵاییە ستراتیژی و جیۆپۆلەتیکییەکانی ئێران هەیە. هەر چەندە کتێبەکە لە ساڵانی ١٩٩٠ بەدواوە کەوتە بەر دیدی خوێنەری ئێرانی، بەڵام تا ئێستاکەش ناوەڕۆک و بابەتەکانی ئەم لێکۆڵینەوە ورد و پڕ بەهایە هەر بەجێگیری ماونەتەوە.

وەرزنامەی
ئێرانناسی

# چەمکناسی

# چەمکناسی: ئێراناسی

## ئامادەکردنی: هەورامان فەریق

یەکێك لە پێناسە باوەکان بۆ چەمکی ئێراناسی -وەك یەکێك لە لقەکانی ڕۆژهەڵاتناسی-، بریتییە لە زانستی ناسینی بارودۆخی ئێران و ئێرانییەکان. ئەم لقە لە ڕۆژهەڵاتناسی، توێژینەوە لەمەڕ بابەتگەلێك بە ناوی مێژوو، شارستانیەت و کولتوری ئێران دەکات. بۆ ئەوەی لە چەمکی ئێراناسی تێبگەین، دەبێت شارەزای گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی و زەمینەی بەرهەمهاتنی ئەم گوتار و جیهانبینییە بین کە ئەورووپییەکان بەرهەمیان هێناوە. ڕۆژهەڵاتناسی وەرگێڕانی ئۆریانتالیزمە کە لە زمانە ئەورووپییەکانەوە وەرگیراوە، بە واتا زمانەوانەییەکەی واتە توێژینەوە و ناسینی هەموو زانستەکان و دابونەریتی ڕۆژهەڵاتییەکان. بە واتایەکی تر: ڕۆژهەڵاتناسی بریتییە لە خوێندنەوەی ڕۆژهەڵات لەلایەن ڕۆژئاواییەکانەوە وەك کۆمەڵەیەك لە کولتوورەکان و شارستانیەتەکان کە نەوەك تەنیا لە ڕووی جوگرافییەوە لە شوێنی دیکەدان، بەڵکوو جیاوازییەکی جەوهەرییان لەتەك ڕۆژئاوادا هەیە. ئەم زاراوەیە لە ساڵی 1779ی زایینیدا لە بەریتانیا و لە ساڵی 1838 لە فەڕەنسادا بەکار هاتووە و بە لەبەرچاوگرتنی سیاسەتی وڵاتان هێدی هێدی فۆرمی جۆراوجۆری بەخۆوە گرت و هەر وڵاتێك گرنگی بە لایەنێکی داوە. بۆ نموونە؛ لە بەریتانیا هێندەی گرنگی بە هونەری ڕۆژهەڵات و ئێراناسی دراوە، هێندە گرنگی بە لایەنی دیکە نەدراوە. ڕۆژهەڵاتناسی هەر لە سەرەتاوە، واتە لە 11ی سێپتەمبەری (1873)ەوە، زنجیرەیەك کۆنگرەی ئەنجام دا. قۆناغی یەکەم لە سەرەتای جەنگی جیهانیی یەکەمەوە بوو کە لە کۆنگرەی پاریس تا کۆنگرەی ئەسینا لەخۆ دەگرێت و گرنگی بە خوێندنەوەی زمان و زمانناسی دەدات. قۆناغی دووەم دەکەوێتە نێوان هەردوو جەنگی جیهانییەوە، واتە کۆنگرەی ئۆکسفۆرد تا برۆکسل و قۆناغی سێیەم کۆتایی جەنگی جیهانی تا کۆنگرەی هەژدە (1948-1970) بوو.

بۆچوونێکی دیکە پێی وایە کە چەمکی ئێراناسی سەرەتا لە زانکۆی لیدنی هۆڵەندا، لە سەدەی حەڤدەدا خرایە ڕوو. ئەوان لە ڕێگەی وەرگێڕانی ئەسفاری پێنجەوانەی عەهدی عەتیقەوە کە بۆ ساڵی 1586 دەگەڕێتەوە، ئاشنای زمانی فارسی بوون. ئەم بەشە کە داهێنانی خودی ئەورووپییەکانە و ئێرانییەکان خۆیان درێژەیان پێ داوە، سەرنج دەخاتە سەر زمانەکان، شوێنەوارناسی، زانست و ئەدەب و مێژوو. توێژینەوە ئێراناسیەکان بۆ دوو گرووپ یان بەش

دابەش دەبن: گرووپی یەکەم ئەو توێژینەوانەن کە بەبێ دیدگا و ڕەخنەی زانستی و زیاتر لەسەر بنەمای تێبینی یان زانیارییەکان دەنووسرێن و پەیوەندییان بە قۆناغی پێش زانستەوە هەیە و بەرهەمی نووسەرانی ڕۆما و یۆنان، مارکۆپۆلۆ، ئولئاری، کلاریخۆ و شاردن...؛ لەخۆ دەگرن. گرووپی دووەم: توێژینەوە، خوێندنەوە، دۆزینەوە و بەرجەستەبوونە جیاوازەکان دەگرێتەوە، بەڵام بە پشتبەستن بە دیدێکی ڕەخنەگرانە بۆ ڕوونکردنەوەی شارستانیەت و کولتووری ئێرانی و ناساندنیان.

خاڵێکی گرنگ لە ئێرانناسیدا ئەوەیە کە وەك ڕۆژهەڵاتناسی بەرهەمی پێویستییەکی سیاسی و ئابوورییە. واتە لە کاتێکدا دەستی پێ کرد کە پێویستیی سیاسی و ئابووریی ئەورووپا، هانی ئەوانی دا کە ببنە خاوەنی کۆمەڵێك خەڵك کە شارەزای زمان و مێژوو و ڕێوڕەسمی پاشاکانی ڕۆژهەڵات بن،

**ئێرانناسی لە کاتی ئێستادا لە زۆر وڵاتی دنیا و لەلایەن گەلێك دامەزراوە و ناوەندی ئەکادیمی و سیاسییەوە گرنگیی پێ دەدرێت**

بەتایبەت پاش جەنگی جیهانی ئەم پێویستییە بە هۆی هزری سەرمایەداری و حکومەتداریی نوێ و پەرەسەندنی ئابوورییەوە زیاتر هەستی پێ کرا.

بەڵام لەسەر ئاستی ناوخۆی ئێران لە ساڵی (1345)ەوە بوو کە کۆنگرەی جیهانیی ئێرانناسان لە تاران ساز کرا، زنجیرەی کۆنگرەکانی ئێرانناسی دەستیان پێ کرد و لە ساڵی 1349 بۆ یەکەم جار بابەت و ئاریشەکانی تایبەت بەو وڵاتە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی خرانە ژێر تاوتوێکردنەوە. دوابەدوای ئەوە، لە ساڵی 1357 چەندین کۆنگرەی ساڵانە لە هەندێك لە شارەکانی ئێران ساز کران. لەدوای شۆڕشیشەوە، یەکەمین کۆنفرانسی نەتەوەیی ئێرانناسی لە ساڵی 1381دا ساز کرا. ئێرانناسی لە کاتی ئێستادا لە زۆر وڵاتی دنیا و لەلایەن گەلێك دامەزراوە و ناوەندی ئەکادیمی و سیاسییەوە گرنگیی پێ دەدرێت. فەڕەنسا، ئەڵمانیا و ڕووسیا لەو جۆرە وڵاتانەن.

بۆ نووسینی ئەم بابەتە، سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

- مروری بر مفهوم شرق‌شناسی و ایران‌شناسی - ایرنا (irna.ir)
- دانشنامه ایران زمین - ایرانشناسي (nlai.ir)
- نگاهی به گفتمان ایران‌شناسی در ایران - فرهنگ امروز (farhangemrooz.com)
- آشوری، داریوش (۲۵۳۵/۱۳۵۷)، «ایران‌شناسی چیست»، در ایران‌شناسی چیست؟... و چند مقالهٔ دیگر به قلم خود او، تهران، آگاه، ص۲۸-۷.

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
















العربية
کوردی
English
دەربارەی ئێمە
توێژەران


Center For Future Studies
ڕاناڵی داهاتووی ژمارە (٣)
ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
شیعە و پێکهێنانەوەی حکومەت، ناناوەندیتی، چارەنوسی دیلەکانی داعش
نیسان ٢٠٢٠
www.centerfs.org


Center For Future Studies
ڕاناڵی داهاتووی ژمارە (٤)
حکومەتی نوێی عێراق و قەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان
لەمپەر و سیناریۆکان
ئایار 2020
www.centerfs.org


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية
ISSN: 2617-0949 (Online) ISSN: 2617-0930 (Print)
DOI: https://doi.org/10.31271/jopss
Issue DOI: 10.31271/020419
دور النخبة السياسية في تأزيم السلم الأهلي في العراق بعد عام ٢٠٠٣ ١١
المقومات الاقتصادية الادارية والسياسية لبناء الدولة: العراق حالة دراسية للمدة (٢٠١٣-٢٠١٧) ٧٧
ڕۆڵی نەوتی کەرکوک لە دابەشکردنەوەی خاکی کوردستان لە مێژووی هاوچەرخدا ١٧٩
205 Actors, Conflict, and Competition in Iraq's Disputed Territories After the Islamic State: The Cases of Northern Diyala and Eastern Salahaddin


Center for Future Studies
قراءات مستقبلية رقم (٥)
مستقبل الحوارات والاتفاقيات
ثلاثية أربيل – بغداد – واشنطون
الفرص و المعوقات
السليمانية
حزيران ٢٠٢٠
www.centerfs.org



THE FUTURE OF
KIRKUK
between
Erbil and Baghdad
2017-2018



ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
نیسان 2020
www.centerfs.org


سەرهەڵدانەوەی
گرووپە تیرۆریستییەکان
لەناوچە جێناکۆکەکان
2019


ئایندەی کەرکوک
لەنێوان هەولێرو بەغدا


ئایندەی عێراق و هەرێم
لە گێژاوی پرسە هەنووکەییەکاندا
www.centerfs.org


The Reemergence of the
Terrorist Groups
in the Disputed Territories
2019


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية


پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازییان
www.centerfs.org


انتعاش الجماعات الارهابية
في المناطق المتنازع عليها
2019


Center for Future Studies
ڕاپۆرت


ئایندەناسی
ناوچەکانی ماددەی ١٤٠
ئایندەناسی
لە قەیرانی داراییەوە بەرەو ئابوورییەکی تۆکمە
ئایندەناسی
پۆست کۆرۆنا
ئایندەناسی
کورد و هاوسێکانی لە سەردەمی بایدندا
ئایندەناسی
پەیوەندییە داراییەکانی هەرێم و بەغدا
ئایندەناسی
لە پۆلەکانەوە تا پشت لاپتۆپەکان
ئایندەناسی
ئایندەناسی
کوردستان لە تەنیشت شۆڕشی پیشەسازیی چوارەمەوە
ئایندەناسی
ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئاستانەی گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکاندا

وەرزنامەی

# ئێرانناسی

CFS

Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (١) تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، ساڵی یەکەم